ئۆشۆ

# عەشق سەمای ژیانە

لەفارسیەوە:

ئومێد محەمەد حسێن

پێداچوونەوەی:

ئەیوب نوری



2018

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

🙌Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF




Scanned by CamScanner

- ناوی کتێب: عەشق سەمای ژیانە
- بابەت: لەوتارو ڕێنماییەکانی "ئۆشۆ"
- وەرگێڕانی لەفارسییەوە: ئومێد محەمەد حسین
- پێداچوونەوەی: ئەیوب نوری
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی چوارچرا
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ساڵی چاپ: ٢٠١٨
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار
- ژمارەی سپاردن: (٤٤٨) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری


Scanned by CamScanner

## پێشەکی

لەوانەیە یەکەم پرسیار کە بۆ تۆی خوێنەری ئەم کتێبە بێتە پێش، ئەوە بێتَ کە (ئۆشۆ) کێیە؟ لەبەر ئەوە کورتەیەك لەژیانی خاوەنی ئەم بەرهەمە دەخەینە ڕ وو.

زۆرێك لە ئێمە ژیانی خۆی لەسنوری کاتدا بەسەر دەبات‌و دەیخاتە ناو بازنەی بەسەرهاتەکانی ڕابوردو و پێش بینی کردنی داهاتوو، بە دەگمەن ڕێدەکەوێت کە ئێمە ڕەهەندی سات و بوون لە کاتی ئێستادا هەست پێبکەین وە جوانیی و مەترسیەکانی ژیان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو تەجروبە بکەین. مرۆڤانێکی زۆر کەم دەتوانن کە پێ لەسنوری کات‌و مێشك، سنوری جێگە خوازی‌و کێ بەرکێ کردن، ئەولاتربێت هەنگاو بنێتە ناو هەرێمی نەمرییەوە.لەنێوان ئەوکەسانەدا کە توانیویانە دەستیان بەم کارە بگات، چەند کەسێکی زۆر کەم هەوڵیان داوە و تێکۆشاون تا خەڵکانی دیکەش لەم ئەزمونەیاندا بەشدار بکەن.

(ئۆشۆ یەکێکە لەو کەسانە. ئۆشۆ لە ١١ی دیسامبری ١٩٣١ دا هاتووەتە دنیاوە لە ١٩ ی حوزەیرانی ١٩٩٠ داکۆچی دوایی کردووە، ئۆشۆ فێرکارییەکانی تەنها لە شێوەی ووشەدا دەرنەدەبڕی. بەڵکو ژیانی مەشخەڵێك بوو لە فێر کردن و بیرو ڕاکانی. ئەو ژیانی تا ڕادەیەکی تەواو پڕ بە پێست



Scanned by CamScanner

تاقیکردبویەوە. ژیانی ئەو سەرڕێژ بوو لە عەشق و خۆشەویستی، ئازایەتی و نتمی و سروشتێکی گاڵتە ئامێزی هەبوو لەم ڕێگەیەوە توانی جێگای خۆی لە دڵی ملیۆنەها کەسی جیهاندا بکاتەوە.

(ژان لەیلی) لە گۆڤاری (vogue) دا لە بارەی (ئۆشۆ) وە نوسیویەتی (ئەو پیاوێکی میهرەبان و بە بەزەیی یە، لەوپەڕی ڕاستگۆیی دا ......... یەکێکە لە زیرەکترین و ئەدیب ترین وە پڕ مێشکترین و بە ئاگادارترین و وتاربێژ کە ئێستا بینیومە.) بەڵام ئۆشۆ هەمیشە باسی خۆی وەکو مرۆڤێکی سادەو خاکیی دەکرد و جەختی لە سەر ئەم خاڵە دەکردەوە کە ئەو پێگەشتووە، هەموو کەسێك دەتوانێت بە دەستی بهێنێت.

(ئۆشۆ) لە ساڵی ١٩٥٣ لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا بە ڕووناکی (حەق) شاد بوو وە لەمە بە دواوە قۆڵی تێکۆشانی لێ هەڵماڵی بۆ ئەوەی ئەو شتەی کە تا ئێستا سودی لێ بینیوە بۆ مرۆڤەکانی دیکەیشی بگوازێتەوە. ئەو تەسەوری خۆی لە مرۆڤێکی (تۆکمەو تەواو) ی ئەمڕۆی بە (زۆربای بوزایی) ناوزەد دەکرد. پێکهاتەیەکی بە تەواوەتی خۆی، چاوپێکەوتنی نێوان زەوی و ئاسمان، چاوپێکەوتنی نێوان نەبینراو و بینراو، چاوپێکەوتنی نێوان جەمسەرە دژ بەیەکەکان. زۆر بە کەسایەتییەکە ئارەزوو لە ڕابواردنی دونیاییە، لە کاتێکدا ((بوزا)) چاوگی ڕێچکەیەکی مەعنەوییە.



Scanned by CamScanner

(ئۆشۆ) لە ساڵی ١٩٦٣ وە دەستی کردبوو بە ووتاردان خوێندنەوە بەناو هینددا، هەروەها شێوازێکی کردەیی بۆ چاودێریکردن بۆ کۆڕان و گەشەپێدانی مەعنەوە مرۆڤەکان دانا، لە ساڵی ١٩٧٤ دا (کەمۆن) ەکەی خۆی لە شاری (پۆنا) ی هند دامەزراندوو زۆرێك لە خەڵکیی، بە تایبەت لە جیهانی ڕۆژئاواوە ڕژاندە ئەو شوێنە.

ئەمڕۆ (کەمۆن) ی ئۆشۆ یەکیکە لە گەورەترین ناوەندەکانی مەعنەوی نێونەتەوەیی لە دونیادا.

بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵ ئۆشۆ خۆی بۆ فێرکردن و هاوکاری ئەو کەسانە تەرخان کرد کەدەهاتن بۆ لای. ئۆشۆ لەو بڕوایەدا بوو کە ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆیی دەبێت لەسەر بنەڕەتی چاودێریکردن دابنرێت. بەڵام چاودێریکردنێك کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ پێداویستی و ڕاستیەکانی ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆیدا.

ئەو چەند شێوازێکی جۆراوجۆری نوێی بۆ چاودێریکردن داهێنا تا هەرکەسێك بە پێی پێداویستی و سروشتی خۆی هەڵیان بژێرێت و کاری پێ بکات. هەروەها ئۆشۆ لە هاوکاریکردن لەگەڵ چارەسەرکەراندا، شێوازانێکی نوێی چارەسەرکردنی لەسەر بنچینەی چاودێریکردن داهێنا.

ئۆشۆ لە درێژایی ژیانیدا، لە هەموو بەرەکانی پەیوەندیدا و بە پێشکەوتنی بە ئاگابوونی ئینسانەکانەوە قسەی کردوە:



Scanned by CamScanner

چاودێری، خۆشەویستی، ژیان ومردن، زانستەکان،فەلسەفە، دەروونزانی، پەروەردەو فێرکردن، لێهاتن و پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکان.ووتارەکانی پڕبوو لەناسکیی و گاڵتەو گەپ وتێڕوانین و چاوکراوەییەکی بێ وێنە.ئۆشۆ زانایەکە عەقڵ و زانایی بەردەوامی ڕۆژهەلاتی گرێداوە لەگەڵ کێشەکان وئەو پرسیارە ئالۆزانەی کە مرۆڤی ئەمڕۆیی لە گەڵیاندا ڕووبە ڕوو بووە تەوە، ئەو لە بارەی هاوئاهەنگی وگشتگیری یەك کە لەناووك و زاتی هەموو ئاینێکدا خۆی ماتداوەو دەدوا. ڕاستی گشتگیری خۆماتوکردوی ناو کرۆکی دینەکانی بۆ خەڵکی ڕووندەکردەوە.

ناوی باوکی ئۆشۆ،(ڕاجنیش) ە ناسناوی (باگوان) بە واتای (کاکە)و (گەورەیی) یان زیاد کرد بۆ سەرەتای ناوەکەی. بە کورتی بەناوی (باگوان) ەوە بانگیان دەکرد. لە کتێب ونوسراوەکانیشدا بەناوی (باگوان شری راجنیش) وە ناسرابوو. (شری: نازناوێکی ڕێزلێنانە کەبە واتای گەورە وپیرۆزە) لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٩ئۆشۆ بەهۆی ئەو خراپ لەیەکدانەوەی نازناوەکەی،نازناوی (باگوان) ی لە سەرەتای نازناوەکەی سڕیەوە و ووتی: گاڵتە جارێ بەسە لەوە دوا شوێنکەوتوانی بەناوی (ئۆشۆ راجنیش)ەوە بانگیان دەکرد. سەرچاوەی ووشەی (ئۆشۆ osho) لە وشەی (oceanic) ی یەوە وەرگیراوەلە



Scanned by CamScanner

(ویلیام جەیمز)[1] بە واتای (تواوەلە ئاوی زەریا) دایە.ووشەی (oceanic) هەوڵ بۆ ڕونکردنەوەی ئەمئەزمونە دەدات. وەئۆشۆ بە واتای کەسێکە کە ئەم دیاردەیە تاقیدەکاتەوە. ووشەی ((ئۆشۆ)) هەروەها لەکەلتوری کۆنی رۆژهەلاتی دووردا بە واتای (کەسێکی موبارەك وئاسمان)ی بەکارهێنراوە، کەسێك کەئاسمان بارانی گوڵ بەسەریدا دەبارێنێت دێت. ئەڵبەت ((ئۆشۆ)) لە سێپتەمبەری هەمان ساڵدا((ڕاخیشی)) یشی لە ناوی خۆی کردەوە. چونکە ڕاخیشی ناوێکە، وەرگیراوە لە ئایینی هند ولەبەرئەوەی ئۆشۆ نەیدەویست کەهێمای دەستە یان ئاینێکی تایبەت بێت.

یەکێك لە رووداوە گرنگەکانی ژیانی ئۆشۆ کۆچکردنی بوو بۆ ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٨١ هۆی یەکەمی بۆ ئەوگەشتە چارەسەرکردن بوو.بەلام بە هۆی ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتوانی لە ئەمەریکا، بڕیاریدا کە لەوێ بمێنێتەوە، شوێنکەوتوانی ئۆشۆ یا (سانیا سینەکان) [2] بۆ ئەم مەبەستە لە ناوچەیەکی دورە دەستی ویلایەتی ئۆریگرن ڕووبەرێکی زۆر

---

[1] WILLIAM JAMES (١٩١٠ – ١٨٤٢) فەیلەسوف و دەروونناسی ئەمریکی.

[2] SANYASIM بە شوێنکەوتوانی خواستەکەی ئۆشۆ دەوترێ، لە ڕاستیدا سەربەستی و قوتار بوونە لە کۆت و زنجیری سەپێنراو گەشتکردن بۆ هەرێمە نەناسراوەکان پەرەپێدەدات.

زەویان کڕیبوو و لە ماوەی چوار مانگدا شارێکیان دامەزراند بە ناوی (ڕاجنـیش پـورام) [٣] خۆشەویـستی ڕو لەگەشـەی ئۆشـۆ ڕشـۆژ بـە ڕۆژ زیـاترە بـوو. خـەڵکی وەکـو لافـاو لـە شـوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەمەریکاوە ڕوویان دەکردە ئەم شارە کە وەکو مەڵبەندێکی مەعنەوی ناوی دەرکرد بـوو وە ناوبـانگی هـەبوو، بەڵام ئەو کارە بە لای کاربەدەسـتانی ئەمـەریکاوە بـاش نـەبوو. ئەوان نیگەران بوون لە زیادبونی خۆشەویستی ئۆشـۆ لـە لایـەن خەڵکەوە، چونکە ئۆشۆ هەموو بەهاکانی کۆمەڵگای ئەمەریکای خـستبوویە ژێـر پرسـیارەوەو ڕێگـەی نـوێ دەخـستە بـەردەم مرۆڤەکان.

بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی ئەمەریکا. بڕیاریدا بەهەر جۆرێك بووە خۆیانی لێ ڕزگار بکات. زوو کێـشەکەش تـا ئـەو ڕادەیـە پەرەیسەند کـە وەزیـری دادی ئـەو دەمـەی ئەمـەریکا خـاپوور کردنی کەمۆنەکەی باکوانی بە پلە یـەکی کارەکـانی خۆیـدانا. ئەوان (حکومەتی ئەمەریکا) لـە ئەنجامـدا لـە سـاڵی ١٩٨٦ دا ئۆشـۆیان بـە درۆو سـاختە تاوانبـار کـرد گوایـا یاسـاکانی کۆچکردنی پێشێل کردوەو گرتیان و ڕاپێچی دادگایان کرد. دوا

---

٣- RAJNEESH PURAM<



Scanned by CamScanner

بە دوای ئەم ڕووداوە ئۆشۆ ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ هندو خاکی ئەمەریکا بەجێ بهێڵێت.

ئۆشۆ نوسەر نیە بە واتای باوی وشە، ئەو تاوەکو ئێستا خۆی هیچ کتێبێکی نەنوسیوە، کتێبە بڵاو کراوەکان بەناوی ئۆشۆوە کە ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە ٦٠٠ ناونیشانە. لە ڕاستیدا لەبەر گیراوەی ووتارەکانی ئۆشۆیە. نزیکەی ٧٠٠ لە وتارەکانی ئۆشۆ لەسەر کاسێت و ١٧٠٠ وتاری بە ڤیدیۆ تۆمار کراوە، بەرهەمەکانی ئۆشۆ زۆرترین ڕێژەیان لێدەفرۆشرێت لە هنددا، ساڵانە زیاتر لە یەك ملیۆن کۆپی لە کتێب و کاسێتەکانی ئۆشۆ لە هینددا دەفرۆشرێت، کتێبەکانی وەرگێڕدراوەتە سەر ١٩ زمانی زیندوی دونیا ڕۆژنامەی (SUNDTIM) چاپی بەریتانیا ئۆشۆ بە یەکێك لەو هەزار کەسایەتیەی کە مێژوو خولقێن بوون ناودەبات، ڕۆژنامەی (SANDAY MIDDY) چاپی هیندیش دەیخاتە ڕیزی ئەو دە کەسایەتیەی کە توانیویانە چارەنوسی هند بگۆڕن. (لە پاڵ کەسایەتیەکانی وەك نەهرۆ و گاندی و بوزا).

ئۆشۆ لە مانگی یەکی ١٩٩٠ لەشی لە خوڵ خولقاوی خۆی بە جێدەهێڵێت.هەمیشە لە بارەی فێرکارییەکانی خۆیەوە دەیگوت: (پەیام و بەرنامە و مەشخەڵی من پەرەپێدەری دین و قوتابخانە و فەلسەفەیەکی تایبەت نیە، پەیامی من، جۆرێکە لە کیمیا، ڕێگەو شێوەیەکە بۆ گۆڕانکاری مەعنەوی مرۆڤ).



Scanned by CamScanner

## بەشی یەکەم:

## ژیان

ژیان شتێکی مەحاڵە، نابێت هەبێت، بەلاّم هەیە، بونی ئێمە، درەختەکان، باڵندەکان، ئەمانە هەموویان موعجیزەن، بە ڕاستی موعجیزەن، لەبەر ئەوە کە هەموو بونەوەر بێ گیانە، ملیۆنەها ئەستێرە ملیۆنەها ملیۆن کۆمەڵەی خۆر هەموویان بێ گیانن، تەنها لەسەر زەوی ئەم هەسارە بچوکە کە بە بەراورد لەگەڵ هەموو دەرەکانەکان گەردەیەکی تەپوو تۆز زیاتر نابێت، ژیان بە دیهاتووە، زەوی بەختەوەر ترین جێگایە لە هەموو ئەم بوونەوەرەدا، لەبەر ئەوەیە کە تێیدا باڵندەکان ئاوازی خۆش دەچرِن، درەختەکان گەشە دەکەن و دەپشکوێن، مرۆڤەکان ئەویندارى دەکەن، گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن، بە ڕاستی ڕووداوێکی دانسقەو سەرنج ڕاکێش ڕوویداوە،



Scanned by CamScanner

# ژیان تابلۆیەکی سپی یە

## باگوان [٤]

## ئایا لە ئەنجامدا ژیان چەرمەسەری و ڕەنج نییە؟

ئەمە پەیوەندی بە تۆوە هەیە، ژیان خۆی لە خۆیدا تابلۆیەکی سپی یە، هەرچی لەسەر بنەخشێنی هەر ئەوە دەبێت، دەتوانی چەرمەسەری و مەینەتی لەسەر بنەخشێنی، لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانی شێوەی خۆشی و بەختەوەری لەسەردابنێیت، شکۆو گەورەیی مرۆڤی تۆ لەم لەسەربەستییدا کورتدەبێتەوە.

تۆ دەتوانی بە جۆرێك کەڵك لەم سەربەستییەت وەربگری کە ژیانت ببێ بە جەهەنەم، یان بە جۆرێك کە ژیانت پڕبێت لە جوانی و چاکەو خۆشی و ئاکارە بەهەشتیەکان. ئەمە بە تۆوە بەستراوە، مرۆڤ خاوەن ئەو سەربەستیەیە.

هۆی ئەوەیەکە لەم دونیایەدا ئەوەندە ڕەنج و چەرمەسەری هەیە ئەوە کە مرۆڤەکان نەزانن و نازانن لەسەر ئەم تابلۆ سپییە چی بنەخشێنن، هەڵبژاردن لە ئەستۆی خۆتدایە، شکۆو گەورەیی و مەزنی تۆ لەم بنەمایەدا خۆی مەڵاسداوە، ئەمە یەکێکە لە

---

١- باگوان بە واتای کاکەو گەورەی و هەروەها خواوەندەکان دێت، نازناوێکە کە لە هنددا بۆ زاناو شوێن کەوتوانی ڕێبازی خودایی بەکاردەبرێت، وە ئەوان بەم نازناوەوە بانگدەکەن، بەڵام هەروەک لە پێشەکییەکەدا باسی کرد ئۆشۆ ئەم نازناوەی لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە ناوەکەی سڕییەوە.

گەورەترینی ئەو خەڵاتانەی کە خواوەند لە مرۆڤدا وەکو دیاری داینــاوە، هــیچ گیانــدارێك لــەم خەڵاتــەی پــێ نەبەخــشراوە، گیانلەبــەران، هــەموویان خــاوەن بەرنامەیــەکی لــە پێــشەوە دارێژراون، ســەگێك بــە گــوێرەی ئــەو چارەنوســەی کــە بــۆی دانراوە ناچارە بۆ هەمیشە وەکو سەگێك بمێنێتەوە، هــیچ ڕێگــەو نەگــەرێکی تــری نییــە لــەوەی کــە بــۆی دانــراوە، ئــەو لــە هەڵبژاردنەدا سەربەست نییە.

سەگ گیاندارێکە لە پێشەوە بەرنامەی بۆ دارێژراوە تــەنها کارێك کە دەیکات ئەوەیەکە بە پــێی بەرنامــە وەکــو ســەگێك بجولێتەوە، مافی دیاریکردن و هەڵبژاردنی دووهەمی نیە، ســەگ خاوەن بــونێکی بــە تــەواوەتی ســەقامگیرو نــەگۆڕە. ئــەو کــارە سەبارەت بە گیاندارە زیندوەکان هەر لە گوڵی ڕۆزو نیلوفــەری شینەوە بیگرە تا پەلــەوەرو گیانداری چوار پێ ڕاستە، تەنها مرۆڤە کە لەم پێڕۆیە هەڵدەوێردرێت.

مرۆڤ بە تەواوەتی سەربەستە، بە سەربەستی و ئازادی زێڕی ناخی مرۆڤ و گەورەترین خەڵاتی خواوەندە. بۆیــە مــرۆڤ بــە بــێ ئەوەی لە سەرەتاوە بەرنامەی بۆ دارێژرابێت، چــاو بــە جیهانــدا هەڵدەهێنێت، ناچار نیە گوێڕایــەڵی بەرنامەیــەکی دانــراو بێــت، مرۆڤ خۆی بەدیهێنەری خۆیەتی،هەر چۆنێك پێبگات، بە خۆیەوە بەستراوە، ئەو دەتوانێت بونەوەرێك بێت خودایی وەکو بوزا، یان دیکتاتۆرێکی خوێن ڕێژ وەك هیتلەر.

تۆ دەتوانی ببیتە چاوگی دەرکەوتن و چرۆ کردنی نەست و بەئاگا بوون و ویژدانی مرۆڤ، هەروەك مرۆڤێکی دەستکرد بێ ئیرادەو بێ هەستی هەڵبژاردن. بەڵام ئەوەش بزانە کە خۆت بەرپرسیاری ئەو هەڵبژاردنانەی کە ئەنجامیان دەدەیت، تەنها تۆ، وە جگە لە تۆ هیچ کەسێکی تر.

مرۆڤی گەشبین کەسێکە کە بەیانی لە خەو هەڵدەستێت و بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات و دەڵێت: (بەیانیت باش ئەی خودایە).

لە بەرامبەردا، ڕەشبین ئەو کەسەیە کە دەچێتە لای پەنجەرەکە و دەڵێت: (خودای من دیسان ڕۆژ بویەوە)

مافی هەڵبژاردن بە خۆتە، بەیانیان بۆ هەموو کەس یەك جۆرە، لەوانەیە کەسی گەشبین و ڕەشبین لە یەك ژوردا دانیشتبن وە لەیەك پەنجەرەوە بڕواننە دەرەوە، دەی کەواتە ئەمە بەخودی ئینسانەوە بەستراوەتەوە.

چیرۆکێکی کۆنی سۆفییانە دەڵێت!

دوو شوێنگەوتەی سۆفییەکی گەورە لەناو باخی ماڵی مامۆستاکەیاندا پیاسە یان دەکرد.

ئەوان مۆڵەتی ئەوەیان هەبوو کە هەموو ڕۆژێك بەیانیان و پاش نیوەڕوان پیاسە بکەن، ئەم پیاسە کردنە بۆ ئەوان وەکو جۆرێك لە چاودێریکردن بوو، خۆ مرۆڤ ناتوانێت هەموو بیست و چوار کاژێر چوارمەشقی بدات و دابنیشێت، قاچەکان پێویستیان بە هەندێ جوڵە هەیە، لەبەر ئەمەیەکە لەهەر

قوتابخانەی ژ ن [٥] و سۆفی گەریدا، چەند کاژێرێك تەرخان دەکەن بۆ ئەوەی لە دۆخی چوارمەشقیدا چاودێری بکەن. وە پاشان بە پیاسەکردن سەرقاڵی چاودێری دەبن. بەلاّم چاودێری کردنەکە هەر بەردەوامە چ بە دانیشتان وچ بە پێوە: بە هەر شێوەیەك ئەودوشوێن کەوتووەحەزیان لە سەبیل کێشان بووە. لەبەرئەوە بڕیاردەدەن کەبۆ سەبیل کێشان داوای مۆڵەت بکەن. وتیان:(بەیانی دەڕۆین بۆلای. ئەنجامەکەی ئەوەیە یان دەڵێت ئا یان دەڵێت نا، ئێمە هەرپرسیاری لێدەکەین. لەوەناچێت کە سەبیل کێشان لە باخەکەدادەسدرێژی بێت بۆ سەر بەها پیرۆزەکان. خۆ ئێمەنامانەوێت لەماڵەکەیدائەم کارەبکەین).

ڕۆژی دوایی دووقوتابییەکەچاویان بەیەك کەوت، لە باخەکەدا یەکێك لەو دوانە تورەبوو،لەبەرئەوەی ئەویتریان خەریکی سەبیلکێشان بوو. ووتی: (مەعنای چی؟ من لە مامۆستام پرسی، بەلاّم ئەو بەساردی داواکاریەکەمی وەلاّم دایەوە و وتی: نەخێر. کەچی ئێستا تۆ لێرە وەستاوی وسەبیل دەکێشی؟ ئەی تۆ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی مامۆستا نیت؟ئەویتریان ووتی ☹(بەلاّم ئەو ڕوخسەتی بەمن داوە).

ئەمە لە ڕاستییەوە دورە. یەکەمیان ووتی: (من هەر ئێستا دەچم بۆ لای و پێی دەڵێم بۆچی بۆ من ووتی نەخێر و بۆ تۆ

---

٥ ژن: ناوی ئەوقوتابخانەیەکە لە ژاپۆندا هەیە مێژوویەکی دێرینی هەیە بۆ شوێن کەوتوانی ئەم قوتابخانەیە زیاتر بایەخ بەبابەتە مەعنەوییەکانی وەك: بیرکردنەوە لەدیاردە سروشتییەکان-وە.

ووتیبەڵێ). ئەویتریان ووتی: (یەك دەقە ڕاوەستە. تکایە پێم بڵێ چیت لێ پرسی؟)) یەکەمیان ووتی: ((چیم پرسی؟ من زۆر بە سادەیی پرسیم کە ئایا دەتوانم لەکاتی چاودێریدا سەبیل بکێشم؟ ئەویش بە ڕاشکاوانە ووتی: نەخێر! وە زۆریش توڕەبوو)). ئەویتریان دایەقاقای پێکەنین و ووتی: ((ئێستا تێگەیشتم کەڕووداوەکە چۆن بووە. من لە مامۆستام پرسی ئایا دەتوانم لە کاتی سەبیل کێشاندا چاودێری بکەم

ئەویش ووتی: بەڵێ).

دەی کەواتە هەر رووداوێك کە لە ژیانمدا رودەدات بەستراوە بە جۆری بیرو تێڕوانین و هەڵبژاردنەکانی ئێمەوە. جیاوازییەکی زۆر بچوك، دەبێتە هۆی گۆڕانێکی گشت لایەنەکان لە ژیاندا.

جیاوازی دوو پرسیاری کراو لە مامۆستاکە زۆر گەورەبوو.(ئایا دەتوانم لە کاتی چاودێریکردندا سەبیل بکێشم؟) پرسیارێکی زۆر ناشیرینە. لەکاتێکدا کە: (ئایا دەتوانم لەکاتی سەبیل کێشاندا چاودێری بکەم؟) هیچ گرفتێکی نییە لەبەرئەوەی لەم کارە وەکو دەرفەتێك بۆ چاودێری کەڵك وەردەگیرێت.

ژیان خۆی لە خۆیدا نە چەرمەسەری و رەنجە، نە بەختەوەری و کامەرانی. ژیان تابلۆیەکی سپی نەنەخشێنراوە. وەمرۆڤ دەبێت زۆر هونەرمەندانە لە گەڵیدا هەڵس و کەوت بکات.



Scanned by CamScanner

## کەسەر (بێزار) بوون دەسپێکێکی گەورەیە
## باگوان

من لـە خۆم ماندوو بێزار بووم وە هیچ هێزێك لــە خۆمـدا شك نابەم، تۆ دەڵێیت ئێمە دەبێ خۆمـان قبوڵبکـەین هـەر بـەو جۆرەی کە هەین.. بەڵام من نـاتوانم ژیانێـك لــە خـۆبگرم، لـە کاتێکدا کە دەزانم لـە چێژو خۆشی دەرونی بێبەشم، پــێ‌ی ڕازی بم، ئەبێ چی بکەم؟

ئەڵێ کە سەرو دڵم دوو بوویت.

ئەمــە دۆزینەوەیــەکی گەورەیــە، بــەڵێ، بــە ڕاســتمە، مرۆڤانێکی کەم هەن کە بەم خاڵەیان زانیبێت کە کەسـەرن، وە ئەم جۆرە مرۆڤانە بە ڕاستی کەسەرن، هەر کەسێ بگری ئەمەیان تێدا بەدی دەکات جگە لـە خۆیان، زانینـی ئـەم خاڵەکـە مـرۆڤ کەسەر بووە، بە دەستپێکردنێکی گەورە دادەنرێت. بەڵام چـەند خاڵێك هەیە کە ڕونبکرێتەوە، مرۆڤ تەنها گیانلەبەرێکە هەسـت بــە بێـزاری بکـات، ئەمــە ئیمتیـازێکی تایبــەت و دیـاریکراو وە بەشێك لـە ڕێزو گەورەیی بوونی مرۆڤە، ئایا تا ئێستا گامێش یان گوێدرێژێکت بینیوە کەسەر ببوبێت؟ ئەوانە کەسەر نابن. کەسەر بــوون واتــە ڕێ و ڕێــچکەی ژیانــت هەڵەیــە، وە هــەر بــەم جۆرەشەوە دەڵــێین کەسـەربوون ڕووداوێکـە کـە جـێ‌ی ئـاوڕ دانەوەیە، واتە تێگەیشتن لـەم خاڵە کە (من ئەبێت کارێ بکـەم،

گۆڕانکارییەك پێویستە) جالەبەر ئەوە وا بیر مەکەرەوە کە جارس بوون شتێکی خراپە، بەڵکو هێمایەکی ڕازاوەیە بۆ دەستپێکردنێکی نوێ بەڵام بەمە ڕازی مەبە.

ئەو کەسانەی کە ناوەوەو دەرەوەیان وەك یەکە هیچ کاتێك جارس و وەڕس نابن، لە بەرامبەری ئەو کەسانەی کە ڕووکەشی خۆیان دەردەبڕن وەڕس بوون سەپاوە بە سەریاندا. لەبەر ئەوەی ژیانی خۆی دابەش کردوە بۆ دوو بەش، خودی ڕاستەقینەی خۆیان سەرکوت دەکەن، و ژیانێکی وا دەخەنە ڕوو کە درۆینەیە، سەرچاوەی کەسەر بوون ئەم ژیانە درۆینەیە. ئەگەر مرۆڤ کارێك ئەنجام بدات کە لە کانگای دڵەوە دەیەوێت، هیچ کاتێك کەسەر نابێت.

کاتێك کە ماڵی باوکم بەجێ هێشت بۆ ڕۆیشتن بۆ زانکۆ، دایك و باوکم بە تایبەت باوکم و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەم هەموویان دەیانویست ببم بە زانا، یا بەلای کەمەوە بە پزیشك یان ئەندازیار – لەبەر ئەوەی داهاتووم دابین بێت. من ڕاشکاوانە ڕەدم کردەوەو وتم (من ئەو کارە دەکەم کە حەزم لێیەتی، لەبەر ئەوەی نامەوێت ژیانێکی کەسەرهێنم هەبێت، لەوانەیە وەکو زانایەك سەرکەوتن بە دەست بهێنم، ببمە جێگای ڕێز، خاوەنی پارەو دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی بەرز بم، بەڵام لە ناوەوەی خۆمدا بێزارو کەسەر دەمێنمەوە، لەبەرئەوە هیچ کاتێك ئەمە ئەو کارە نیە کە دەم ویست)

ئەوان واقیان وڕمابوو چونکە هیچ داهاتویەکیان لە خوێندنی (فەلسەفە) دا نەدەبینی. بەلاّم سەرئەنجام بە نابەدلّییەوە قبولّیان کرد. بەو دلّنیاییەوە کە من داهاتووی خۆم خراپ دەکەم، بەلاّم لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە هەلّە بون.مەسەلەکە لەسەر پارەو دەسەلاّت و پێگەی کۆمەلاّیەتی نیە، بەلّکو شتێکە کە دلّت بە ڕاستی داوای دەکات و ڕەزامەندت دەکات. ئەگەر ئەم کارە بکەیت بە بێ گوێدانە ئەنجام و بەرهەمەکەی، وەڕسبوون کۆلّ و باری خۆی دەپێچێتەوە لە ژیانتدا.ئەنجامدانی ئیش و کاری ڕاست لە ڕوانگەی خەلّکەوە، بەردی بناغەی دلّمردنە.

هەموو مرۆڤایەتی تووشی کەسەر بوون و دلّمردن بووە، ئەوەی کە نەبوایە زانا بوایە بووەتە بیرکاری زان، ئەوەی کە دەبوایە بیرکاری زان بوایە، بووەتە سیاسەتمەدار ئەوەی کە دەبوایە شاعیر بوایە، بووە بە بازرگان، هیچ کەس لە شوێنی خۆیدا نیە، بەلّکو لە شوێنێکی دیکەیەو پەیوەستە بە شوێنێکی ترەوە. ئەگەر مرۆڤ ئامادەی خۆ خستنە مەترسیەوە بێت، بێزار بوون و دلّمردن لەیەك ساتدا لەناو دەچێت.

دەلّێیت (ماندوو بوم لە خۆم)

ماندوو بویت لە خۆت، چونکە لەگەلّ خۆت ڕاست ناکەیت، بۆ بونی خۆت ڕێزێك دانانێیت.



Scanned by CamScanner

دەڵێیت (هێزێك هەست پێ ناکەم)

چۆن چاوەڕوانی هەست بەهێز بکەیت؟ هێز کاتێك دەکەوێتە گەڕ کە تۆ ئەو کارە ئەنجام بدەیت کە دڵت داوای دەکات، جا ئیتر ئەو کارە هەرچیەك بێت.

(ڤەن سان ڤەنگۆك) لەوەی کە شێوەی دەکێشا زۆر زۆر خۆشحاڵ و بەختەوەر بوو، تەنانەت یەك دانە لە تابلۆکانیشی نەدەفرۆشرا، هیچ کەس سوپاسی نەدەکرد، تا ڕادەی مردنیش برسی بوو، ئەو چوار ڕۆژی هەفتە ڕۆژوی دەگرت و سێ ڕۆژ نانی دەخوارد، ئەگەر ئەو چوار ڕۆژە ڕۆژوی نەگرتایە ئەی بە چی پارەی کەرەستەیی شێوەکاری بکڕیایە؟ بەلاّم ئەو لە ڕادەبەدەر بەختەوەر و سەر ڕێژ بوو لە هێز.

کاتێك کە مرد سی و سێ ساڵ تەمەنی هەبوو، ئەو ڕۆژە کە دێرینەترین هیوای کە کێشانی تابلۆی (هەڵهاتنی خۆر) بوو هێنایە دی. نامەیەکی بەم ناوەڕۆکە نوسی (کاری من ئەنجام درا، من ڕەزامەندو خۆشحاڵم، ئەم دونیایە بە ئاسودەیی بە جێ دەهێڵم.) بە جۆرێکی تەواو چاك ژیا. ئەو مۆمی ژیانی خۆی لەهەردولاوە بە گوڕو تینەوە سوتاند. تۆ لەوانەیە سەد ساڵ بژیت، بەلاّم ژیانت وەکو ئێسکێکی پووچ و فشەڵە، تەنها قەبارەیەکە، ئەویش قەبارەیەکی مردوو، دەڵێیت من وتومە (ئێمە دەبێت خۆمان قبوڵ بکەین بەو جۆرەی کە هەین، بەلاّم من ناتوانم ژیان لە خۆ بگرم لە کاتێکدا کە دەزانم بێ بەش بم لە چێژو لەزەتی دەرونی.)

هەبوونی خۆت هەر بەو شێوەیە قبوڵ بکەو بزانـە کـە تۆ تەنها لـە بەرامبەر خۆت و خودای خۆتدا بەرپرسیاری، نـەك لـە بەرامبەر بیروڕاکانی ئەو کەسانەدا کەوا دەزانن لـەتۆ باشترن.

مەبەستی من لـە ووشەی (بەرپرسیاری) پەیوەندی بە ئـەرك و بەڵێنەوە نیـە، بـەڵکو مەبەسـتم ڕووبـەڕوو بونەوەیـە لەگـەڵ ڕاستیەکان و کرۆکی ژیاندا. تۆ لـە بەرامبەر خۆتدا ژیـانێکی بـێ لێپرسراوانەت هەبووە. تەنها لــەوەت ئەنجامــداوە کــە خــەڵکی چاوەڕێیان کردووە لێت. لـەبەر ئەوە کە بێزارو دڵمردوو بوویت و هێزێك هەست پێناکەیت لـە خۆتدا، ئایا بۆ خـۆ قوتـار کـردن لـەم گرتووخانەیـە بەڵگـەی زیـاترت دەوێ؟ هەڵقونـە دەرەوەو سەیری دوای خۆشت مەکە.

ئەوان دەڵێن (بەر لـەوەی باز بدەیت، باش بیر بکەوە).

من دەڵێم: (باز بدە پاشان هەتا دەتوانی بیر بکەوە).

## زۆربای بوزایی

### باگوان

هەندێ جار لـە وتەکانتەوە ئەوەم دەستگیر دەبێ کە مـرۆڤ دەبێت وەکو زۆربای یۆنانی بژی – بخـوات، ببیـستێت و خـۆش ڕابوێرێت – ڕێگەی ڕاستی ژیان هەر ئەمەیە.



Scanned by CamScanner

جارێکی تر وا تێدەگەم کە تۆ دەڵێیت ڕێگەی ڕاستی ژیان چاودێریکردن، بینەر بوون و نەجوڵانە، وەکو ڕاهیبێکی بـودایی، ئێستا ئێمە دەبێ کامێك لـەم دوانـە بـین، زۆر بـا یـان ڕاهیـب؟ پێکداچوونی ئەم دوانە چۆن دەبێت؟ من وا هەستدەکەم کـە تـۆ خۆت توانیوتە ئەم دوانە تێهەڵکێش بکەیت، بـەڵام ئایـا ئێمـەش دەتوانین وەکو زۆربا خۆشحاڵ بین و لـە هەمانکاتدا هەروەك بوزا بەسەر هەواو نەفسماندا زاڵ بین؟

پێکداچوونی مەبەستیش ئەوەیە – کاتێك کە زۆربا، دەبێتە بوزایی، من نامەوێت لـە ئێوە زۆربای یۆنانی دروستبکەم، بـەڵکو دەمەوێت زۆربایی بوزایی بەدیبهێنم.

زۆربا کەسایەتیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشە، بەڵام لـە شتێکی کەمە، زەوی هی ئەوە بەڵام لـە ئاسمان بـێ بەشـە، ئـەو خـەڵکی زەوییە، ڕیشکدارە وەکو سەرویەکی بەهێزە، بەڵام باڵی نییە، ئەو ناتوانێت بفرێت، ڕیشکی هەیە بەڵام باڵی نیە.

خواردن و خواردنەوەو چێژ وەرگرتن لـە لـەزەتەکان خۆی لە خۆیدا شتێکی زۆر چاکەو کارێکی ناپەسەند نیە، بەڵام بەس نیە، ئەم جۆرە ژیانە زوو لـە بەرچاو دەکـەوێت، مـرۆڤ ناتوانێـت هەتا هەتایە هەر بخواو بخواتەوە خۆش ڕابوێرێت، زۆر تێ ناپەڕێت کە ئـەم خـۆش ڕابواردنانـە شـوێنی خۆیـان دەدەن بـە (خـەم و خەفەت). لـەبەر ئەوەی دووبارە دەبێتەوە ئەو کەسـەی کـە لـە درێژە پێدانی ئەم ژیانە خۆش حاڵ بێت زۆر مێشك سوکە.

ئەگەر مرۆڤ تەنانەت هەندێك عەقڵ و توانایی پەی پێبردنی هەبێت، درەنگ یان زوو بە پوچ بوونی ئەم ژیانە دەزانێت، مرۆڤ تا کەی دەتوانێت تەنها بخواو بخواتەوەو خـۆش ڕابوێرێـت؟ پـاش ماوەیەك بمانەوێ و نەمانەوێ ئـەم پرسـیارە دێتـە پـێش کـە: (چ سودی هەیە؟ چی بێت؟) ئەم پرسـیارە لـە درێـژ مـاوەدا وای لێ دێت کە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین. بە تایبەت کە مرۆڤ زیـرەك بێت، ئەم پرسیارەی لە لا دروست دەبێت لە گـەڕان بـە شـوێن ڕاستیدا دڵی لێدەدات.

دەبێ خاڵێکمان لە بیربێت: مرۆڤی هەژارو برسی لە ژیـان نائومێد نابێت —نە ئەوان ناتوانن هیـوا بـڕاو بـن، کەسـێك کـە هێشتا تامی ژیانی نەچەشتوە، چۆن دەتوانێت نائومێد و هیوا بڕاو بێت؟ پیاوێکی هەژار هەمیشە هیوادارە – پیاوێکی هەژار هەمیشە هیوادارە کە ڕووداوێك ڕوبدات – ئەگەر ئەمڕۆ نەکرا بەیانی، ئەگەر بەیانی نەکرا دوو بەیانی. مرۆڤی بێ بەش کە تـامی ژیـانی نەچەشتووە لەم دونیایەدا، ناتوانێت نائومێد بێت لـەم ژیانە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ کاتێك دەتوانێت هیـوا بـڕاو بێـت لـە شـتێك کـە ئەزموونی تەواوی هەبێت لەو شتەدا، ئەو کاتەیە کە هەموو ئـەو شتانە لە بۆ چوونی ئەو دا پڕو پوچ و بـێ واتـا دێنـە بەرچـاوو. ئینسان هەتا زۆربا نەبێت، واتای پوچی ژیانی دونیایی هەست پێ ناکات، بوزا خۆشی هەروەك زۆربـا بـوو، شـازادەیەك بـوو کـە



Scanned by CamScanner

هەموو کچە جوانەکانی وڵاتەکەی لە دەوروبەریدا دابوون. باوکی ئاوای بۆ ڕێکخستبوو، ئەو لە جوانترین کۆشکەکاندا دەژیا.

کۆشکێکی جۆراو جۆرو گونجاو لەگەڵ وەرزەکانی ساڵدا، ئەو لە زۆرترین ڕادەی ئیمکاناتی خۆشگوزەرانی سەردەمی خۆی بەشدار بوو، ئەو وەکو زۆربای یۆنانی دەژیا، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش لە کاتێکدا کە تەنها بیست و نۆ ساڵ تەمەنی بوو لەم ژیانە وەرس بوو، ئەو پیاوێکی ژیر بوو، ئەگەر مرۆڤێکی مام ناوەند بوایە لە ڕووی ژیرییەوە درێژەی دەدا بەم جۆرە ژیانە. بەڵام زۆر تێنەپەڕی کە زانی ژیانی دووبارەیەو گۆڕانێك ڕوو نادات، بەڵام کۆتایەکەی بە کوێ دەگات؟ زۆر تێنەپەڕی کە بوزا لەم جۆرە ژیانە تێربوو، ئەزمونی ژیان زۆر تاڵە، تەنها لە خەیاڵ و خەوندا شیرینە، لە ڕاستیدا زۆر تاڵە ئەو لە کۆشك و ژنەکان و سامان و ئەو هەموو خۆشیەو هەر شتێکی دیکە ڕای کرد. من دژی ئەوەم کە تەنها زۆربای یۆنانی بم، زۆربای یۆنانی هەر ئەو ڕەسەنایەتی و ڕیشکی زۆربای بوزاییە، لە ئەزمونی زۆرباوە بوو کە بوزایی پەیدا بوو.

لەم دونیایەدا بژی، لەبەر ئەوەی کە بتەوێ و پێگەشتنی کەسایەتیت پێ دەبەخشن و ئاستەنگەکانی ئەم دونیایە تەرکیزو بە ئاگا بوونت بە دیاری بۆ دەهێنن، ئەم بە ئاگابوونە دەبێتە پەیژەیەك بۆ ئەوەی تۆ لە زۆرباوە بگۆڕێت بۆ بوزا.



Scanned by CamScanner

تەنها کاتێك دەتوانی بەرز بیتەوە بۆ ڕەهەندی بەرزترو زیاتری ژیان کە ڕەهەندی نزم و فرایت تێپەڕاندبێت، پاداشتی گەشتن بە پلەی زیاتر و بەرزتر کاتێك دێتە پێش کە چەرمەسەری و ڕەنج و لەزەتەکانی پلەی خراپتان تاقیکردبێتەوەو تێ پەڕاندبێت، بەسەر ئەم قۆناغەدا، نیلوفەری شین پێش لە چرۆ کردنی دەبێت بە نێوان قورو لیتەی گۆمئاوەکەدا تێپەڕێت. لیتە وەکو ئەم جیهانە وایە. ڕاهیب لەبەر ئەوەیە کە لە لیتەکە ڕایکرد، هیچ کاتێك ناتوانێت ببێت بە نیلوفەری شین. کت و مت وەك ئەوە وایە کە تۆوی نیلوفەری شین لە کەوتنە ناو گۆمەکە، کە دەبێت تێیدا گەشە بکات، بترسێت، لەوانەیە تۆوەکە بە هۆی فیزەوە کە (من تۆوی نیلوفەری شین م و هیچ کاتێك ناچمە ناو لیتەوە)، ئەم کار نەکات بەڵام لەم کاتەدا بۆ هەتا هەتایە لە شێوەی تۆودا دەمێنێتەوە و هیچ کات چرۆ ناکات. ئەگەر بیەوێت بە شێوەی نیلوفەری شین چرۆ بکات، دەبێت بکەوێتە ناو لیتەکەوە، دەبێ ئەو دوفاقییەو ئەم دژایەتییە تەجروبە بکات، بە بێ ئەزمونی ئەم دوفاقیە وە ژیانی ناو لیتە، گەشتن بە بەرزیی مومکین نابێت.

من دەمەوێت یارمەتی ئێوە بدەم تا لە هەر جێگەیەك و لەهەر بارودۆخێکدا کە هەن بە شێوەی تەواو گەشەکردوو بن تا بتوانن بەرەو پلە بەرزەکانی پێشکەوتن هەنگاو بهاون، سەرەتا وەکو زۆربا بە، گوڵێك کە هی زەوییە، وە لەم ڕێگەیەوە بەهرەی بوون بە بوزا بە دەستبخەن، گوڵێك کە هی ئەو دونیا

بێت، ئەم جیهانە لەم جیهانەوە دورنیــە، ئـەو دونیایـە دژی ئـەم دونیایە نیە، بەڵکو ئەو دونیایـە لـەم دونیایـەدا شـاراوەیە، ئـەم دونیایە دەرکـەوتن و ئاشـکرابوونی ئـەو دونیایـە، ئـەو دونیایـە بەشێکی دەرنەکەوتوو ئاشکرانەبووی ئەم دونیایە.

## پەژارە جوانییەکەی تایبەتی هەیە

## باگوان

لـە پـەژارەدا نغـرۆ مەبـە، بـەڵکو بڕوانـە بـۆی و چـێژی لێوەربگرە، لەبەر ئەوەی کە پـەژارە جـوانی تایبـەت بـە خـۆیی هەیە، تۆ تا ئێستا نەت ڕوانیوە بۆی، تۆ بەو ئەندازەیە لە پەژارەدا نغرۆ دەبیت کە بە جوانی ساتەکانی پەژارە نازانیت، ئەگەر یـەك جار ورد ببیتەوە، بەوە دەزانی کە تا ئێستا چ زێڕێکـی بـەنرخت لە دەستداوە، کاتێك کە مرۆڤ خۆشحاڵە، هیچکاتێك ئەوەندەی کاتێك کە خەمبارە، قوڵ نییە، پەژارە قوڵایی هەیە، لـە کاتێکـدا کە خۆشی و شادی وانیە، بڕۆ ئەم مرۆڤەبە ڕواڵـەت خۆشحاڵانە ببینە هەردەم بزە لە سەر لێویانەو هەمیشە لە خۆشـیدا خەریکـە باڵ دەردەهێنن. لەوە دەگەی کە ئەوان هەردەم لــە خۆشـیەکی ئاستی و کەم هەوێندان، ئەوان هیچ قوڵاییەکیان نیـە، خۆشـی و شادی وەکو شەپۆلی دەریا وایە کەبەسەر ئاوەکەدا دەڕوات، لـە کاتێکدا کە پەژارە، قوڵایی هەیە وەك زەریاکان.



Scanned by CamScanner

برۆرە ناو ئەم قوڵاییەوە، و بڕوانە بۆی، خۆشی، قەرەباڵغ و پڕ ژاوەژاوە، بەڵام پەژارە بێدەنگییەكی تایبەتی هەیە، خۆشی وەك ڕۆژە، تیشك دێت و دەڕوات، بەڵام تاریكی دەمێنێتەوە، تاریكی هەتا هەتاییە، ڕوناكی هەندێ جار ڕوو دەدات بەڵام تاریكی هەردەم هەیە، ئەگەر هەنگاو بهاوینە ناو هەرێمی پەژارەوە، ئەم شتانە هەست پێدەكەین. لە پڕ لەوە دەگەی كە پەژارە وەك شتێك وایە كە تۆ بەچاو دەیبینی و بۆی دەڕوانی، وە لەناكاودا هەست بە خۆشی و شادی دەكەیت، چ پەژارەیەكی جوانە!! خەڵاتی تاریكی، وەكو گوڵێكی ڕواو لە قوڵایی، بێ كۆتاییە، وەكو دەریایەكی بێ بن، بێ ورتەو پڕ لە بێدەنگییەكی مۆسیقا ئامێزە، لەوێدا هیچ دەنگە دەنگێك نیە، هیچ ئازار دەرێك بوونی نیە، مرۆڤ دەتوانێت بڕوانێتە قوڵاییە بێ بنەكەیەوە، وە پاشان بەسەر ڕێژی لە خۆشی یەوە لێی بێتە دەرەوە، هەرووەكو پشوویەكی وزە بەخش.

بەڵام ئەمە بەستراوە بە تێڕوانینی مرۆڤەوە، تۆ كاتێك كە خەم داتدەگرێ وا دەزانی ڕووداوێكی خراپ ڕوویداوە، كە لە ڕاستیدا ئەمە شتێك نیە جگە لە بۆچونی شەخسی خۆت. ئەو دەمە هەوڵدەدەیت كە لە دەستی هەڵبێیت، هیچ كاتێك لەگەڵیدا خەڵوەت ناكەیت، بەڵكو هەوڵدەدەیت كە بۆ بینینی كەسێك بڕۆیت، بڕۆی بۆ میوانی، بڕۆی بۆ چێشتخانە، سەیری تەلەفزیۆن بكەیت و ڕۆژنامە بخوێنیتەوە، كارێك كە بتوانی لە

ڕێگەی ئەوەوە پەژارەکـە لـە بـیر خـۆت ببەیتـەوە، بـەڵام ئـەم تێڕوانینە هەڵەیە، بە تۆیان وتووە کە پەژارە، چەپەڵە، لە کاتێکدا کە هیچ چەپەڵیەکی تێدا نیە، پەژارە یەکێکە لـە جەمـسەرەکانی ژیان.

خۆشی جەمسەرێکێتی و پەژارەش ئەویتریان، چێژ وەرگرتن جەمسەرێکەو چەرمەسەریش جەمسەرێکێتی، ژیان لـە هـەردوو ئەم جەمسەرانە پێکهاتووە، ئەو ژیانەی کە تەنها چێژ وەرگرتنـی تێدابێت، خاوەن پانتاییەکی تەنك و کەم ئاستە، بەڵام قوڵایی نیە، ژیانی پڕ لە پەژارەش تەنها قوڵایی هەیە، بەڵام بـەربڵاو نیـە، لـە کاتێکدا کە ژیان پێکهاتووە لـەم دوانـە، واتـە خـەم و خۆشـی، چـەند پـاڵووە، وە هاوکـات لـە هـەردوو ڕەهەنـدی ئاسـتی و قوڵایدایە بەربڵاوە، بڕوانە قـاپور (هیکـەلی) ی بـوزا یـا هەنـدێ کات بڕوانـە چـاوەکانی مـن هـەردوو دۆخەکـە بەدیدەکـەیت، دۆخی ئارامی و خۆشی و لە هەمان کاتدا پەژارە، تـۆ خۆشـیەك دەبینی کە پەژارەشی لە ئامێزگرتووە، لەبەر ئەوەی کـە پـەژارە قـوڵایی پێدەبەخـشێت، ووشـەی (خـەمگین) یـا (خـەمبار) لێکدانەوەیـەکی هەڵـە لـە مێـشکدا دروسـتدەکات، وا دیـارە شتێکی خراپ ڕوویدا بێت، بەڵام ئەمە هیچ نیە جگە لە بۆچونی شەخسی مرۆڤ خۆی.

بە بۆچوونی من ژیان، بە شێوەیەکی گشتی خۆش و چاکە، کاتێك کە پەی بە گشتایەتی خۆت ببەیت لە ژیاندا، ئـەو کاتـە

دەتوانی جەژن بگێڕی، بە پێچەوانەوە نەخێر، جەژن گێڕان هیچ مەرجێکی تایبەتی نیە، بۆ نمونە: (ئەگەر خۆشحاڵبم جەژن دەگێڕم) یان (ئەگەر پەژارەیەکم هەبوو جەژن ناگێڕم). جەژن گێڕان دەبێت بێ مەرج بێت، من جەژنی ژیان دەگێڕم با لەگەڵ خۆیشیدا خەم و پەژارە بهێنێت، گرنگ نیە من هەر جەژن دەگێڕم ئەگەر خۆشی دەهێنێت، باشتر، جەژنەکەی دەگێڕم، جەژن گێڕان لە ڕاستیدا تێڕوانینی منە سەبارەت بە ژیان، بە بێ گوێدانە ئەوەی کە ژیان چ دیارییەك لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

ئەو کێشەیەی کە لێرەدا دروستدەبێت، چۆنێتی بەکار بردنی ووشەی (جەژن) ەو ئەو لێکدانەوەیە کە ئە ووشەیە لە مێشکی ئێمەدا دروستی دەکات. هەر کاتێك کە دەڵێین: (جەژنی تۆ) یەکسەر وا بیر دەکەینەوە کە مرۆڤ هەر دەبێ خۆشحاڵ بێت، بە دڵنیاییەوە دەڵێن مرۆڤ چۆن دەتوانێت جەژن بگێڕێت لە کاتێکدا کە پەژارە دایگرتبێت؟ من ناڵێم کە حەتمەن دەبێ خۆشحاڵبن ئەوسا جەژن بگێڕن. جەژن گێڕان واتە سوپاسکردن لەمەڕ ئەوەی کە هەر شتێك کە خواوەند بە تۆی بەخشیوە، جەژن گێڕان واتە، حەق ناسین، واتە سوپاسکردن. من ئەمەم چەندەها جار ووتووەو هەر دەیلێمەوە

ڕۆژێکیان زانایەکی سۆفی زۆر هەژار، برسی لە هەموو شوێنێك دورو ماند لەو گەشتەی، شەو گەشتە گوندێك، بەلاّم لەبەر ئەوەی کە خەڵکی گوندەکە مرۆڤانێکی زۆر خۆپەرست بوون نەیانگرتە خۆیان و پەنایان نەدا.



Scanned by CamScanner

ئەو شەوە زۆر ساردبوو، ئەو برسی و ماندوو بوو، بەرگی تەواو پێویستی لەبەردا نەبوو، بۆیە لەسەرمانا دەلەرزی، ئەو لە دەرەوەی لادێکەوە دانیشت، قوتابی و هاوەڵەکانی بە ڕوویەکی گرژو خەمبارەو خەمۆکەوە تەنانەت تورەش لەوێدا دانیشتبوون.

لەم کاتەدا سۆفیەکە کەوتە دۆعا کردن و ڕویکردە ئاسمان و ووتی: ((تۆ بێ وێنەیت، تۆ هەردەم ئەوەم پێدەبەخشی کە پێویستیم پێیەتی))

ئەمەیان ئیتر شایانی تەحەمولکردن نەبوو، یەکێك لە قوتابیەکانی ووتی: ((ڕاوەستە، تۆ لەمەیاندا ئیتر زیادە ڕۆیی دەکەیت، بە تایبەت لە شەوێکی وەك ئەم شەودا، ئەم قسانەی تۆ درۆیە، ئێمە ماندوو برسین جلی پێویستمان لەبەردا نیەو شەوی ساردیش وا خەریکە دێت. حەیوانی دڕندەش بەم دەوروبەرەدان.ئێمەیان لە گوندەکە دەرکرد، هیچ پەنایەکیشمان نیە، ئیتر بۆچی سوپاسی خودا دەکەیت، مەبەستتان چیە لەوەی کە دەڵێن: ((تۆ هەردەم پێم دەبەخشی ئەوەی کە ویستومە))

سۆفی یەکە وتی: ((کت و مت مەبەستم هەر ئەمەیە، دووبارەی دەکەمەوە، خواوەند هەرچیەکم پێویست بێت پێم دەبەخشێت، من ئەم شەو پێویستم بە هەژارییە، پێویستە دەرم بکەن،ئەو شەو پێویستمە کە برسی بم، لە مەترسیدابم، ئەگەر وانەبوایە خواوەند ئەم شەو ئەم شتانەی بە من نەدەدا، بە دڵنیاییەوە پێداویستیەك هەیە، منی موحتاج دەبێ سوپاسگوزار بم، ئەو هەمیشە ئاگای لە پێداویستیەکانی منە، ئەو بێ وێنەیە!)).

ئەمە هەر ئەو بیرو باوەڕەیەکە من باسم لێوە کرد، بارودۆخێك کە هیچ پەیوەندی بە بارودۆخی ئێستاوە نیە، جەژنی هەموو ڕووداوێك بگێڕن، ئەگەر خەمباری ئەوا جەژنی ئەو خەمە بگێڕە،جارێك هەوڵبدە و دەبینی کە دەتوانی. خەمباری؟ دەی سەما بکە لەبەر ئەوەی کە پەژارە زۆر جوانە، هەروەکو گوڵێکی چرۆکردوو لە ناختدا دەپشکوێ سەما بکەو چێژ وەربگرە، لە پڕ واهەست دەکەیت کە پەژارە وردە وردە لە ناو دەچێت، ماوە دروست دەبێت لە نێوان تۆو پەژارەدا، هەنگاو بە هەنگاو پەژارەت لە بیر دەچێتەوەو جەژن دەمێنێتەوە لە ڕاستیدا تۆ وزەی پەژارەت گۆڕاوەو گۆڕانکاریت تێدا دروستکردوە.

ئەم کارە واتە کیمیاگەریی: گۆڕینی کانزایەکی چەپەڵ بۆ کانزایەکی چاك وەك ئاڵتون، پەژارە، تووڕەیی، حەسودی ئەمانە ئەو کانزایانەن کە دەکرێ بگۆڕێن بۆ ئاڵتون، چونکە پارچە پێکهێنەرەکانیان هیچ جیاواز نیە لە ئاڵتون، هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوان ئاڵتون و ئاسندا، لەبەر ئەوەی کە مادەی پێکهێنەری هەردوکیان وەکو یەکە، واتە ئەلکترۆنەکان، ئایا تا ئێستا بیرتان لەوە کردووەتەوە کە پارچە خەڵوزێك و نرخدارترین ئەڵماسی جیهان هەردوکیان لە یەك ڕەگەزن، ئەو دوانە هیچ جیاوازیەکیان نییە، لە ڕاستیدا خەڵوزێك لە درێژایی ملیۆنەها ساڵدا لە ژێر پەستاندا بێت، دەگۆڕێت بۆ ئەڵماس. تەنها جیاوازی نێوانیان ڕێژەی ئەو پەستانەیە کە دەکەوێتە سەریان، لە کاتێکدا کە هەردوکیان لە جنسی کاربۆنن.

كەواتە ڕەگەزى چەپەڵ دەتوانێت بگۆڕێت بۆ ڕەگەزى چاك. ڕەگەزى چەپەڵ هيچى كەمتر نيە. تەنها دەبێ ڕێزبەندى نێوان پارچە و بەشەكانى بگۆڕدرێت. كيمياگەريش كت و مت واتاى ئەمەى هەيە . كاتێ خەمبارى جەژن بگێڕە، وە جوانكارييەكى نوێ بدە بە پەژارەكەت، بەم كارە شتێك زياد دەكەيتە سەر پەژارەكەو دەيگۆڕێت. توڕەيت؟ لاشەت بخەرە جوڵە. جوڵەكانت لە سەرەتادا نيشاندەرى ڕق و توڕەيى و پيش خواردنەوە دەبێت، بەڵام هێدى هێدى جوڵەكانت نەرمترو نەرمتر دەبنەوە ولە ناكاودا بەوە دەزانى كە توڕەييەكەت لە بير چوەتەوە. وزەى ناو توڕەييەكەت دەگۆڕدرێت بۆ گوێهەڵخستن و گوێڕايەڵى.

بۆچى كاتێك توڕەيت گۆرانى ناڵێيت؟ گۆرانيەكەت لە سەرەتادا خەماوى دەبێت بەڵام هيچ قەيدێكى نييە. ئايا تاوەكو ئێستا دەنگى كۆترە باريكەت بيستووە كە تاكە خۆشەويستەكەى بانگدەكات؟ دەنگى كۆترە باريكە لە سەرەتادا خەماوييە. بەڵام هێدى هێدى سەر ڕێژە دەبێت لە خۆشەويستى و خۆشى چونكە تاكەكەى وەڵامى بانگەكەى داوەتەوە. كاتێك كە خۆشەويستەكەى وەڵام دەداتەوە هەموو شتێك دەگۆڕێت. ئەگەر خەمبارى دەستبكە بە گۆرانى وتن، دۆعا كردن، سەماو هەڵپەڕكێ، هەر كارێك كە دەتوانى بيكە، وە دەبينى كە وردە وردە ڕەگەزى چەپەڵ دەگۆڕێت بۆ ڕەگەزى چاك واتە ئاڵتون.

کاتێك کە نهێنی و کلیلی ئەم کارە بدۆزێتەوە ژیانت بە جۆرێکی گشتی دەگۆڕێت، وە هیچ کاتێك وەکو پێشتر نابێت، دەتوانی بەم کلیلە هەموو دەرگایەك بکەیتەوە،ئەم کلیلەش هیچ نیە جگە لە جەژن).

بەسەرهاتێکی سێ زانای چینیم بیستووەکە هیچ کەس ناویان نازانێت، ئەوان بە (سێ خواوەندی پێکەنین) ناسرابوون، چونکە جگە لە پێکەنین هیچ کارێکی تریان نەدەکردە. بە پێکەنینەوە لەم شارەکەوە بۆ شارێکی تر دەڕۆیشتن ...... لە بازاڕدا دەوەستان و قاقا پێدەکەنین و بە شێوەیەك کە ئەوانەی کە لەناو بازاڕەکەدا بوون، لە فرۆشیار و دوکاندارەوە بیگرە تا کڕیارەکان، کارەکانیان بە جیچدەهێشت و لە دەوری ئەوان خڕ دەبوونەوە، ئەم سیانە بەڕاستی جوان بوون – جۆرێك پێدەکەنین کەسێك هەڵبەزو دابەزی دەکرد.

لەو کاتەدا ئەو دۆخە دەگوازرایەوە بۆ کەسانی دەوروبەریان و ئەوانیش پێدەکەنین هەموو بازارەکەپێدەکەنی. ئەوان بارودۆخی ناو بازاڕەکەیان دەگۆڕا. ئەگەر کەسێك بیووتایە (شتێکمان پێبڵێن) ئەوان وەڵامیان دەدایەوە کە ئێمە هیچمان پێ نیە بیڵێین. ئێمەتەنها پێدەکەنین وچۆنایەتی دەگۆڕین.ئەو بازارە تا چەند خولەکێك لەوەوپیش، شوێنێکی ناشیرین بوو وە ئەو خەڵکەی ناویشی تەنها بیریان لە پارە دەکردەوە و هەڵپەیان بۆ دەکرد – لەو شوێنەدا لەناکاو

سەروچاوی سێ شێت پەیدا دەبوو کە بە پێکەنینەکانیان باروودۆخی سەپاوی سەر بازارەکەیان دەگۆڕی.

ئێستا کەس لە بیری کڕین و فرۆشتندا نیە، چیتر هیچ کەس هەڵپەی نەدەکرد، تەماح و چاوچنۆکی لە مێشکی کەسدا نەدەما – ئەوان پێدەکەنین و بە چوار دەوری ئەم سێ شێتەدا پێدەکەنین، بۆ چەند ساتێك دەرگای نوێ خرایە سەر پشت بۆ ئەو خەڵکە.

ئەم سێ زانایە هەموو شوێنێکی چین گەڕان، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر تەنها لەبەر ئەوەی کە یارمەتی خەڵکی بدەن تا پێبکەنن، خەڵکی تووڕە، خەڵکی خەمبار، خەڵکی چاوچنۆك و خەڵکی حەسود هەر هەموویان لەگەڵ ئەم سێ شێتەدا پێدەکەنین، وە زۆربەیان کلیلی نهێنی گۆڕانکارییان هەستپێدەکرد.

تا یەکێك لەم سیانە لە گوندێکدا مرد، خەڵکی گوندەکە کۆبوونەوە وتیان ئیتر کاریان تووشی کێشە دەبێت، با بزانین ئێستا کە هاوڕێکەیان مردوە چۆن پێدەکەنن؟ ئێستا دەبێ فرمێسك بڕێژن، بەڵام کاتێك کە ڕۆشتن بۆ لایان، بینیان ئەم دوانە ئەوەتان بە دەوری هاوڕێکەیانداو پێدەکەنن و هەڵدەپەڕن، ئاهەنگی مردن دەگێڕن، خەڵکی گوندەکە وتیان (ئەمە ئیتر زیادەڕۆییە ئەم کارە دورە لە خوڕەوشتی مرۆڤەوە، سەماو هەڵپەڕکێ کردن لە کاتی مردنی کەسێکدا قێزەونە).

ئەو دوانە وتیان: (ئێوە نازانن چی ڕویداوە - ئێمە هەرسێکمان لە خۆمان دەپرسی ئاخۆ کامان لە پێش ئەوانی ترەوە بمرێت، ئایا چی لەمە باشترە کە سڵاو ڕێزو ماڵئاوایی لێبکەین؟ ئێمە دەبێت پێبکەنین و خۆشحاڵبین و جەژن بگێڕین ...... ئەمە تەنها ماڵئاوای یەکە، کە شایانی ئەوبێت، چونکە ئەو لە تەواوی تەمەنیدا لەگەڵ ئێمەدا پێکەنیوە، ئەگەر ئێمە بەو پێنەکەنین ئەو بە ئێمە پێدەکەنێت. وە بە خۆی دەڵێت ئەی گەمژانە دیسانەوە کەوتنەداوەوە؟ لای ئێمە ئەو نەمردوە پێکەنین چۆن دەمرێت؟

ژیان چۆن دەمرێت. پێکەنین هەتا هەتاییە، ژیان بێ کۆتاییە، جەژن و شادی بەردەوامە، ئەکتەرەکان دەگۆڕێت بەڵام شانۆکە هەر بەردەوامە، شەپۆلەکان تەواو دەبن بەڵام زریان هەر دەمێنێتەوە، تۆ پێدەکەنی و دەگۆڕێیت وە لە پاش تۆ کەسێکی دی پێدەکەنێت، پێکەنین هەیە لە جێگای خۆیدایە، بونەوەر بەردەوامە، ڕەوتێکی هەمیشەییە، ساتێك وەستان و لە جوڵە کەوتنی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵام خەڵکی گوندەکە لەمە تێنەدەگەیشتن و نەیاندەتوانی لەو ڕۆژەدا لە پێکەنینەکەیاندا بەشداری بکەن.

لاشەی مردووەکە دەبوو بسوتێنرایە، خەڵکی گوندەکە وتیان (هەر بەم شێوەیەی کە باوە دەبێ سەرەتا بیسوتێنین)) بەڵام ئەو دوانە ڕازی نەبوون و وتیان ((هاوڕێکەمان وەسێتی کردوە

کە هیچ بۆنەیەکی بۆ بەرپانەکەین، نەجلەکانی لەبەرداکەنن و نە بیشی شۆن بەڵکو هەر بەو شێوەیە بیخەنە ناو ئەو دارانەوە کە بۆ سوتان ئامادەکراوە، ئێمەش دەبێت وەسیەتەکەی جێبەجێ بکەین.

ئەم کارەیان کردو لە ناکاو ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش ڕوویدا، کاتێك کە تەرمەکەیان خستە ناو ئاگرەکەوە، ئاخرین فێڵی ئەو کابرا مردووە ئاشکرا بوو، ئەو لە ژێر جلەکانیدا بڕێکی زۆر ترەقەو بارووتی داشاردبوو کەتەق تەق و ئاگر بارانێکی سەیری سازکرد. لەوکاتەدا خەڵکی گوندەکە کەوتنە پێکەنین، دووپیاوە شێتەکە پێدەکەنین و خەڵکی گوندەکەش بە دوایاندا دەستیان کرد بە پێکەنین، مردنێك ڕوونەدابوو بەڵکو ژیانێکی نوێ دەستی پێکردبوو.

لە ڕاستیدا هیچ مردنێك (مەرگ) نییە، مردن دەرگایەکی نوێ دەخاتە سەر پشت. کەواتە مردن دەستپێکێکی نوێیە. ژیان لە بن نەهاتووە، هەردەم دەسپێکردنێکی نوێ لە ئارادایە، لە مردنەوە ژیان هەڵدەستێت.

ئەگەر پەژارەکەی خۆت بگۆڕی بۆ جەژن، ئەو دەمە دەتوانی لە مردنی خۆشت ژیانێکی نوێ بخوڵقێنیت، دەی هەتا کاتت بە دەستەوەیە ئەم هونەرە فێر ببن، دەرفەتی مردن مەدە بتفڕێنێ. تا ئەو دەمەی کە هونەری گۆڕینی ڕەگەزی چەپەڵ بۆ ڕەگەزی چاك فێر نەبوویت، ئەگەر بتوانی ناواخنی پەژارە

بگۆڕی، دەتوانی ناواخنی مردنیش بگۆڕی، ئەگەر بتوانی بە بێ هیچ مەرجێك ئاهەنگ بگێڕی و سەما بکەیت، ئەو کاتەش کە مردن دێت بە پیریتەوە دەتوانی پێبکەنی و جەژن بگێڕی و بە خۆشیەوە ئەم دونیایە بە جێ بهێڵیت، کاتێك کە بە خۆشی و شادییەوە بڕۆیت لەم جیهانە، مەرگ ناتوانێت تۆ بگۆڕێ، بە پێچەوانەوە ئەمە تۆیت کە مەرگ دەکوژی، بەم کارە هەستە و تاقیبکەوە، شتێك نیە کە بیدۆڕێنی، بەڵام هەندێ کەس سەرەڕای ئەوەی کە دەزانن هیچ شتێك نیە بیدۆڕێنن، تەنانەت زەحمەتی تاقی کردنەوەش بەخۆیان نادەن، بە ڕاستی چ شتێك هەیە بۆلە دەستدان؟

## چێژ وەرنەگرتن لە ژیان، تاوانە

## باگوان

داوات لێدەکەم کە هونەری ژیان بەسەربردنمان بۆ ڕونبکەوە

مرۆڤ بۆ ئەوە لە دایکبووە کە بژی بەڵام ئەمە بە تەواوەتی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، ئەوە دەتوانێت ژیانی خۆ لە دەست بدات، دەتوانێت هەناسە بدات و بخوات و پیربێت و پاشان ببرێت بۆ قەبرستان، بەڵام ئەمە ژیان نیە بەڵکو مردنێکی ئارام و لەسەرخۆیە لە بێشکەوە بۆ گڵکۆ، مردنێکی ئەوەندە لەسەر خۆ کە لەوانەیە حەفتا ساڵ درێژەی هەبێت.



Scanned by CamScanner

وە لەبەر ئەوەیکە ملیۆنـەها نەفـەر لـە دەوروبـەری تـۆدا هێدی هێدی دەمرن، تۆش دەسـتدەکەی بـە چـاوکردن لـەوان، منداڵەکان هەموو شتێك لـە دەوروبەکانیانەوە فێر دەبـن، باشـە، سەرەتا دەبێ بۆ ئێوەی ڕونبکەمەوە کە مەبەستم چیە لە (ژیـان). ژیان بە واتای پیر بوون نیە، بەڵکو گەشەکردنە.

ئـەو دوانـە بـە تـەواوەتی جیـاوازن لـە یـەکتر، پیربـوون تایبەتمەندییـەکی ئاژەڵییـە، لـە کاتێکـدا کـە گەشـە کـردن تایبەتمەندییەکە تایبەت بە مرۆڤ، بەڵام ژمارەیەکی کەم شیاوی ئەو گەشەیەن، بریتیە لەوەی کە مرۆڤ هەر ساتێك زیـاتر لـە جـاری پێشووتر قوڵیی کرۆکی ژیان هەستپێبکات، گەشـە کـردن واتـە دورکەوتنەوە لـە مەرگ، نەك بەرەو مردن ڕۆیشتن، هـەتا زیـاتر بڕۆیتە قوڵایی ژیانەوە، زاتی نەمری سەقامگیری ناخت زیـاتر بـۆ دەردەکەوێت.

ساتێك دێتە پێش کە تۆ لەوە دەگەی کە مردن شتێك نیـە جگە لە گۆڕینی جل و بەرگ، گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون و شێوە گۆڕکێ، هیچ شتێك نامرێت. لە ڕاستیدا ناتوانێت بمرێ.

مردن گەورەترین وەهمە، کە هەیە.

بۆ گەشە کردن تەنها سەیری درەختێك بکە، کاتێـك کـە درەخت گەشـە دەسـەنێت ڕیـشکەکانی بـەرەو قـوڵایی دەڕۆن، لێرەدا هاوکێشی هەیە. هەتا درەختەکە بەرزتر بێت ڕیـشکەکانی زیاتر دەچن بە زەویدا، درەختێك پەیدا نابێـت کـە بەرزییەکـەی

٥٠ مەتر بێت و ڕیشکەکانی بچووك بێت، ئەم ڕیشکانە ناتوانن درەختێ بەو مەزنییە ڕابگرن، گەشە کردن واتە ڕۆشتنە خوارەوە بە قوڵایی ناخدا، ئەو جێگایەی کە ڕیشکەکانتی لێیە.

بە بۆچوونی من یەکەمین کۆڵەکەی ژیان چاودێرییە.

هەموو شتەکانی تر لە پلەی دوهەمدا دادەنرێن، قۆناغی منداڵی باشترین قۆناغی ژیانە بۆ چاودێری هەتاوەکو تەمەنی مرۆڤ بڕواتە سەرەوە نزیکتر دەبێتەوە لە مەرگ و چاودێریکردن ئاستەمتر دەبێت، چاودێری واتە هەنگاونانە ناو هەرێمی نەمری و هەتاهەتایی، واتە بەرەو پێشچوون لەسەر زەمینی نەمریدا، واتە هەستکردن بە خودایەتی ناخ.

منداڵ شیاوترین گیانلەبەرە بۆ ئەم مەبەستە، لەبەر ئەوەی کە باری زانست و خوێندن و شتەکانی دیکە بەسەریدا کەوتووە قورسی ناکات، ئەو پارێزراوە لە تاوان، بەڵام بە داخەوە ئەم پارێزراوێتییە بە نەزانی لە قەڵەم دەدرێ، پارێزراوێتیەو نەزانی لەیەکدەچن، بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوانیاندا کە هەتاوەکو ئەمڕۆ لە لایەن مرۆڤەوە پشتگوێ خراوە.

منداڵێك شوێن خواز نیە، هیوایەکی نیە ساتەکانی بەرەو خۆیان ڕایدەکێشن، ساتێکی هەڵفڕینی باڵندەیەك بە باڵە بڵاوەکانییەوە سەرنجی بە جۆرێکی تەواو بێ وێنە بەرەو خۆی ڕادەکێشێت، بە سەیر کردنی پەپولەیەکی نەخشاوی ڕەنگاو ڕەنگ بەسە بۆ ئەوەندە بکەوێتە سەر لێوەکانی. پەلکە زێڕینەیەك

لە ئاسماندا ببینێت و تەسەورکردنی شتێکی چاوگیرترو سەیرتر لەم پەلکە زێڕینەیە ئیمکانی نیە، هەروەها ئەو شەوانەی کە ئاسمان پڕە لە ئەستێرە ....... پارێزراوێتی لە گوناه بە سامانە، فرە بەرهەمە، بێ وێنەو بێ خەوشە.

نەزانی خۆی لەخۆیدا هەژارە، سوال دەکات، داوای ئەمە دەکات، داوای ئەوە دەکات، خوازیاری ڕێزو هێژایی و سامان و هەژموونە.

نەزانیی بە ڕێگەی حەزو هیواو ئارەزووەکاندا دەڕوات، پارێزراوێتی بارودۆخێکە کە نەبونی هیوا تێیدا دەسەڵاتدارە، وە لەبەر ئەوەی کە هەردوکیان لە زانایی بێ بەشن، ئێمەی مرۆڤ لە ناسینی ناواخنی ئەوانەدا سەر لێ شێواو بووین، وە لەبەر ئەوەی خۆمان ئاسودە بکەین ئەو دوانە وەك یەك سەیر دەکەین.

یەکەمین هەنگاو بۆ فێر بوونی هونەری ژیان بەسەربردن، کێشانی هێڵێکی سورە لە نێوان بێ ئاگایی و پارێزراوێتیدا، پارێزراوێتی دەبێ بەهێز بکرێت، پارێزگاری لێبکرێت، پارێزراوێتی خشڵێکی زۆر بە نرخە کە منداڵ بە دیاری دەیهێنێت ، ئەو زێڕەی کە بیریاران و ژیر یاران لە پاش ڕەنج کێشان و چەرمەسەرییەکی زۆر بە دەستی دەهێنن، ژیریاران ووتویانە ئێمە لە ئەنجامدا بووینەتەوە بە منداڵ لە دایکبونێکی دووبارە.

لە (هیند) دا ژیریارانێکی ڕاستەقینە خۆی بە (دۆیج) دەزانێت، واتەکەسێك کە سەر لە نوێ لە دایك دەبێتەوە، بۆچی



Scanned by CamScanner

سەر لە نوێ؟ ئەی لە دایکبوونی یەکەمجار چی لێهات؟ چ پێویست بە لە دایکبوونی دووبارە دەکات؟ دەستکەوتی لە دایکبوونی دووهەم چیە بۆ ئەو؟ لە لەدایك بوونی دووهەمدا ئەوەی دەستدەکەوێتەوە کە لە لەدایکبونی یەکەمدا هەیبوو، بەڵام کۆمەڵگاو دایك و باوك و دەوروبەر ئەو شتەیان وردو خاش کردولەناویان برد.

سادەیی منداڵ دەبێ بە جۆرێك لابچێت، لەبەر ئەوەی کە سادەیی لە دونیایەکدا کە بنەمای پێشبڕکێ ئەسپی خۆی تێدا تاو دەدات بە کەڵك نایەت. سادەیی لە بۆچونی خەڵکی ئەم جیهانەدا بە گەمژەیی نوزەد دەکرێت، پارێزراوێتی بەهەر شێوەیەك بکرێت کەڵکی خراپی لێوەردەگیرێت، ترسان لە کۆمەڵگاو ترسان لەم دونیایە ئێمەی وا پێگەیاندووە. وە ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان هەوڵدەدەین کە منداڵەکانمان ژیرو وریاو زیتەڵ پەروەردە بکەین، تا لە پێڕی پیاوە بە دەسەڵاتەکان بن نەك لە پێڕی بێ دەسەڵات و لاوازەکان، هەر منداڵێك هەنگاوی هەڵ هێنایە ناو ئەم ڕێگە هەڵەیە و بەرەو پێش ڕۆشت، ئەوا هەموو ژیانیشی هەر بەو ڕێگەیەدا دەڕوات و ژیانی بە فیڕۆ دەڕوات.

هەرکاتێك هەستتان بەوە کرد کە تاوەکو ئێستا ژیانتان بە فیڕۆ داوە، یەکەمین بنەمایەك کە دەبێ بۆی بگەڕێنەوە بنەمای پارێزراوێتییە.



Scanned by CamScanner

سەر لە نوێ سادەو ساكار بن هەروەكو منداڵێك، ڕوودانی موعجیزەیەكی ئاوەها تەنها بە چاودێری كردن دێتەكايەوە، چاودێری تەنها ڕێگەیەكی قوڵی و زۆر وردە كە دەتوانێت دورت بخاتەوە لە هەموو ئەو شتانەی كە هی تۆ نین و تەنيا شتێك كە بۆتی دەهێڵێتەوە خودیڕاستەقینەو دەرونی تۆیە.

دووهەمین بنەمای ژیان ڕێبوار بوونە، ژیان چالاك و زیندوە، زیندو چالاك نەك لە ڕوی هیواوە، بەڵكو تەنها دۆزینەوە چاكە نەك لە ڕووی شوێن خوازی بۆ بە دەستهێنانی پلەو پایە، بەڵكو سوسوكردن و گەڕان لە دوی ئەوەی (من كێم)؟ زۆر دانسقەیە ئەو كەسانەی كە تاوەكوئێستا خۆریان نەناسیوە، دەیانەوێت ببنە كەسێك بۆ خۆیان، ئەوان لەگەڵ ناخی خۆیاندا نامۆن، بەڵام مەبەستیان ((بوون بە كەسێك)) ە.

(بوون) جۆرێك نەخۆشییەكە ئازاری گیان دەدات، گرنگ دەرككردنی ((بوون)) ە.

ناوكی بوونی خۆت بدۆزەرەوە، دەسپێكی ژیانە، ئەو ساتە هەموو ساتێكی ژیان هاوڕێیە لەگەڵ دەرخستنێكی نوێ، هەموو ساتێك خۆشییەكی نوێت پێشكەش دەكات، هەر شتێك كەتاوەكو ئێستا تاقیت نەكردوەتەوە،هەستتدارییەكی نوێ لە مەڕ جوانی و خودایەڵی.

ئەوەندە هەستیار دەبیت كە بچوكترین پەڕەی ڕووەكێكیش گرنگییەكی گەورەی دەبێت، لە ڕێگەی ئەم هەستیاریەوە بۆت



Scanned by CamScanner

دهردهکهوێت که ئهم پهڕه گیایه ههر ئهوهنده گرنگی ههیه که ئهستێرهیهك ههیهتی، به بێ ئهم پهڕه گیایه بونهوهر لهوه کهمتر دهبێت که ئێستا ههیه، ئهم ڕووهکه له جۆری خۆیدا تایبهتییهکی تاکی ههیه، ناکرێت له بری هیچی تردابنرێت، کهسایهتی تایبهتی خۆی ههیه، ئهم ههستداریه پهیوهندییهکی دۆستانهی نویَ له تۆدا بهدیدههێنێت سهبارهت به گیانلهبهرهکانی تر، سهبارهت به درهختهکان، باڵندهکان، ئاژهڵهکان، کێوهکان، ڕووبارهکان و دهریاکان و ئهستێرهکان، هاوڕێ لهگهڵ پهرهسهندنی خۆشهویستی و هاوڕێیهتیدا. ژیانیش فره بارترو دهوڵهمهندتر دهبێت.

له ژیانی (فرانسیس) [٦] ی پیرۆزدا ڕووداوێکی زۆر دانسقهو سهیر ڕوویداوه، ئهو گوێ درێژێکی ههبوو که ههمیشه بهو گوێدرێژه گهشتی کردوه، کهله ههموو ههورازو نشێوێکدا لهگهڵیدا بووه، ڕۆژێکیان که فرانسیسی پیرۆز له سهرهمهرگدا بوو، ههموو قوتابیهکانی کۆبونهوه تاوهکو وتهی ماڵئاوایی ببیستن، دواین ووتهکانی پیاوێکی لهم پێرِه ههردهم گرنگه لهبهر ئهوهی که ئهزموونی تهمهنێکی له پشتهوهیه، بهڵام واقیان وورِما بهو قسانهی کهلهو ڕۆژهدابیستیان.

فرانسیس ی پیرۆز لهجیاتی ئهوهی ڕووبکاته شوێنکهوتوانی، ڕوویکرده گوێدرێژهکهو ووتی: ((هاورِێی من، من زۆر قهرزارباری تۆم.))

---

[٦] یهکێکه له زانا مهسیحیهکان که ناسراوه به (فرانسیس ئاسیزی).

تـۆ هەمیـشە منـت لــە شــوێنێکەوە بـۆ شــوێنێکی تـر دەگواستەوە بێ ئـەوەی هـیچ کاتێـك قـسەیەکت کردبـێ یـان بکەویتە مەشەکردن، تەنها شتێکیش کەلە پـێش بـەجێ هێـشتنی ئەم جیهانەوە دەمەوێت ئەوەیە کـە تـۆ بم بەخـشی و چاوپۆشـیم لێبکەیت، هەڵسوکەوتی من لـەگەڵ تۆدا مرۆڤانە نەبووە.

ئەمانەیە دوا وتەکانی (فرانسیسی پیرۆز).

تاوەکو مرۆڤ هەستیارتر بێت، ژیان بواری گەورەتر لـە خـۆ دەگرێ بۆی، ژیان چیتر وەکو گۆمە ئاوێك نیە بۆی، بەڵکو وەك زەریا وایە، ژیان ئیتر سنور دار نیە بە خـۆت و هاوسـەرەکەت و منداڵەکانتەوە، سنورداریێتی واتایـەکی نابێـت، هـەموو بونـەوەر دەبێ بە خێزانی تۆ، وە هەتاوەکو ئەو کاتـەی کـە ئـەم ڕووداوە ڕوونەدات تۆ لـە واتای ژیان ناگەیت، ژیان دورگە نییـە هـەموو پەیوەندیان هەیە بە یەکەوە، ئێمە وەکو کیشوەرێکین کە خاوەنی ملیۆن هاوڕێگەی پەیوەندیە، ئەگەر دڵەکانمان بـە تـەواوەتی لــە خۆشەویستی و عەشق سەرڕێژ نەکەین، بەو ئەندازەیـە ژیـان بـە فیرۆ دەدەین.

چاودێری خەڵاتەکانی هەستیاری و هەستی پەیوەندیت بـەم دونیایەوە پێ دەبەخشێت، ئێمـە هـی ئـەم جیهانـەین ئێمـە لـەم جیهانەدا غەریب و نەناس نین.

ئێمە لـە زاتدا خاوەنمان ئەم بونەوەرەیە و بەشێکین لێی. لە ڕاستیدا ئێمە دڵی ئەم بونەوەرەین، دوهەمین دیاری چاودێری بێ

دەنگییەکی شکۆدارە، ئەم بێدەنگییە خوازیاری فڕێدانی ئەو پۆخڵەواتەیە کە لە مێشکماندا کەڵەکە بوون و ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە کە بە زانست ناسراون، بەهۆی چاودێریکردنەوە ئەو بیرۆکەیانەی کەبە هۆی بوونی ئەم زانیاریانەوە لە مێشکدا دروستدەبێت، لەناو دەبات، ئەو کاتە بێدەنگییەکی گەورە هەستپێدەکەن، وە دەنگێکی خۆش لێرەدا دەبیسترێ کە هەر ئەو بێدەنگیەیە.

مۆسیقای ڕاستەقینە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەو بێدەنگییەی کە لە چاودێریدا تەجروبە دەکرێت، بیر یاران و زانایانی ڕۆژهەلاّت هەموویان جەختیان لەسەر ئەو خاڵە کردۆتەوە کە هەموو هونەرە جوانەکانی – مۆسیقاو شیعرو شێوەکاری و پەیکەر تاشی – لە چاودێرییەوە هەڵساون. ئەم هونەرانە هەوڵێکن تا لە ڕێگەی ئەوانەوە نەناسراوەکانی جیهانی ناخ بگوازنەوە بۆ جیهانی ناسراوەکان، بۆ ئەو کەسانەی کە ئامادەیی ئەوەیان تێدا نیە شارەزای جیهانی ناخ بن.

لەوانەیە دەنگێکی خۆش ئارەزووی ئەوە لە مرۆڤدا بخولقێنێت کە بڕوات بە شوێن سەرچاوەی ئەو دەنگەدا یان لەوانەیە بینینی هەیکەلێك و .... ئەگەر جارێك چونە ناو پەرەستگای بوزاییەکان یان هندۆسەکان لە بێدەنگی دا دابنیشن و بڕواننە هەیکەلەکان،ئەم قاپوورانە بە شێوەیەك دروستکراون کە سەیر کردنیان مرۆڤ دەخاتە بێدەنگییەوە، جا ئەگەر قاپوری



Scanned by CamScanner

بوزا بێت یان (مەهاڤیر) [(٧)] هەموو ئەو هەیکەلانەی کە لە پەرەستگای دین و مەزهەبە جیاجیاکاندا دەبینرێن لە ڕووی شێوەو دۆخەوە وەکو یەکن، لە سەردەمی منداڵیدا هەردەم ئەم پرسیارەم هەبوو کە بۆچی ئەم قاپورانە ئەوەندە لەیەك دەچن؟ بە ئاشنا بوونم بە جیهانی چاودێری بە بێ یارمەتی هیچ کەسێك وەلامی ئەم پرسیارەم دۆزییەوە، دۆخ و شێوەی ئەم هەیکەلانە ئاماژەیە بۆ ئەو بارودۆخ و شێوەیەی کە لەکاتی چاودێریدا دێتە پێش، هەر بەو جۆرە لەشی مرۆڤ لە کاتی تورە بوون یا خۆشحاڵیدا دۆخێکی تایبەت بە خۆ دەگرێت لە کاتی چاودێریشدا بەو جۆرەیە، لە ڕاستیدا بۆ پاڕانەوە و پەرەستن دروستنەکراون، ئەوانە بۆ گواستنەوەی ئەزمون دروستکراون، ئەم پەرستگایانە زیاتر لە تاقیگەیەکی لیکۆڵینەوە دەچن و هیچ پەیوەندییەکیان بە مەزهەبەوە نیە، لەوانەدا لە زانستێکی شاراوە کەڵك وەردەگیرێت، تالەو ڕێگەیەوە هەموو وەچەکانی داهاتووی مرۆڤیش بتوانن پەیوەندی دروستبکەن لەگەڵ ئەزمونەکانی باووباپیرانیاندا، نەك لە ڕێگەی کتێب و وشەوە بەڵکو لە ڕێگەی شێوازێکەوە کە هەبوونی مرۆڤ تاوتوێ دەکات، واتە بێدەنگیو چاودێری و ئۆقرە گرتن.

---

١- [7] mahavira (٥٢٧ – ٥٩٩ پ. ز) بە پێ ڕەوایەتی جەین، ٤٧٧ – ٥٤٩ پ.ز بە پێی لێکۆڵینەوە زانستییە نوێیەکان) بە واتای پاڵەوانی گەورەیە، دامەزرێنەری دینی (جین) «jainism» باوە لە هندستاندا.

بەزۆر بوونی دەرکی تۆ لە بێدەنگی ناخ، هەستی خۆشەویستی و هاوەڵیش لە تۆدا گەشە دەکات و پەرە دەسەنێت.

هەر ساتێك لە ساتەکانی ژیانت سەر ڕێژ دەبێت لە جەژن و خۆشی. ئایا تاوەکوئێستا بیرتان لەوەکردۆتەوە کە لە هەموو جێگەیەکی دونیادا لە هەموو کلتوورو کۆمەڵگایەك دا، تەنها چەند ڕۆژێکی بە پەنجە ژمێراو تەرخان کراوە بۆ جەژن.

جەژنی ڕاستەقینە دەبێت لە ناخ و ژیانی تۆوە هەڵقڵێت. ژیان دەبێت جەژنێکی بەردەوام بێت، ئەو کایە ئاگرینە بێت کە تاکو کۆتایی ساڵ بەردەوام بێت، تەنها لەم دۆخەدایە کە مرۆۋ گەشە دەکات و دەپشکوێ، هەموو ڕووداوێك بگۆڕە بە جەژن.

لە یاباندا چا لە بۆنەیەکی تایبەتدا دەخورێتەوە، لە پەرستگای (زن)هەر شەخسێك کە توانای بەڕێوەبردنی ئەو جەژنەی هەیە، جێگایەکی تایبەت وەکو پەرستگایەکی بچووك تەرخان دەکەن بۆ خواردنەوەی چا، خواردنەوەی چاکە شتێکی ڕۆژانەیەو زۆر ئاساییە گۆڕاویانە بۆ جۆرێك لە جۆرەکانی جەژن، ئەم (چایخانە) زۆر کات لە باخێکی ڕازاوەو پڕ لە گوڵ کە حەوزێکی تێدایەو قوڵنەیەك مەلەی تێدا دەکات، دروست دەکەن.

میوانەکان کاتی هاتنە ناو پەرستگاکە پێڵاوەکانیان دادەکەنن، کاتێ ڕۆیشتیتە ناو پەرستگاکەوە ئیتر نابێ قسە



Scanned by CamScanner

بکەیت، هەر بەو جۆرەی کە پێڵاوەکانت لە دەرەوەی پەرستگاکە دادەکەنیت دەبێ هەرچی بیر کردنەوەو قسە لە مێشکت دایە لە دەرەوەی پەرستگاکە بەجێ بهێڵیت، ئەوسا بە شێوەی چاودێری کردنانەوەو لەسەر زەوی دادەنیشیتوو میوانداری پەرستگاکە پیاڵەو ژێر پیاڵەیەکت بە ڕێزەوە پێشکەش دەکات، هەموو لە بێدەنگیدان و گوێ دەگرن لە دەنگی باڵندەکان، لە دەنگی سەماوەر.. لە دەنگی چاو لە هێمنیی.

کاتێك کە چاکە کوڵا، بۆت تێدەکەن، بەڵام تۆ چاکە بەو شێوەیە ناخۆیتەوە کە لە شوێنانی دیکەدا باوە، پیاڵەکە دەگری بە دەستەوەو سەرەتا بۆنی پێو دەکەیت، ئەوسا چاکە چەشە دەکەیت وەکو ئەوەی کە خەڵاتێك بێت لە لایەن خوداوە، هەموو ئەو کارانە لە کاتی خۆی دا ئەنجام دەدەیت و هیچ پەلەکردنێك لە ئارادا نیە، لەوانەیە لەو کاتەدا یەکێك دەست بکات بە ژەندنی ئامێرێکی مۆسیقا کە دەنگێکی گوێچکە لاوێنی هەبێت وەك فلوت، سەیرکە ئەوان چۆن لە شتێکی ئاسایی – خواردنەوەی چا – بۆنەیەکی جوانیان دروست کردوە، بە شێوەیەکی وا کە هەر کەسێك لەم چایخانەوە دێتە دەرەوە هەست بە لاوێتی و هێزی دووبارە دەکات.

ئەو کارەی کە بە چا دەکرێت بە هەموو شتێکی تریش دەتوانرێت بکرێت وەکو جل و خواردن، ئەگەر هەستدار بیت دەبینیت کە جل و بەرگ تەنها بۆ پۆشینی لاشە نییە، بەڵکو



Scanned by CamScanner

ئاماژەیە بۆ کەسایەتی، سەلیقە، ڕۆشنبیری دواجاریش هەبوونی تۆیە.

هەر کارێک کە ئەیکەیت دەبێ دەربڕی کەسایەتی و تایبەت بە خۆت بێت، یاوەکو دەڵێت دەبێ واژوی خۆتی لەسەر بێت، ئەو کاتەیەکە ژیان جەژنێکی بەردەوام و هەمیشەیی، کاتێك کە نەخۆش دەکەویت و لە جێگەدا دەکەویت، ئەو ساتانەی پشودان لە قەرەوێڵەکەدا بگۆڕە بۆ ساتێکی جوان و شادی هێن، چەند ساتێك بۆ ئۆقرە گرتن بۆ پشودان و بۆ چاودێریکردن بۆ گوێ گرتن لە مۆسیقا یان هۆنراوە.

نەخۆشی هۆیەك نیە بۆ خەمبار بوون، مرۆڤ دەبێ پێی خۆش بێت بۆ ئەوەی کە هەموان لەسەر ئیش و کاری خۆیانن کەچی تۆ وەکو پاشایەك لە سەر قەرەوێڵەکەت ڕاکشاوی و پشوو دەدەیت. یەکێك چات بۆ ئامادە دەکات و یەکێك دێتە لات و ....

ئەم شتانە لە هەموو چارەسەرێك باشترن، کاتێك کە نەخۆش دەکەویت پزیشك بانگ بکە، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوانە بانگ بکە کە تۆیان خۆش دەوێت، چونکە هیچ دەرمانێك هیچ چارەسەرێك، باشترو کاریگەرتر نیە لە خۆشەویستی، ئەوانە بانگ بکە کە دەتوانن جوانی و مۆسیقاو هۆنراوە بخولقێنن.

چونکە هیچ شتێك وەکو کەش و هەوای جەژن و شادی شیفابەخش نیە، بەکار هێنانی دەرمان چەپەڵترین جۆری



Scanned by CamScanner

چارەسەرکردنە، بەڵام وا دیارە کە ئێمە هەموو شتێکمان لە بیر بردۆتەوەو پاشکۆی داودەرمان بووین، بۆیە لە کاتی نەخۆش کەوتندا مۆن و ڕووترش دەبین.

هەمیشە لێهاتووبە. لە خراپترین باشترین بخوڵقێنە، بە لای منەوە ئەمە واتە ((هونەر)) ئەگەر مرۆڤ هەموو ساتەکانی لە خوڵقاندنی جوانی و خۆشەویستی و خۆشیدا بباتە سەر، مردن دەبێتە لوتکەی ژیان، مردن بەو جۆرە کە هەموو ڕۆژێك ڕوودەدات، ئەگەر مردن ناشیرین و دزێو بێت، بەو واتایە کە هەموو ژیان بە بێ کەڵك بە فیڕۆ چووە، مردن دەبێ لە خۆ گرتنێك بێت هاوڕێ لەگەڵ هێمنی و چونە ژوورەوەیەکی عاشقانە بۆ جیهانی هەتا هەتایی و ماڵئاواییەکی شادی بەخش بێت لە هاوەڵانی دێرین، خەم و پەژارە نابێ جێگەی ببێتەوە.

مامۆستایەکی زن کە ناوی (لین شی) بوو. لە کاتی سەرەمەرگدا، هەزاران لە هاوەڵانی لە دەوری کۆبوونەوە تا دواین وتەو ئامۆژگاریەکانی ببیستن، بەڵام لین شین بە شادییەوە پاڵ کەوتبوو هیچی نەدەگوت، بە بینینی ئەم بارودۆخە یەکێك لە هاوڕێ دێرینەکانی کە ئەویش مامۆستا بوو لە پلەی خۆیدا ڕوویکردە لین شیی و پێی وت: (لە بیرت چووە کە دەبێ دواین و وتەکانت بڵێی؟ من هەر وتبوم کە هۆشت لە جێگەی خۆیدا نیە، ئەڵێی لە بیرت چووە کە خەریکە دەمریت؟)

لین شین ووتی: (گوێ بگرە). بەسەر ساپیتەکەوە [1] دوو سمۆرە ڕایاندەکردو دەیانقیژاند، لیشن شیی ووتی: (چەند جوانە) و مرد.

بۆ ساتێك، كاتێ كە لین شی ووتی: (گوێ بگرە) بێدەنگییەكی ڕەها باڵی كێشابوو بەسەر بارودۆخەكەدا، هەموویان وا بیریان دەكردەوە كە ئێستا وتارێكی بێ وێنە دەدات، بەڵام وانەبوو، تەنها ڕووداوێك كە ڕووی دا ئەوە بوو كە دوو سمۆرە بەسەر ساپیتەكەوە ڕایان دەكردو شەڕیان دەكردوو دەیان قیژاند، لین شی بزەیەكی كردو مرد ..... بەڵام پەیامەكەی گەیاند بە ئامادەبووان، لە نێوان هیچ شتێك دا جیاوازی وەك گەورەیی یان بچوكی گرنگ یان گرنگ نەبوون، مەكەن، ساتی مردنی لین شی هەر ئەوەندە گرنگە كە ڕاكردنی ئەو دوو سمۆرەیە گرنگە، جیاوازیەك نیە لە نێوان ئەو دوانەدا، لەبونەوەردا هەموو شتێك وەك یەك و یەكسانن.

هەموو فێركارەكانی ئەو بەم شێوەیە بوو: گەورەو بچوك، گرنگ و ناگرنگ و جودی نیە، ئەمە بۆ چوون و لێكدانەوەو خستنە پاڵی مرۆڤەكان بونیان پێدەبەخشێت.

چاودێریكردن بكە بە دەسپێك، و بینەری گەشەو چرۆ كردنی بێدەنگی و خۆشی و شادی و هەستیاری ناخت بە، هەرچییەكت لە ڕێگەی چاودێرییەوە بە دەستهێنا هەوڵبدە بیگوازیتەوە ناو ژیانی ڕۆژانەت، بەشی خەڵكی لێبدە، چونكە هەر شتێك ببەخشیتەوە خێرا زیاد دەكات.



Scanned by CamScanner

وە کاتێك گەیشتە خاڵی مردن تێدەگەیت کە مردن بوونی نیە، تۆ دەزانی ماڵئاوایی لەم جیهانە بکەیت بە بێ ئەوەی کە پێویست بە فرمێسکی خەماوی بکات، لەوانەیە فرمێسکی خۆشی هەبێت بەڵام ئەسرینی پەژارە نە ء

بەڵام بۆ گەیشتن بە قۆناغێکی ئاوەها دەبێ پارێزراوێتی بکەیتە خاڵی دەسپێك. ژیان گرتووخانە نیە، ژیان تۆڵە کردنەوە نیە، ژیان پاداشتێکەو کەسانە خەڵات دەکرێت کە شایانی بن ... ئەمە مافی تۆیە کە لەم ژیانە چێژ وەربگریت. ئەگەر وانەکەیت تاوانت کردووە.

ئەگەر ئەم بونەوەرە هەر بەم شێوەیە کە دۆزیویەتەوە بە جێ‌ی بهێڵێ و جوانتری نەکەیت دیارە لە دژی کارت کردووە، پێش ئەوەی بە جێ‌ی بهێڵی تۆزێك جوانتر و دڵگیرتری بکە.



Scanned by CamScanner

# بارودۆخێکی زۆر مەترسیدار

باگوان

هەر بەو شێوەیەی کە موگناتیس ئاسن بەرەو خۆی ڕادەکێشێت لە (ڕاجیش بورام) ی ئەمەریکا بەرەو کەمۆنەکەی تۆ ڕاکێشراوم، هەستێکی ناوەکی بە منی دەوت کە لە دونیادا هیچ شوێنێك نیە کە مرۆڤ بتوانێت پڕ بە دڵ ژیانی تێدا تاقیبکاتەوە، من کە نەهیچکام لە کتێبەکانی تۆم خوێندبوویەوە نە کتێبەکانی تریش کە لە بواری باسە مەعنەوییەکاندا وەك دۆزینەوەی ڕاستی، ئامادەبوون و بەرەو پێشبردنی بە ئاگابوون، پێم سەیرە چۆن بەرەو کانییەکەی تۆ دێم، لە کاتێکدا کە تینوم نیە، یان بە لای کەمەوە هێشتا ئەزمونی ئەم تینویەتیەم نیە. ژیان مەتەڵێکە و دۆزینەوەی ڕوونکردنەوەیەکی ژیرانە سەبارەت بەوەی کە ڕوودەدا بۆت و بۆچی ڕوودەدا، هەردەم مومکین نیە، لە پلەی یەکەمدا هەر بۆچی لەم دونیایەدا دەژین؟ وەڵامێك نیە بۆ ئەم پرسیارە بۆچی مکرۆڤ لە ناکاو وە بە بێ هیچ ئاگاداریەکی لەوەو پێش عاشق دەبێت؟ وەڵامێکی ژیر بێژیانەی نیە، بۆچی گوڵ زۆر جوان دێتە پێش چاو؟ ناتوانی ڕونی بکەیتەوە.

تۆ دەڵێیت هەروەکو موگناتیس چۆن ئاسن ڕادەکێشێت کەمۆنەکەی من تۆی ڕاکێشاوە، لە ڕاستیدا کەس تێناگات، تۆوادەزانی ئەم خەڵکە کە لێرەدا دەیانبینی دەزانن بۆچی لێرەن؟

وا دەزانی تەنانەت منیش دەزانم بۆچی لێرەم؟ تەنها شتێك كە دەتوانم بیڵێم ئەمەیە: من لەبەر ئێوە لێرەم وە ئێوەش لەبەر من لێرەن. كە ئەم وتەیەش هیچ جۆرە ڕونكردنەوەیەك دەرناخات، ئەگەر بەو جۆرەی كە دەیبینی، ئەم هەستە لەتۆدا دروستبووە كە لە دونیادا هیچ شوێنێكی تر نیە كە بتوانرێ پڕ بە دڵ ژیانی تێدا تەجروبە بكرێت، لەوە زیاترت دەستدەكەوێت كە پێویستت پێیەتی، هەر ئەوەی كە وەك و ئاسن لە لایەن موگناتیسەوە ڕاكێشراویت بەسە. هەموو كەس لە ناخدا حەزی لەوەیەكە ژیان تەواو بە چاكی هەستپێبكات.

لە دەوروبەری تۆدا كەسانێك پەیدا دەبن كە سودو بەرژەوەندییان لەوەدایە نەهێڵن تۆ تامی ڕاستەقینەی ژیان بچێژی، چونكە ئیتر ناتوانن تۆو ئەوانەشی كە وەكوتۆ وان وەبەر بهێنن، كەسێك كە پڕ بە دڵ و بە مەبەستەوە هەست بە ژیان بكات، هیچ كاتێك هۆگری ئارەقخواردن یان مادە سڕ كەرەكان نابێت، زۆر سروشتییە،ئەو كەسانەی كە ملیۆنەها دۆلاریان لە فرۆشتنی مەی خۆشاو و مادە سڕكەرەكانەوە دەستدەكەوێت، ناتوانن ڕوخسەتی ئەوە بە تۆ بدەن كە تامی ڕاستەقینەی ژیان بچێژی، ژیان خۆی لە خۆیدا ئەوەندە جوان و چێژدارە كە تۆ هیچ كاتێك ئامادە نابیت كە ئەم چێژداریە بە خواردنەوەی مەی كەم ڕەنگ یان لە ناو ببەیت، خواردنی ئەسپەرتۆ (ئارەق) كاری



Scanned by CamScanner

مرۆڤە خەمبارەکانە، ئەو کەسانەی کە تووشی کێشە بوون و دەیانەوێت لە ڕێگەی خواردنەوەوە ئەگەر بۆ چەند کاتژمێرێکیش بووە کێشەو گرفتەکانیان لە بیر بەرنەوە، خواردنەوە هیچ شتێك ناگۆڕێت، بەڵام خواردنەوەی بۆ ئەم چەند کاتژمێرەش زەرورەتێکی گرنگ لە قەڵەم دەدرێ بۆ ملیۆنەها کەسی ئەم جیهانە.

ئەگەر مرۆڤەکان پەییان بە یەکپارچەیی ژیان ببردایە، هیچ کاتێك بۆ بینینی فیلمە پلە ٣ کان لە بەردەم سینەماکاندا ڕیزیان نەدەبەست، و سەیری بەرنامە جنسیە وروژێنەرەکانی تەلەفزیۆنیان نەدەکرد.

کاتێك مرۆڤ خۆی دەتوانێت خۆشەویستی بکات، چ پێویستیەکی بە سەیر کردنی دڵداری و ڕابواردنی خەڵکی هەیە لەسەر پەردەی سینەما؟ کاتێ کە دەرخستن و کەشفی چەمکی ژیان هەروەك مەتەڵێکی گەورەو گران لەبەردەمتایە؟ ئیتر چ پێویست دەکات تۆ سەیر کردنی ئەو وێنە وروژێنەرانە بکەیت؟ ئەو مرۆڤەی کە بە تێر و تەسەلی بژی هەستی شوێن خوازی فڕێدەدات. ئەو هێندە خۆشحاڵ و شادومانە لە ساتی ئێستادا کە ئیمکانی هەبوونی خۆشی لەمە زیاتری بۆ بەرجەستە ناکرێت لە مێشکدا، شێتی ڕۆژانەی مرۆڤ، واتە: حەزو هیواو تەماح، بەهۆی دەرك نەکردنی تێگەیشتن و چەمکی ژیانە، بەردەوام بۆشاییەك هەیە، هەردەم شتێك کەمە، هەردەم بە خۆت دەڵێیت

زۆر شت هەیەکە دەبوو لەوەی کە ئێستا هەیە، باشتر بوایە، لەناخی ئەم ژیانە دوو جەمسەریدا یەدا – ڕاستی لە لایەك و حەزو هیوا لە لایەکی ترەوە، هەستی شوێن خوازی و فرەخوازی هەڵدەقوڵێت و کایەی هەمیشەیی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی درێژەی هەیە، هیوای دەوڵەمەند بوون، ناوبانگ بەدەستهێنان، بوون بە خاوەنی هەژموون و دەسەڵاتخوازی مێشکی مرۆڤ تێکدەپڕێنێت.

ئەو مرۆڤەی کە ئەزموونی ژیانی بە جۆرێکی تێرو تەواو هەیەو گەشتووەتە پلەی بەرزی مرۆڤایەتی، مرۆڤێك کە هەر ساتێکی ئەم ژیانە بەهەشتێکە بۆی، وە لە کرۆکی خودایەتی ژیان گەشتووە پێویستی بە پەرەستنی هەیکەلە بێ گیانەکان نیە.

## دڵ بدە بە ئاودا

ژیان بەسەر بردن ئازایەتی و چاو نەترسی دەوێت، مرۆڤە ترسنۆکەکان تەنها هەناسە هەڵدەکێشن، ناژین، لەبەر ئەوەی کە ترسان و دڵەڕاوکێ باڵی کێشا وە بەسەریاندا، ئەو ژیانەی کە ترسان تێیدا جێگەی ببێتەوە لە مردن خراپترە، ئەو مرۆڤانە لە دۆخی (پارانۆیا) دا دەژین و لە هەموو شتێك دەترسن، نەك تەنها لە شتە ڕاستەقینەکان بەڵکو لە شتە خەیاڵی و درۆینەکانیش دەترسن، لە جەهەنم دەترسن، لە ڕۆحەکان دەترسن، لە خودا دەترسن، ئەوان لە هەزارو یەك شت کە دروستبوی خەیاڵی خۆیان یان خەڵکی دیکەیە دەترسن، لە ئەنجامدا ترسان بە

شێوەیەك گەشەو دزە دەكاتە ناو ژیانیانەوە كە ژیان بەسەر بردن بۆیان دەبێتە شتێكی زۆر ئاستەم.

گریان كاری مرۆڤە چاو نەترس و دلێرەكانە. یەكەمین بنەمایەك كە دەبێ لە ژیاندا فێری ببین ئازایەتی و چاو نەترسانە، هەرچەندە دڵەڕاوكێ و ترس زۆرن بەڵام مرۆڤ دەبێت بایەخ بدا بە ژیان، ئێستا بوێری بۆچی پێویستە بۆ ژیان؟ لەبەر ئەوەی كە ژیان خۆی لە خۆیدا نائارام و بێ ئاسایشە، ئەگەر هەمیشە لە خەمی ئاسایش و ئارامیدا بیت، لە ڕاستیدا دەبیتە بەندكراوی ئەو گرتووخانەیەی كە بە دەستی خۆت بۆ خۆتت دروستكردوە، شوێنێكی ئارام بێ دەچێت ئاسایشی تێدابێت بەڵام بە دڵنیاییەوە زیندو نیە، لەوێدا داستان خوازی و خۆ خستنە مەترسییەوە بوونی نیە.

ژیان بریتیە لە كەشف كردن و گەشتە بۆ سەر زەمینی نەناسراوەكان. دەست بەرەو پێشبردنە بەرەو ئەستێرەكان، ئازابەو هەموو جۆرە قوربانییەك بدە لە پێناو ژیاندا، چونكە هیچ شتێك بە نرختر نیە لە ژیان، ژیانی خۆت تەرخان مەكە بۆ شتە پڕو پوچەكانی وەك پارەو ئەمنیەت و ئاسایش ئەمانە هیچ نرخێكیان نیە.

مرۆڤ دەبێ تا ئەو ڕادەیەی كە بۆی دەكرێ ژیان تاقیكاتەوە، تەنها ئەو كاتەیە كە دەتوانێ خۆشی ڕاستەقینە



Scanned by CamScanner

هەستپێبکات، تەنها ئەو کاتەیەکـە خێـرو بەرەکـەت و فراوانـی نیعمەت ڕوودەدات، ئەوانەی کە دەیانەوێت چێژی ڕاستەقینەی ژیان بچێژن دەبێ دڵیان بەن بە ئاودا دەبێ هەنگاو بنێنە ناو سەر زەمینی نەناسراوەکان،بنـچینەیی تـرین وانەیـەك کـە دەبـێ لـەم پێناوەدا فێری ببین ئەوەیە کە سـاباتێك بـونی نیـە، ژیـان وەك و زیـارەت و گەشـت وایـە، بـە بـێ دەسـپێك و کۆتاییـە، بـەڵام شوێنانێك هەیە بۆ ئەوەی پشوی تێدا بدەیت، بەڵام ئەو شـوێنانە تەنها وەکو شوێنی پشودانی شەوانە دانـراون و کـە ڕۆژ بویـەوە دەبێ سەر لە نوێ بە ڕێبکەویتەوە، ژیان جەژنێکی بەردەوامە کە هیچ کاتێك کۆتایی نایەت، ژیان هەتا هەتاییە.

دەسپێك و کۆتایی هاتن، تایبەتمەنـدی مـەرگن، بـەڵام تـۆ مردونیت، تۆ زیندویت، مردن خەون و خەیاڵە، ئـەوە خـەڵکانن کە ژیان بە بەری مەرگدا دەکەن، لەبەر ئەوەی کـە لـە هیـوای بەدەستهێنانی ئاسایشدان، هیوای ئارامی و ئاسایش و خوڵقێنەری مەرگن مرۆڤ لە ژیان دەترسێنێت، مرۆڤ دەخاتە شك و گومانەوە لەبەرەو ڕۆشتن بەرەو هەرێمی نەناسراوەکان.

تاکە خواردنی ژیان، ڕیسك کردن و خۆ خستنە مەترسییە، هەتا زیاتر خۆت بخەیتە مەترسییەوە زیـاتر دەژیـت و زینـدویت، کاتێ کە پەیت بەم بابەتە برد کە خۆ خستنە مەترسـی دەبـێ لـە دەرگای بە ئاگابون چاوکراوەییەوە بێت لە ڕووی نائومێدی و



Scanned by CamScanner

بێ تواناییەوە، ئەو سا بەو جوانییە بێ وێنەیەی کە خۆ خستنە مەترسی دەیخاتە بەردەمت سەر سام و خۆشحاڵ دەبیت.

مرۆڤێك کە بێ دەرەتانی دەگرێتە خۆ لە ڕووی بێ توانایی و نا ئومێدییەوە، لە بابەتەکە نەگەشتوە، ئەگزیستانسیا لیسم یش لەم جۆرە شوێنانەدا ڕێگەی لێ وون بوو، ئەوان زۆر لە ڕاستیەوە نزیك بونەوە، هێندەی بوزا لێی نزیك بویەوە، بەلاَم لە ڕێگە لایان دا، لە بری ئەوەی بگەنە بەختەوەری و کامەرانی، لەوەی کە ژیان هیچ واتایەکی نیە، هیچ مەبەستێکی نیە، هیچ نائاسایشێکی تێدا نیە خەمبار بوون، ئەو ئەزموونە ئەوانی زۆر بە توندی هەژاندو سستی کردن. بوزاش بە ئاکامێکی لەو شێوە گەشت، بەلاَم لە بری ئەوەی کە خەمبار بێت خۆی دایە دەست دونیای نەناسراوەکان، ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی دایە دواوە، ئەو ژیانی گرتە خۆ هەر بەو جۆرەی کە هەیە، ئەوەی قبوڵ کرد کە سروشتی ژیان ئاوایەو هیچ پێویست ناکات کە مرۆڤ هەستی دڵگرانی و نائومێدی هەبێت، ئەو تێگەشت کە نەبوونی ئاسایش و هێمنی ژیان ڕازاوە تر دەکات، لەبەر ئەوەی ڕێگای سوسوکردن و لێهاتن بە ڕوو مرۆڤدا دەکاتەوە و لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئەزموونی نوێو سەر سوڕهێنەر بە دەست بهێنێت. ئەگەر لە ژیاندا هەموو شتێك ئەمن و دڵنیا و زەمانەت کراو بوایە ئیتر کەف و کوڵ و هەڵچون و خۆشی و واتایی نەبوو.



Scanned by CamScanner

بووزا بەو ڕووداوە سەر سوڕهێنەرو موعجیزە ئاسـایانەوە کـە لـە دەوروبەریـدا ڕوویـان دەدا سەرسـام دەبـوو چـێژی لێ وەردەگرتن، عیسا هەردەم بە هـاوەڵانی دەوت: خۆشـحاڵ بـن، دیسانەوە دەڵێم خۆشحاڵ بن.



Scanned by CamScanner

## بەشی دووەم:

## خۆشەویستی

حەز لە خۆشەویستی کردن، ڕاشکاوترین و بەڵگەنەویستترین نیشانەیە بۆ سەلماندنی بوونی خودا، شایەتێکی تر نیە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ خۆشەویستی دەکات، کەواتە خودا هەیە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بە بێ خۆشەویستی بژی، دەی خودا هەیە.

## مۆسیقای دەروون

دڵی مرۆڤ هەروەکو ئامێری مۆسیقا ژەنین وایە، مۆسیقایەکی گەورەی خاوەن هێز تێیدا ئارامی گرتووە، چاوەڕوانی ساتێکی لە بارە تاوەکو بژەنرێت، خۆی دەربرێت، دەنگ بداتەوە و بژەنرێت، بکەوێتە خۆشی و شادی، ئەو ساتە ڕوونادات بە بێ کەوتنە گەڕی خۆشەویستی، مرۆڤی دابڕاو لە خۆشەویستی هیچ کاتێك نازانێت چ ئاهەنگێکی شکۆدار لەناخی دڵیدا هەبووە، تەنها لە ڕێگەی خۆشەویستییەوەیە کە ئەو مۆسیقایە زیندوو دەبێتەوە، خەبەری دەبێتەوەو هەستی پێدەکرێت.

خۆشەویستی ئەمە بە گەڕ دەخات، خۆشەویستی لەم نێوانەدا وەکو هۆکارێکە کە بوونی زۆر پێویستە ئەگەر



Scanned by CamScanner

خۆشەویستی، مۆسیقای ناخت بە خەبەرو بە ئاگا نەکاتەوە، ئەی چ شتێکە کە بەرگی خۆشەویستی لەبەر کردوەو خودی خۆشەویستی نیە، لەوانەیە شەهوەت، ئارەزووی نەفس یان ئارەزووی جنسی بێت، من ئەوانە بە لاوە نانێم، بەڵام خۆشەویستیش نین، زۆر جار ئەوانە بەرگی خۆشەویستی دەکەنە بەریان، فێڵ لە تۆ دەکەن، پێودانگی دیاری کردنی خۆشەویستی ئەوەیە کە: ئەگەر مۆسیقای ناخت کەوتە گەڕ، ئەو کاتە خۆشەویستی لە ئارادایە، لەناکاو هەستێکی ڕێك و پێك و هاو ئاهەنگت دەبێ، چیتر وەکو دەنگە لارو چەوت و ناهاو ئاهەنگ نیت، بەڵکو ئاهەنگی خۆشی و دەنگە ڕێك و پێکەکان لە تۆدا بەگەڕ دەکەوێت، پشێوی و نائارامی لەناو دەچێت و شوێن چۆڵ دەکات بۆ ڕێکو پێکی و پیرۆزیەك، وەك ڕێکوپێکی و پیرۆزی گەردونی، ئەو کاتە گۆڕان و وەرچەرخانێکی چۆنایەتی لە ژیانتدا ڕوودەدات، چۆنێتی جەژن و کامەرانی، چۆنێتی ئیلاهی.

ئەمە تەنها چەشتەیەکە بۆ دیاری کردنی خۆشەویستی، دەستبکە بە گەڕان،زیاترو زیاتر نوقمی خۆشەویستی ببەو ڕۆژێك دێتە پێش کە مۆسیقایی ناخت خەبەری دەبێتەوە (تۆ مەست و سەرخۆش دەکات، لەپاش ئەوە، ئیتر ژیان وەکو ڕابردوو نابێت، لە ڕاستیدا ژیانی نوێ لەو ساتەوە دەستپێدەکات.



Scanned by CamScanner

# خۆشەویستی چیە؟

## باگوان

خۆشەویستی چیە؟ بۆچی من ئەوەندە لە خۆشەویستی دەترسم؟ بۆ خۆشەویستی وەکو نەخۆشیەکی ترسناك دێتە پێش چاو، بەرگە گرتنی مەحاڵە؟ دەپرسی کە خۆشەویستی چیە؟

خۆشەویستی تاسەیەکی زۆری دەرونییە بۆیەکبون لەگەڵ گەشتدا، ئارەزویەکی دەرونیە بۆ نوقم بوون لە یەکتا بووندا، سەرچاوەی خۆشەویستی دابڕانە، ئێمە لە سەرچاوەکەی خۆمان دابڕاوین، ئەم دابڕانە هۆیەکە بۆ پەیدا بوونی حەزو هەڵوەدایی لە ئێمەدا بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ گشت و بوون بە یەك لەگەڵی دا.

ئەگەر درەختێك لە خۆڵ دەربهێنی و ڕیشەکێشی بکەیت، درەختەکە زەوق و شەوقێکی گەورە پیشان دەدات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ناو ئەو خاکەو ڕیشك دابکوتێتەوە چونکە ژیانی ڕاستەقینەی کاتێ واتا پێدا دەکات کە لە خۆڵدا بژی، بەڵام ئێستاکە لە خۆڵ دابڕاوەو دەمرێت، درەخت خۆی بەتاك و تەنیا ناتوانێ بژی، ژیانی درەخت لە خۆڵدا و لەگەڵ خۆڵداو لە ڕێگەی خۆڵەوە دەستبەر دەبێت، ئەمە واتە خۆشەویستی، مرۆڤ ڕیشکەکانی لە دەست داوە، ئەو ئیتر خواردن ناخوات، خۆشەویستی واتە ئارەزوو بۆخواردن خۆشەویستی لە بوندا ڕیشك دادەکوتێت.



Scanned by CamScanner

پەی بردن و گەشتن لەم دیاردەیە، لە ڕێگـەی جەمـسەری نەیارەوە ئاسانترە، هـەر بـەم هۆیەوەیـە کـە پیـاو بـەرەو ژن لـە بەرامبەریشدا ژن بەرەو پیاو ڕادەکێشرێت پیاو دەتوانێت خـۆڵی خۆشەویستی خۆی لە ژندا بدۆزێتەوە. پیاو دەتوانێت لە ڕێگەی ژنەوە پەیوەست ببێت بە بوونـەوەرەوە. ژنـیش بـەهۆی پیـاوەوە دەتوانێـت لـە بوونـدا ڕیـشك دابکوتێـت، ئـەوان تەواوکـەری یەکترن، پیاو بە تەنهایی لە تێکەو زۆر بـە خەسـتی پێویـستی بـە تەواو بوون هەیە، ژنیش خۆی بە تەنهایی لەتێکە. کاتێك کە ئەم دوو لەتە بە یەکتر دەگەن و بەیەکدا دەچن بۆیەکـەمجار هەسـتی ڕشکدار بـوون و پەیوەنـدار بـوون دەکـەن و چـێژو لـەزەتێکی گەورە ناخیان دادەگرێت.

پیاو تەنها لە ژندا ڕیشکدار نابێت، بـەڵکو لـەوە گـرنگتر ئەوەیـە کـە بـە بۆنـەی ژنـەوە ڕیـشەکانی پیـاو بـە خـوداوە دەبەسترێتەوە ، ژن وەکو دەروازەیـەك وایـە، پیـاویش بەهـەمان شێوە.ژن و پیاو وەك و دوو دەروازە وان کە بە ڕووی دەرگـای خـودا دەکەونـە سـەر پـشت، حـەزکردن لـە خۆشەویـستی و ئارەزوو بوون بۆ لە خودا، لەوانەیە تێبگەیت بەڵام ئارەزوو بوون لە خۆشەویستی ڕاشکاوترین نیـشانەیە بـۆ سـەلماندنی هـەبوونی خوا. شایەتێکی تر بەڵگەیەکی تر نیە، لەبـەر ئـەوەی کـە مـرۆڤ خۆشەویستی دەکات دەی کەواتە خواوەند هەیە، چـونکە مـرۆڤ ناتوانێت بە بێ خۆشەویستی بژی دەی خواوەند هەیە.

لە ئارەزوو بوون لە خۆشەویستی پەیامێکی ساکار خۆی ماتداوە، لە تەنیایدا، نارەحەتی دەبینین و دەمرین، بەلام لە سایەی یەکتردا گەشە دەکەین خۆراکمان پێدەگات، پێداویستییەکانمان تێر دەبن، بەختەوەر دەبین، دەبێ خاڵێک لەبەر چاو بگرین، مرۆڤ تەنها کاتێك دەتوانێت لە هەموەکیدا ڕیشك دابکوتێت کە خۆی ڕەها بکات، هیچ ڕێگەیەکی تر نیە مرۆڤ بەرەو گشت ڕادەکێشرێت لەبەر ئەوەی کە هەست بە پووچ بوون دەکات، بەلام کاتێك کە ساتی توانەوەو یەکبون لەگەڵ گشتدا دێتە پێش، لەناکاو ترسێکی گەورە سەرانسەری بوونی دەگرێتەوە، چونکە دەبێت منێتی خۆی بخاتە ژێرێتی و خۆی بەربدات تێیدا، لەم ساتەدا مرۆڤ پاشەکشێ دەکات، لە ڕاستیدا دووڕیان و کێشەی سەرەکی ئەمەیە، هەموو کەس دەبێ بەرامبەری بوەستێت و لەگەڵیدا ڕوبەڕو ببێتەوە.

وە تێپەڕ بێت، وە درکی بکات و لە ئەنجامدا لەوە دەربچێت و زیاتر بڕوات، هەستی یەکبوون لەگەڵ (هەموودا) زۆر جوان دیارە، لەوێدا هیچ جۆرە دڵەڕاوکێ و کێشەو بەر پرسیارییەك نیە، تۆش وەکو ئەستێرەکان و درەختەکان بەشێك دەبیت لە بوونەوەر. چ بەرجەستەکردنێکی سەر سوڕهێنەرو سەرسام کەرە! دەرگای کوێ لە بەردەمتدا دەکرێنەوەو دەکەونە سەر پشت، دەرگایانێکی نهێنی و سیحراوی کە ڕێ دەبەنەوە سەر ناخی تۆ، لەوێدا هۆنراوە لە دایك دەبێت، لەوێدا کەش و هەوای عاشقانە فەرمان ڕەوایە بەلام کاتێك ئەم بەرجەستە کردنە



Scanned by CamScanner

شێوەکی ڕاستیانە لـە خـۆ دەگـرێ ترسـان بەسـەر گـۆدا زاڵ دەبێت، ترسان لە توانەوە لەناو هەموودا ترسان لـەوەی کەچـی دێتە پێش.

دەکرێ ئەم دۆخـە بـشوبهێنین بـە ڕووبارێـك کـە بیابـان لەسەر ڕێگەکەیدایـە، ڕووبارەکـە گـوێ لـە دەنگـی بیابانەکـە دەگرێت دوو دڵە، دەیەوێت بە بیابانەکەدا تێپەڕێت و بە شـوێن زەریادا دەگەڕێت، هەستێکی ناسکی پڕ لە ئـارەزوو، دڵنیـایی و بڕوایەکی پڕ بە دڵ پێی دەڵێت کە چارەنوسی تـۆ بـە دەر لـەم بیابانەیە، هۆیەکی ئاشکرا و بەڵگە نەویست نییە، بەڵام بڕوایەکی پڕ بە دڵ ناخی گرتووەتەوەو: (ئێرە کۆتایی من نیە، مـن دەبێـت بـە شـوێن شـتێکی گـەورەترو شـکۆدارتردا بگـەڕێم) دەنگێـك لەناخی دا هاوار دەکات و دەڵێت: (تێکۆشە، زۆر تێکۆشە و لە بیابان دەرچۆ)

بیابانەکەش پێی دەڵێت: (گوێ بۆ من ڕادێرە، تاکە ڕێگە چارەی تۆ ئەوەیە کە ببی بە هەڵم لە هەواکاندا، ئەوان تۆ دەبەن لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەوبەری بیابانەکە) ڕووبارەکە دەیـەوێت لـە بیابانە کە بپەڕێتەوە، بەڵام سروشتی یەکە لە خـۆی بپرسـێ: (چ بەڵگەو زەمانەتێك هەیە بۆ ئەوەی کە باکان بهێڵن من سـەر لـە نوێ ببمەوە بە ڕووبار؟ هەر کە من دیار نـەمێنم ئـیتر کـۆنترۆڵی هیچ شتێك لە دەستمدا نابێت، چ زەمانێك هەیە بۆ ئـەوەی کـە من دووبارە ببمەوە بەو ڕووبارە بەهەمان شێوەو نـاوی پێـشووەوە؟ کاتێك خۆم دابە دەستی باکان چۆن دەتوانم بڕوایان پێ بکەم.)



Scanned by CamScanner

که ڕوخسەتی ئەوەی پێدەدەن لێتان جیاببمەوە؟ ئەمە هەر ئەو دڵە ڕاوکێیەی خۆشەویستییە، تۆ دەزانی، لە ڕاستیدا بڕوات وایە کە بە بێ خۆشەویستی شادی و چێژ وەرگرتن نابێت، بە بێ خۆشەویستی ژیان واتایەکی نیە، بە بێ خۆشەویستی هەستی تینویەتیەکی نەناسراوت دەبێت، هەستی بێ بەرهەم بوون و پوچ بوون. بە بێ خۆشەویستی مرۆڤ خاڵییەو هیچی نییە. هەروەکو سندوقێکی خاڵی وایە، تۆ ئەم پووچی و بێ ناواخنییەو ناڕازی بوونە هەست پێ دەکەیت، لە لایەکیشەوە دڵنیایت لەوەی کە ڕێگە چارەیەك هەیە بۆ ئەوەی تۆ بەختەوەر ببیت.

بەڵام کاتێك کە لە خۆشەویستییەوە نزیك دەبیتەوە، ترسێکی گەورە سێبەرت بەسەردا دەکات، شك و گومان بەرچاو دەکەوێت، ئایا ئەگەر لە خۆشەویستیدا بەربدەیت و خۆت بدەیتبەدەستی، ئەگەری گەڕانەوەت هەیە؟ ئایا دەتوانی بوون و کەسایەتی خۆت بپارێزی؟ ئایا هەنگاو نانە ناو ئاوەها شوێنێکی مەترسیدا ئەو نرخەی هەیە؟ لێرە وایە کە مێشکی تۆ بڕیار دەدات کە خۆ نەخاتە ئەو مەترسییەوە، بەو بەڵگە هێنانەوە کە بە لای کەمییەوە بوونی تۆ دەپارێزرێت، بە بێ گوێدانە ئەوەی کە تۆ تینوو و ناڕازی و چارە ڕەشی، نوقم بوون، توانەوە لەسەر زەمینی نەناسراوی خۆشەویستیدا، کێ دەزانێت؟ چ زەمانەتێك هەیە کە مرۆڤ لەوێدا بگاتە، خۆشی و چێژ وەرگرتن و خواوەند؟



Scanned by CamScanner

ئەمە هەر ئەو ترسەیە کە تۆوێك لە کاتی داشاردن و تێکەڵ بوون لەگەڵ خۆڵدا هەستی پێدەکات، ئەم تێکەڵ بوونە بۆ تۆو وەکو مردن وایە، بەڵام تۆو لەوە ناگات کە لە مەرگەوە، ژیان دەستپێدەکات.

## خۆشەویستی سەرمایەی ژیانە

## ژیان خەڵاتە

خوڵێکە کە گوڵە سورەکانی خۆشەویستی چرۆ دەکەن تێیدا، خۆی لە خۆیدا خۆشەویستی زۆر بە نرخە، مەبەستێکی نیە ئامانجێکی نیە، بەڵام برستێکی قوڵی هەیە، چێژ بەخشە، سەرخۆشی و خۆشییەکی تایبەتی هەیە، بەڵام هیچکام لەمانە ئامانجی خۆشەویستی نین، عشق، بازرگانی نییە کە مەبەست و ئامانج تێیدا گرنگ بێت، خۆشەویستی شێتییەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم شێتییە چیە؟ شێتی ئەوەیە کە تۆ هیچ ڕوونکردنەوەیەکت نیە کە بۆچی خۆشەویستی دەکەیت؟ وەڵامێکی ژیربێژیانەی نیە، لە ژیانی ڕۆژانەدا هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەیت مەبەستێکت هەیە لە ئەنجامدانی وە بەڵگەیەکی ژیرانەت هەیە بۆ ئەو کارە، بۆ نمونە مامەڵە دەکەیت لەبەر ئەوەی کە پێویستت بە پارە هەیە، پێویستت بە پارە هەیە بۆ ئەوەی دەتەوێ خانوو بکڕی، پێویستت بە خانوو هەیە لەبەر ئەوەی کە ژیان بە بێ خانوو ناکرێت.



Scanned by CamScanner

بــەڵام ســەبارەت بــە خۆشەویــستی باســەکە جیــاوازە، خۆشەویــستی کــردن و عاشــق بــوون دیاردەیــەکی بــێ ڕوونکردنەوەیە، تەنها شتێك کە دەتـوانی بیلێیـت ئەوەیـە کـە: (نازانم، تەنها ئەوە دەزانم کە خۆشەویستی کردن ئەزمونێکـە بـۆ بینینی ئەوپەڕی ڕازاوەیی و جوانی بۆشـایی نـاخ) ناتوانرێـت لـە بری شمەکێك یان کەل و پەلێك وەربگریـت. بـەڵام لـە هـەمان کاتیشدا وەکو خونچەی گوڵێکی سورە کە تکێك ئـاوی شـەونم لە سەری وەکو مرواری دەدرەوشێتەوە وە لە شـتەی گـزنگ و تیشکی هەتاودا ئەم خونچەیە دەکەوێتە سەرما.

عەشــق، ســەمای ژیانــە، کەواتــە ئەوانــەی کــە ئــەم خۆشەویستییەیان دەرك نەکردوە، لەم سەمایە بێ بەشـن، ئـەوان دەرفەتی پەروەردە کردنی ئەم گوڵە سورەیان لــە دەسـتداوە، وە هەر بەم هۆیەشەوەیە کە لە ڕوانگەی مادی و ژمێرەیی و مەنتیقی و هــەروەها لــە ڕووی عەقڵیــەتی بیرکــاری زانیــك و ئــابووری ناسێك و سیاســەتمەدارێکەوە، خۆشەویــستی بــە جۆرێــك شــێتی دادەنێن.

بەڵام بۆ ئەوانەی کە خۆشەویـستیان ناسـیوە، تەندروسـتی بیرو هۆش تەنها لە جیهانی عەشقدا پەیدا دەبێت، مـرۆڤ بـە بـێ خۆشەویـستی لەوانەیـە، دەوڵەمەنـدو سـاغ بێـت بـەڵام هـیچ وەختێك بیرو هۆشی تەندروست نییە، چونکە هـیچ نازانێـت لـە بارەی بەها دەرونییەکانەوە، مرۆڤی عاشق هیچ کاتێـك پێویـستی



Scanned by CamScanner

بە چارەسەری دەرونی نیە، لە ڕاستیدا خۆشەویستی گەورەترین چارەسەرکردنە لە ژیاندا، ئەوانەی کە ژیانیان تەجروبە نەکردوە پوچن و لە مەبەستی مرۆڤایەتییەوە دوورن. شێتیی ئاسایی بێ بەرنامەیە بەڵام ئەم شێتیەی کە بە خۆشەویستی ناوزەد دەکرێت، بەرنامەی هەیە و تۆ خۆشحاڵ دەکات، ژیانت پڕ و سەرڕێژ دەکات لە دەنگ و ئاهەنگێکی دلڕفێن،شکۆداری و گەورەیت پێ دەبەخشێت.

کاتێك کە کەسێك هۆگرو عاشق دەبێت پێویست ناکات ڕایبگەیەنێت، تۆ لە چاوانی ئەودا قوڵاییەك دەبینی کە لە دڵییەوە هەڵدەقوڵێت، لە ڕوومەتیدا تلسمی و ڕازاوەیی بەرچاو دەکەوێت،ڕێگە ڕۆشتنەکەشی وەکو سەمای پەپولەوایە، ئەو هەمان مرۆڤی هەمیشەییە، لەهەمان کاتدا ئەو مرۆڤە پێشوە نییە، خۆشەویستی چوەتە بن کلێشەی، ناخی پڕە لە تافی بەهاری و گوڵەکانی گیان و دڵی چرۆیان کردوە، خۆشەویستی دەبێتە هۆی گۆڕانگاری کتوپڕی، ناتوانێت کەسێك کە خۆشەویستی بکات، زیرەکیش نابێت. ناتوانێت شکۆداریش بێت.

ناتوانێت جوان و ڕازاوەش بێت، ژیانی کەسێکی ئاوەها کارەساتە، ژیانت خۆش بوێت، لەبەر ئەوەی ژیان دەگۆڕێت و لە گۆڕاندایە لە هەموو ساتێکدا، کاتێك هاتیتە ناو ئەم هۆڵەو (٨)

---

٢- مەبەست ئەو شوێنەیە کە کۆشۆ ووتارەکەی تێدا پێشکەش کردوە.

کەسێك بوویت و ئێرەت بەجێهێشت دەبیتە کەسێکی دیکە، تەنها لە ڕووکەشدا هەمان کەسی پێشویت.

لەم دوو کاژێرەدا کە لەم هۆڵەدا بەسەری دەبەیت، زۆر شت لە تۆدا دەگۆڕێت، ئەم دوو کاتژێرە وەکو ئاوێکە کە ڕووباری (کۆنگ) لە درێژایی دوو کیلۆمەتردا لە ڕێگەکەیدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ڕووکەش (کۆنگ) هەر ئەو ڕووبارەیە، بەڵام ئەو ئاوەی کە ئێستا پێیدا دەڕوات جیاوازە لەو ئاوەی دووکاژێر لەمەوپێش.

(هەراکلیتۆش) فەیلەسوفی یۆنانی دەڵێت ژیان بەگەڕ کەوتنێکی بەردەوامە، هەر وەکو ڕووبار (وە لە بیرت نەچێ تۆ ناتوانی دووجار پێ بخەیتە ئاوی ڕووبارێك – لەبەر ئەوەی کە جاری دووهەم، ڕووبارەکە ئەو ڕووبارەی پێشوتر نیە)

ئەو کەسانەی کە نهێنی و کلیلی بەختەوەری دەناسن، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەم ژیانە دا کە هەردەم لە گۆڕاندایە، خۆیان دەگونجێنن و لێی دەگەن، تەنانەت ئەم ژیانەشیان خۆشدەوێت کە وەکو دڵۆپی کەفی صابوون وایە، هەر ئەم دڵۆپە بچوکانە لە تیشکی هەتاودا دەدرەوشێنەوەو پەلکەزێڕینەی بچوك بچوك دروستدەکەن، مرۆڤانێکی لەم جۆرە واتای بەختەوەری، باشتر دەزانن لەگەڵ کەسانی دی.

ڕوانین بۆ دڵۆپی کەفی صابوون، ڕوانین بۆ پەپولەکان، ڕوانینە چرۆی ئەو گوڵانەی کە هەوا دەیانشکێنێتەوە، ئەمانەن کە فرمێسکی خۆشی و گۆرانی ژیان بەدیدەهێنن.



Scanned by CamScanner

## چوار هەنگاو بەرەو خۆشەویستی

خۆشەویستی چاو پێکەوتنی نێوان مەرگ و ژیانە، چاوپێکەوتنێك لە لوتکەدا تەنها بە ناسینی خۆشەویستییەکە دەکرێ ئەزمونی ئەم چاوپێکەوتنە بەدەستبهێنین، ئەگەر وانەبێ لە دایك دەبیت و دەژیت و دەمریت، بەڵام لە ڕاستیدا گرنگترین ئەزمونی ژیانت لە دەستداوە، ئەزمونێك کە لەگەڵ هیچ شتێکی تر ئاڵشت ناکرێت، تۆ ئەزمونی نێوان مەرگ و ژیانت بە دەست نەهێناوە، تەجروبە کردنی ئەو سنورە، ڕەوەزو سنوری کۆیلی ئەزمونەکانی مرۆڤە.

بۆ گەیشتن بەمە چوار قۆناغ هەیە کە هەردەم دەبێت لە بیری نەکەین، قۆناغی یەکەم بونە لە ساتی ئێستادا چونکە خۆشەویستی تەنها لە کاتی ئێستادا دەکرێت، خۆشویستن لە ڕابردوودا مومکین نیە، زۆربەی خەڵکی بە گشتی لە ڕابردوودا دەژین خۆشەویستییەکەشیان هەر لە ڕابردوودایە، کەسانێکیش هەن کە خۆشەویستییەکەیان لەداهاتوودایە، ئەمەش ناکرێت، ئەگەر کەسێك بیەوێت لە خۆشەویستی پارێز بکات دوو ڕێگەی دەبێت: ژیان بەسەر بردن لە ڕابردوو یان داهاتوودا، بەڵام خۆشەویستی تەنها لە کاتی ئێستادا مومکینە، چونکە مردن و ژیان تەها لە ساتی ئێستادا چاویان بەیەکدەکەوێت، لە سنوری دا شاردراو لەناخی تۆدا، ئەم خاڵی سنورە شاراوەیە، تەهاو تەنها

لە کاتی ئێستادایە، هیچ کاتێك نییە لە ڕابردوو یان لە داهاتوودا.

ئەگەر تۆ زۆر بیر بکەیتەوە، بیرکردنەوەی زۆریش پەیوەندی بە ڕابردوو یان داهاتووەوە هەیە، وزەی تۆ لە بری ئەوەی کە ئاوڕ بە لای هەستتدا بداتەوە بە ڕێگەکەی لایداوەو بۆ بیر کردنەوە بە کار دەبرێت، لە بارودۆخێکی ئاوادا خۆشەویستی ناتوانێت بوونی هەبێت.هەست لە ساتی ئێستادا واتای هەیە.

کەواتە یەکەمین هەنگاو بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی، بوونە لە ساتی ئێستادا، ڕابردوو داهاتوو دەبنە هۆی بیرکردنەوە و بیرکردنەوەش هەست لە ناو دەبات، ئەو کەسەی کە کاتەکانی زیاد لە صەد بە بیرکردنەوەوە بکوژێت، وردە وردە لە بیری دەچێتەوە کە دڵێکیشی هەیە، کەسێکی لەو شێوەیە کەم کەم دەگاتە بارودۆخێك کە تێیدا هەست بکات، ناتوانێت هیچ بڵێت، بە گوێ نەگرتن لە هاواری دڵ، هەست وردە وردە لە ژیانی مرۆڤدا لەناو دەچێت و دەسڕێتەوە، ملیۆنەها نەفەری لەم جۆرە هەیە لەم دونیایەدا لەبەرئەوەی نازانن دڵ واتای چیە، بۆ ئەوان تەنها دڵ وەکو ئامێرێکی پەمپ وایە و هەموو بیرو هۆشیان بەلای سەرەوەیە [٩] ئەڵبەتە مێشك ئامێرێکی باشەو مرۆڤ

---

٣- مەبەست کەللە سەرە.

پێویستی پێیەتی، بەڵام مێشك دەبێت خزمەتکاری مرۆڤ بێت نەك کوێخای بێت، کاتێك کە مێشك دەبێتە کوێخای مرۆڤ و دڵ ئاوڕی لێنادرێتەوە، مرۆڤ ئیتر ناتوانێت خودا بناسێت، چونکە لە ناسینی خۆشەویستی بێ بەش بوو، کەسێکی لەم جۆرەکە تەنها دەژی و پاشان دەمرێت.

ئەم سنورە شاراوەیە، لە یەکەمین ئەزمون و پەیوەندیدا بە شێوەی خۆشەویستی دەرکی پێدەکرێت، و کاتێك نوقم ببیت تێیدا و ڕاتبکێشێت بەرەو خۆی خواوەندێتی تێدا دەبینی، خۆشەویستی دەستپێکی ناسینی خواوەندە، وە ناسینی خودا خۆی لوتکەی خۆشەویستییە.

دووهەمین هەنگاو بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی ئەوەیەکە چۆن فێر ببیت ژەهرەکانی ناخت بگۆڕی بۆ شیرینی، زۆرێك لە خەڵکی خۆشەویستی دەکەن، بەڵام خۆشەویستییەکەیان بە ژەهرانێکی وەك: نەفرەت بەخیلی و تورەیی و هەستی خاوەنداریێتی ژەهراوی بووە، هەزارو یەك ژەهر دەوری خۆشەویستیان، خۆشەویستی زۆر ناسك و نەرم و نییانە، ئایا بە بوونی تورەیی و نەفرەتکردن و بەخیلی، خۆشەویستی دەتوانێت دەرباز ببێت؟

زۆربەی زۆری خەڵکی ڕوودەکەنە مێشك و دڵیان لە بیر دەچێتەوە، کەمینەیەك ئاوڕێك لە دڵ دەدەنەوە بەڵام ئەو کەمینەیەش دووچاری هەڵە دەبن.

ڕونـاکی لاوازی خۆشەویـستی ئـەوان بـەهۆی هـەورە ڕەشەکانی بەخیلی و نەفرەت و تورەیی و هەزار یەك دێوو درنجی ترەوە لە مەترسیدایە.لـەم کاتەدایـە کـە خۆشەویـستی دەبێتـە گەشتێکی تاڵ، خۆشەویستی وەکـو پەیـژەی نێـوان بەهەشـت و جەهەنـەم وایـە، پەیـژە ئـامێرێکی دولایەنەیـە، دەتـوانی لێـوەی دابەزی و دەشتوانی پێیدا سەرکەوی.

ئەگەر خۆشەویـستییەکەت ژەهـراوی بێـت، پەیژەکـە تـۆ بەرەو قوڵایی ناو جەهەنەم ڕێنمایی دەکات، لـە بری گەشـتن بـە خۆشـی بەهەشـت، ژیانـت سـەرریژ دەبێـت لـە ئاژاوەیـەکی ناهاوئاهەنگ و ئازاردەر، وەکو دەنگە دەنگی پێکـدادان و شـەڕ یان قەرەباڵغی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل، ژاوەژاوێکی شێت کەر کە تۆ بەرەو باوەشی شێت بوون دەبات، کەواتە دوهەمین بنەمایەك کە دەبێت لـە بیری نەکەیت ئەوەیە کە ژەهرەکانی ناخت بگۆڕی بۆ شیرینیی، ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەمە چۆن دەکرێت؟ ڕێگەیەکی زۆر ئاسان هەیە بۆ ئەم کارە، لـە ڕاستی دا قسە کردن لـە بارەی گۆڕانەوە لە ئارادا نیە، لەبـەر ئـەوەی تـۆ بـە ڕاسـتی پێویـست ناکات هیچ کارێك بکەیت، تەنها شتێك کە پێویستتە خۆڕاگری و سەبرە، ئەمە یەکێکە لە گەورەترینی ئەم نهێنییانەیە کە من بـۆ ئێوەی دەدرکێنم.



Scanned by CamScanner

تاقی بکەرەوە، کاتێك کە تورە دەبیت نابێت هیچ کارێـك ئەنجامبـدەیت، تـەنها لــە بێدەنگیدابــەو بڕوانــە، دژی تــورەیی مەوەستەو بە تەمای پلیشاندنەوەشی مەبـە، هاوکـاری لـەگەڵـدا مەکە سەرکوتیشی مەکە، تەنها بڕوانە چی ڕوودەدات، بهێڵە ئەم هەستە بەرز ببێتەوە، خاڵێکـت لــە بـیر نەچـێت: هـەرگیز لـەو کاتانەدا کە کەش و هەوای ژەهراوی بـوون بـە سـەرتدا زاڵــە، هیچ کارێك ئەنجام مەدە، تەنها سەبر بکەو با ئەو ژەهرە بگۆڕێت بۆ شتێکی باشتر لـە خۆی، ئەمە یەکێکە لـە بنەما سـەرەکییەکانی ژیان کە هەموو شتێك دەگۆڕێت بۆ شتێکی غەیری خـۆی، پیـاو هەڵس و کەوتی ژنانەو ژن هەڵسوکەوتی پیاوانە دەکات، هەموو کەس توشی گۆڕانکاری خـوراو دەبێـت، مرۆڤـی چـاك خـراپ دەبێت و خراپ، چاك.

مرۆڤ دەبێت لـەم کاتانەدا تەنها خۆڕاگربێت و دان بە خۆیا بگرێت، کاتێك کە تورەیی گەشتوەتە لوتکەی بەرزی خۆی لــە ئەنجامدانی هەموو کارێك بە دووربە ئەگینا پەشیمان دەبیتـەوە، وە ئەم کارەی تۆ دەبێتە هۆی دروسـتبونی زنجیرەیـەك کاردانـەوەی سالب و خراپ و دەکەویتە ناو زنجیرەی دارماوە، بەو واتایە کە تۆ بە هۆی ئەنجامدانی کارێکی خراپ و سالب کە لــە کـەش و هـەوای ژەهراوییـــەوە سەرچـاوەی گرتـووە، دەکەویتـە داوی زنجیرەیەکی کۆتایی، چونکە لـە سالبەوە سالب دروست دەبێت،



Scanned by CamScanner

ئەویش بە جۆرێکی لە نزمەوە بۆ بەرز، تورەیی دەبێتە هۆی دروستبونی تورەییەکی زیاتر، دوژمنی کردن، دوژمنی زیاتری لێ دروست دەبێت و ئەم شتە هەروا درێژەی دەبێت، هەر بەم بۆنەیەشەوەیە کە مرۆڤ دەبێتە هۆی سەر ئێشەو کێشە بۆ خەڵکانی تر، وە لەم کارەشی واز ناهێنێت.

دان بە خۆتا بگرە، کاتێك کە تورەیت دەبێ چاودێری بکەیت، ئەم دەرفەتە لە کیسی خۆت مەدە، چونکە تورەیی وزەیەکی ئێجگار زۆر لە تۆدا دروست دەکات، ئەم وزەیە وێرانکەر دێتە پێش چاو. بەڵام وزە خۆی لە خۆیدا پوچەڵە، هەر ئەو وزە خاپورکەرە دەتوانێت لێهاتووش بێت، هەر ئەو وزەیەی کە دەتوانێت ژیان لە ناو ببات، لە هەمان کاتدا دەتوانێت ژیان وەکو بارانی بەهار سەر ڕێژ لە تافی ناسکی بکات – تەنها دەبێت سەبر بکەین، ئەگەر خۆڕاگر بیت و هیچ کارێك بە پەلە ڕانەپەڕێنی، لە بینینی ئەم گۆڕانکاریەی کە لە ناختدا ڕوودەدات سەر سام دەبیت، سەرەتا تورەیی هەموو وجودت دادەگرێ، پاشان ئەم تورەییە لەسەرخۆ پەرە دەسێنێت، تا دەگاتە لوتکە... ئەوسا ڕێگەکە دەگۆڕێت. تورەییەکەت هێور دەبێتەوە، وزەکەت بەردەدرێت و کەش و هەوایەکی موجەب و لێهاتووت لە لا دروست دەبێت، ئێستا کاتی ئەوەیە کە قۆڵی لێ هەڵماڵی، کاتی چالاکی هاتووە، هەمیشە چاوەڕوانی کەش و هەوای موجەب و باش بە.



Scanned by CamScanner

بەڵام مەبەستی من سەرکوتکردنی هەستە سالبەکان نیە، بەڵکو دەبێت تەنها بڕوانینە هەستە سالبەکان، لێرەدا جیاوازیەکی گەورەو گران خۆی ماتداوە، من ناڵێم هەستە سالبەکان داپۆشە، لە بیری خۆتی بەرەوەو کارێك لە دژی ئەنجام بدە.

نەخێر، من واناڵێم، من ناڵێم کاتێك کە توڕەیت، پێبکەنە، بزەیەکی ئاوا درۆینەیەو ناشرینە، ساختەیە. کاتێك کە توڕەیت بە هیچ جۆرێك پێ مەکەنە، بەڵکو بڕۆ ژوورێك و دەرگاکە لە خۆت دابخەو ئاوێنەیەك لە بەردەم خۆتدا دابنێو ڕوومەتی توڕەیی خۆت سەیر بکە لە ئاوێنەکەدا، پێویست ناکات ئەم ڕوومەتە پیشانی کەسێکی تر بدەیت، ئەم شتە تەنها پەیوەندی بە تۆوە هەیە، بەشێکە لە ژیان و کەش و هەوای تۆ وە تۆ دەبێت ئەوەندە دان بە خۆتدا بگریت تا ساتێکی لەبار بێتە پێش، درێژە بدە بەسەیر کردنی خۆ لە ئاوێنەکەدا بڕوانە ڕوومەت و چاوەکانت کە بە هۆی توڕوبوونەکەتەوە سور داگیرساون، ئەوەی کە لە ئاوێنەکەدا دەبینی ڕووی بکوژێکە.

ئایا تا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە لە ناخی هەموو کەسێکدا، بکوژێك خۆی مەڵاسداوە؟ تۆیش لەم قاعیدەیە بەدەر نیت، وامەزانە کە بکوژ کەسێکی ترەو لە شوێنێکی تر دەژی یان بکوژ ئەو کەسەیە کە خەڵکی دەکوژێت، هەموو کەسێك توانای



Scanned by CamScanner

کوشتنی تێدایە. لە ناخی هەموو کەسێکدا کرداری خۆڕسکی خۆکوشتن هەیە.

سەیری وێنەی خۆت بکە لە ئاوێنەکەدا کەش و هەوای سروشت و خۆت ببینەو بیناسە، ئەم کارە بەشێکە لە گەشە کردن و پێشکەوتنی تۆ لە پێناو خۆناسیندا، تاوەکو ئێستا چەندەها جار لە سەردەمی سوقراتەوە تاوەکو ئەمڕۆ ئەم ڕستەیە بە گوێماندا دراوە (خۆت بناسە) بەڵام خۆناسین بەو واتایە نییە کە لە بێدەنگیدا دابنیشی و لەبەر خۆتەوە بڵێیت (من گیانێکی نەمرم، من لەگەڵ خودایەتیدا پەیوەندیم هەیە، من ئەمەم و من ئەوەم) هەمووی پڕو پوچە، خۆناسین بەو واتایەیە کە تۆ ئاشنا بیت بە هەموو وێنەکانی کەش و هەوای مەزاجی خۆت، لە بکوژو تاوانبارو جەنایەتکارەوە بیگرە هەتاوە پیرۆزیی و زانایی، خوداوە تاوەکو شەیتان، هەموو پانتایی کەش و هەوای ناخت بناسە.

بە ناسینی کلیلی نهێنی و ڕازەکانی ناخت بە دەستدەهێنی، تورەیی ناتوانێت هەمیشەیی بێت، ئەگەر خۆڕاگربیت و چاوەڕوان بکەیت بەم ئاکامە دەگەیت، هیچ شتێك هەمیشەیی نیە، خۆشی دێت و دەڕوات، خەم دێت و دەڕوات، ئایا لەم یاسا ساکارو سادەیە تێدەگەیت؟ هەموو شتێك دەگۆڕێت، هیچ شتێك بە یەك شێوە نامێنێتەوە، ئیتر بۆچی پەلە دەکەیت؟ تورەیی هاتووەو دەڕوات، تۆ یەك تۆز سەبرت هەبێت، بڕوانە داهاتوو

چاوەڕوان بە، تووڕەیی واز لێبهێنە، با ڕوومەتت ناشیرین و تاوانبارانە نەبێت، سەبرت هەبێت و بڕوانە، تووڕەیی سەرکوت مەکەو لە هەمان کاتیشدا کارێك ئەنجام مەدە لە ڕووی تووڕەییەوە، زۆر زوو دەبینی کە ڕوومەتت کراوەتەوە و چاوەکانت دۆخێکی هێمن و لەسەرخۆ لە خۆ دەگرێت، وزە دەگۆڕێت، زۆر تێناپەڕێت کە سەر ڕێژ دەبێت لە تاف و بزێویو و چالاکی، جوانییەکی تایبەت لە چاوەکانتدا دەردەکەوێت، ئێستا کاتی ئەوەیە کە هەنگاو بنێیتە جیهانی دەرەوەو بکەویتە چالاکییەوە.

بەڵام ئەوەش بزانە کە کەش و هەوای موجەب بە زۆر پەیدا نابێت، بەڵکو دەبێ ڕوخسەتی بدەیت تاوەکو خۆی بێت، کلیلی نهێنییەکە لەمەدایە، مەبەستی من لە گۆڕینی ژەهری ناخت بۆ هەنگوین، ئەمەیە، قۆناغی سێهەم دابەشکردن و بەخشینەوەیە، شتە سالب و خراپەکان لای خۆت هەڵبگرەو شتە باشەکان لەگەڵ خەڵکیدا دابەش بکە، کەچی زۆربەی خەڵك بە پێچەوانەی ئەمەوە دەجوڵێنەوە، کەسانێکی ئاوەها بەڕاستی نەفامن، کاتێك کە خۆشحاڵن چروکی دەکەن و لەگەڵ کەسدا خۆشیەکەیان دابەش ناکەن، بە پێچەوانەوە کاتێك کە خەمبارن دەست و دڵ کراوەو پڕ کێش دەبن. حەز دەکەن هەموو کەسێك شەریکی خەمیان بێت، کاتێك کە پێدەکەنن زۆر دەستی پێوە دەگرن و بە فیڕۆیی نادەن، لە ئاستی بزەیەکی بچووکدا،

بەڵام کە تورە بن، ئەو کاتە خەریکە دەتەقێنەوە، سێهەمین هەنگاو بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی بەخشین و دابەشکردنی خۆشی و جوانی و چاکەکانە، ئەم کارە دەبێتە هۆی بەگەڕ کەوتنی خۆشەویستی هەرەك ڕووبار، ڕووبارێك کە سەرچاوەکەی دڵی تۆیە، بەشدار بوون دەبێتە هۆی لاچونی گینگڵی و گرفت و ئەو کێشانەی کە لە دڵی تۆدا ماتیان داوە.

وتەیەکم بیستووە لە (خۆرخەلوئیس بۆرخس [١٠]) ەوە کە زۆر جوانە،

ئەوەی گرنگە بۆت بیدە بە سەگەکان.

مرواریکەکان بڕژێنە بەر پێی بەرازەکان.

چونکە ئەوەی گرنگە، بەخشینە،

ئێمە هەمیشە پێچەوانەی ئەمەمان بیستووە، لەم بابەتانە کە: هیچ بە سەگ و بەرازەکان نەدەن چونکە ئەوان هیچ نازانن.

مەسەلە لەسەر ئەوە نیە کە چی دەبەخشین و بە کێ دەبەخشی، بەڵکولە سەر ئەوەیە کە ببەخشی، خودی بەخشینەکەیەکە نرخی هەیە، مرۆڤ کاتێك کە هەیەتی، دەبێ بیبەخشێت.

---

٤- jorge luis Borges لە نوسەرە بەناوبانگەکانی ئەمەریکای ناوەڕاستەو خەڵکی مەکسیکە.

(گۆرجیگـۆف)[11] دەیگــوت (هــەموو ئــەوەی کــۆم کردبوویەوە بابردی، وە هەموو ئەو شتانەی کە بەخشیومە، هـی منە، ئەوەی کە بەخشیومە هێشتا لەگەڵمدایـە، وە ئـەوەی کـە کۆمکردەوە لە دەستم چوو) لە ڕاستیدا مرۆڤ جگە لـەوەی کـە لەگەڵ خەڵکیدا دابەشیدەکات، هیچی تری نیە، خۆشەویـستی، پارەو سامان نیە کە کۆبکرێتەوە، خۆشەویستی بۆن و بەرامەیەکە کە دەبێت لەگەڵ خەڵکیدا دابەشی بکەیت، هەتا زیاتر ببیەخشی زیاترت دەستدەکەوێت، هەتا کـەمتر ببەخـشی کـەمترت هەیـە، هەتا زیاتر ببەخشی بەو ڕێژە بـە خۆشەویـستی یـەکی زیـاتر لــە کرۆکـی تـۆوە دەرژێتــە دەرەوە، سەرچـاوەکەی بـێ سـنورە، هەڵگۆزینی ئاو لە بیر دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاوی تـازەو زیـاتر بڕژێتـە نـاو بیرەکـەوە، بـەڵام ئەگـەر ئـاوی لێ هەڵنـەگۆزی، دایبخەیت و چروکی بکەیت، کانییەکان لە چالاکی دەکەون، و کەم کەم کانییەکان دەمرن.

کوێر دەبێتەوە، ئاوی ناو بیرەکـەش دەمرێـت و دەگـەنێت، بەڵام ئـاوی ڕۆشـتوو تازەیـە،؟ عەشـقی تـازەش عەشـقێکە کـە لەگەڕدا بێت و بڕوات.

کەواتە چاکەکان دابەشـکە، جوانیـەکان دابەشـکە، ژیـان دابەشکە، هەرچییەکت هەیـە دابەشـیکە، هـەرگیز جوانیـەکانی

---

٥- Gurdjief زانای ڕوسی.

ژیان بۆ خۆت کۆمەکەرەوە، هۆش، عیبادەت و خۆشەویستی و خۆشی و بەختەوەری – هەموویان لەم جوانیانەدا بەشدار بکە، ئەگەر کەمت نیە گرنگ نیە، لەگەڵ سەگ و تاشە بەردەکاندا دابەشیان بکە، گرنگ ئەوەیە کە ببەخشی ، ئەگەر مشتێك مرواریت لە شمتدایە، هەڵیان بدە، گرنگ نییە فرێی بدەیتە بەر پێی چ کەسێك (چونکە ئەوەی کە گرنگە، بەخشینە).

کۆکردنەوەو ئەنبار کردن، دڵ ژەهراوی دەکات، قۆرخکردن لە هەر جۆرێك بێت، ژەهرداره، ئەگەر ببەخشی ناخت لە ژەهر پاڵفتە دەبێت، کاتێکیش کە دەبەخشی چاوەڕوانی کردارێکی بەرامبەر یان پاداشتێك مەبە، تەنانەت چاوەڕوانی سوپاسکردنێکیش مەبە، بەڵکو سوپاسی ئەو کەسە بکە کە ڕوخسەتی داوه پێت تاشتێکی لەگەڵدا دابەشبکەیت، لە دڵی خۆتدا بێ. لەبەر ئەوەی کەشتێکت لەگەڵ یەکێکدا دابەشکردوەو ئێستا ئەو دەبێت سوپاس لێبکات، نە ء تۆ دەبێ لەبەر ئەوەی کە ئەو کەسە ئامادەی گوێگرتن و دابەشکردنی وزە بووە لەگەڵ تۆدا سوپاسی لێبکەیت، دەبێت لەبەر ئەوەی کە بە باوەشی کراوە بوە پێشوازیکەری تۆ بووە و تۆی دورنەکردوە، مەمنونی بیت.

بەخشین و دابەشکردن یەکێکە لە بەهادارترین خورەوشتە مەعنەوی و و ئیلاهییەکان، وە هەنگاوی چوارەم بۆ گەشتن بە



Scanned by CamScanner

خۆشەویستی، هیچ بوونە، هەر کە بیرت لەوە کردەوە کە کەسێکیت، خۆشەویستی لە گەڕ دەکەوێت و دەوەستێت، خۆشەویستی تەنها لە ناخی کەسێکەوە دێتە دەرەوە کە (کەسێك) نەبێت، خۆشەویستی لە (نەبووندا) هەیە.

کاتێك کە خاڵی و بەتاڵ بیت، خۆشەویستیش لە تۆدا جێگەی دەبێتەوە، کاتێك کە سەر ڕێژ بیت لە دەمارگیری و فیز، خۆشەویستی لەناو دەچێت، پێکەوە ژیانی فیزو خۆشەویستی ئیمکانی نیە، ئەم دوانە دانویان بەیەکەوە ناکوڵێت، خۆشەویستی و خودایەتی دەتوانن لە پاڵ یەکتردا بن، لەبەر ئەوەی کە هەردوکیان هاوواتای یەکن، بەڵام دراوسێیەتی خۆشەویستی و فیزو بەدەماری ئیمکانی نیە، بوونی خۆشەویستی و فیزو بەدەماری بەیەکەوە مەحاڵە، کەواتە (هیچ) بە هیچ سەرچاوەی هەموو شتێکە. هیچ سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووە، هیچ هەر ئەو خودایەتیەیە، هیچ واتە (نیرڤانا) [١٢].

کاتێك بە گشت دەگەیت کە هیچ بیت، ئەگەر خۆت بە کەسێك بزانی، ڕێگەکە ون دەکەیت، ئەگەر خۆت بە هیچ بزانی بە ئامانج دەگەیت.

---

٦- [12] Nivana (لە دینی هندو بودابیدا) هێمنییە، کە سەرچاوە لەو یەکگرتنەوە دەگرێت کە لەگەڵ گیانی بونەوەردایە.



Scanned by CamScanner

# خۆشەویستی کردنی ڕاستەقینە

پیاوێک خەریکی چیمەنتۆ کردنی سەر شەقامێک بوو، هێشتا پشتی وەرنەچەرخاندبوو کە کۆمەڵێک منداڵ بە ڕاکردن بەسەر چیمەنتۆکەدا ڕۆشتان و شوێن پێکانیان بەسەر چیمەنتۆکەوە جێما، یەکێک لە هاوسێکان بە بیستنی هاوارو قیژەو جنێوەکانی ئەو پیاوە لە پیاوەکە نزیک بویەوەو وتی: (من وامدەزانی منداڵت خۆشدەوێت).

ئەو پیاوە وەڵامی دایەوە: ئاشکرایە خۆشم دەوێن، بەڵام تەنها لە خەیاڵدا خۆشم دەوێن نەک لە ڕاستیدا.

خۆشەویستی خەڵکی لە خەون و خەیاڵدا کارێکی زۆر ئاسانە، بەڵام لە ڕاستیدا کێشەو گرفت دێنە پێش، لە بیرت نەچێ: تا ئەو کاتەی کە ئەتوانی مرۆڤەکان، مرۆڤە ڕاستەقینەکانت خۆش بوێت، خۆشەویستی تۆ بۆ درەخت و باڵندەو سروشت درۆینەو ساختە دەبێت.

تەنها ئەو کاتەی کە مرۆڤەکانت خۆشدەوێت دەتوانیت خەست و بە ئاگا بوونی پێویست بۆ خۆشەویستی باڵندەکان و درەختەکان و کێوەکان بەدەستبهێنیت، بە پێیەکەم، دوهەمیش ناکرێت، ئەگەر توانای دەرک کردنی ڕاستیەکی ئەوەندە هەستپێکراو نزیکت نەبێت، چۆن دەتوانی ڕاستیەکی ئەوەندە دورەدەست دەرک بکەیت؟ چۆن دەتوانی لەگەڵ بەردێکدا

پەیوەندی دروستبکەیت، زمانێکی هاوبەش نیە لە نێوان تۆو بەردەکەدا، بۆ ئەم مەبەستە یان دەبێ تۆ ببیت بە بەرد یان بەردەکە ببێت بە تۆ، ماوەی بەینی تۆو بەردەکە زۆر گەورەیە، ماوەیەکە کە تێپەڕ بوون پیایدا مەحاڵە، پردی پەیوەندی نێوان تۆو بەردەکە لە ڕێگەی پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ خەڵکیدا بەدی دێت.

من دەزانم خۆشەویستی درەخت کارێکی مومکینە، بەڵام تەنها کاتێك ڕوودەدات کە تۆ لە کانگای دڵەوەو بە هەموو بوونتەوە مرۆڤەکانت خۆش بوێت تا درەختەکە لە ناخی مرۆڤەکاندا پەیدا بکەیت، سەبارەت بە ئاژەڵەکان و باڵندەکانیش هەر بەم جۆرەیە، تەنها کاتێك دەتوانی خۆشت بوێن کە ئەم گیانلەبەرانەت لەناخی مرۆڤدا دۆزیبێتەوە، مرۆڤ هەموو ئەم قۆناغانەی تێپەڕاندوەو لە شێوازی ئەم گیانلەبەرانەدا ژیاوەو هێشتا هەندێ نیشانەو مۆرکی ئەوانەی لە بەئاگا نەبوونی تاکە کەسیدا یان بەئاگا نەبوونی بە کۆمەڵدا [١٣] هەڵگرتووە ، ئێوە

---

٧- [13] چەمکی بەئاگا بوونی بە کۆمەڵ ( collective. Uncanscious) یەکێکە لە چەمکە قسە هەڵگرو داهێنراوەکانی تیۆری کەسایەتی (یۆنگ). بەئاگا نەبوونی بە کۆمەڵ گەنجینەی بیرەوەریەکانی وەچەیەکە کە تاك لە باو باپیرانی خۆیەوە بە میرات وەری دەگرێ، ئەم ڕابردووە نەك تەنها دیرۆکی نەژادی مرۆڤ وەك یەکێك لە جۆرە جیاوازەکانی بونەوەر دەگرێتەوە، بەڵکو باو باپیرانی خوارتر لە مرۆڤ واتە

هەمووتان پێشتر درەخت، باڵندە، ئاژەڵ یان بەرد بوون. ئێوە هەموو شتێك و بە ملیۆنەها شێوە بوون، وە ئەزموونەکانی سەرچاوە گرتوو لەو بونیادیانەوە، هێشتا لەناخی ئێوەدایە. ئاگە ڕێگەی پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ درەختی هەبوونی ناو ئەم جیهانە ئەوەیە کە سەرەتا لەگەڵ درەختی ناخی مرۆڤدا پەیوەندی دروستبکەیت.

مرۆڤەکانت خۆش بوێت و لەم پێناوەدا ئازار چاو نەترس و ئێش و ئازاری سەرچاوە گرتوو لە خۆشەویستی و سەر مەشقی بەگیان بکرە، بچۆرە بن کلێشەی ناخی مرۆڤەکانەوە، زۆری بەسەردا ناچێت لەوە دەگەی کە هیچ مرۆڤێك تەنها مرۆڤ نیە، بەڵکو کۆمەڵەیەکە لە مرۆڤەکان و هەموو ئەم بونەوەرە، چونکە مرۆڤ ڕەوەزی تەواو کارییە، ئاسەواری بونیادیەکانی دیکە هێشتا بە جۆرێکی چین چین لە مرۆڤدا هەیە.

ئایا تاوەکو ئێستا بە بینینی ژنێك، بە ڕوانین بۆ چاوەکانی ئەم هەستەت لا دروست نەبووە لە ناخی ئەودا پشیلەیەك

---

ئاژەڵیش دەکرێتەوە، بە دەستەواژەیەکی تر بە ئاگانەبوونی بە کۆمەڵ خەزینەی هەموو ئەو ئەزموونانەیە کە لە درێژایی تەواوکاری مرۆڤ و لە درێژایی سەدەو سەردەمەکان بە هۆی وەچەکانەوە دووبارە بووەتەوە، ئەم بەئاگا نەبوونی بە کۆمەڵە جیهان گیرەو لە ئەزموونەکانی تاکی مرۆڤ جیایە، پاکی تاکەکانی مرۆڤ بەئاگا نەبوونیکی بە کۆمەڵی چوونیەکیان هەیە.



Scanned by CamScanner

دەبینی؟ بە بێ پشیلە بـوون، ژن، ناتوانێـت ژن بێـت، زۆربـەی کردارو خورەوشـتی ژن لـەم پـشیلـەیەوە سەرچـاوە دەگرێـت، سەبارەت بە پیاویش ئەم بابەتە ڕاستە، بەڵام ئەوەی کە لە پیاودا دەیدۆزیتەوە گورگە.

مرۆڤ بزاوتی تـەواو کـاری و گەشـە کردنـی لـە بـەرگی هەموو ئەو شتانەدا کە لە جیهاندا هەن تێپەڕاند بوو، کت و مت بەو جۆرەی کە مرۆڤ سەرەتا منداڵەو پاشان سەردەمی گـەنجی و پاشان تەمەنی مـام ناوەنـدو تـا پـیر دەبێـت، ئایـا دەکرێـت کـە سەردەمی منداڵی مرۆڤ بە جۆرێکی ئێجگاری لەناو بچێت؟

ئایا لـە کاتی پیربوندا، گەنجێتی بەو ئاسانییە لـەناو دەچێت؟ گەنجێتی هەیە بەڵام توێژێکی نـوێ داپۆشـیوە، ئەگـەر درەخـت ببڕی، ئەو چینانەت بەر چاو دەکەوێت کە بە تەرتیبێکی جوان بە دەوری یەکتردا دانراون، تەمەنی درەختەکە لەسەر ئەم چـینانەوە دەخەملێنرێت ئەگەر درەختەکە شەست سـاڵبێت ئـەوا شەسـت چین لە قەدی دارەکەدا هەیە، بە تێپـەڕ بـوونی هـەموو سـاڵێك درەختەکە توێکڵ دەخاتو تویچژێکی نوێی بۆ زیاد دەبێت، ئەگەر تاشە بەردێکیش بشکێنی ئەو چینانەی تێدا دەبینی.

هەر بەم شێوەیەش ئەگەر بچیتە بن کلێشەو قـوڵایی نـاخی مرۆڤەوە، وەکو درەخت و بەرد ئەو چینانەت بەچاو دەکەوێت، هەتا زیاتر بەناو قـوڵایی ناخـدا بڕۆیـت شـتی سـەر سـوڕهێنەرو

سەرسام کەر دەبینی، کاتی خۆشویستنی ژنێك، ئەگەر بە تەواوەتی خۆت واز لێبهێنێو خۆت ڕەها بکەیت، لەوە دەگەیت نەك تەنها ئەو ژنەت خۆشدەوێت بەڵکو هەموو گیانلەبەران و درەختەکان و بەردەکان هەموو جیهانی بوونت خۆشدەوێت.

هەرتاکێك خۆی بەتەنها وەکو جیهانێك وایە، دونیایەکی بچووکە کە هەموو شتەکان لە خۆ دەگرێت، لە خۆگری گشت واتە جیهانی گەورەیە، بەڵام تۆ ناتوانیت بە پشت بەستن بەم کارە، لە خەڵکی دووربکەویتەوە، تۆ ناتوانی بڵێیت (من درەختەکانم خۆشدەوێت بەڵام خەڵکیم خۆشناوێت) ئەم خۆشویستنە درۆینە بووە چونکە جۆری پەیوەندی تۆ لەگەڵ درەختەکاندا دروست نەبووە، دەبێ سەرەتا ئەم درەختانە کەشف بکرێن لەناخی مرۆڤدا و ئەوسا خۆشەویستی و خۆشویستن دەربڕی بەرامبەریان.

تەنها ئەو کاتەیە کە لە زمانیان تێدەگەیت و درەختەکان و جیهانی دەرەوەشت خۆشدەوێت.



Scanned by CamScanner

# خۆشەویستیی گوڵێکی زۆر نەرم و ناسکە

## باگوان

بۆچی ئێمە ناتوانین خۆشەویستی بکەین؟

هەموو منداڵێك بە زۆررترین خۆشەویستییەوە لە دایك دەبێت.تا ئەو ڕادەیەی کە لەگەڵ بونی مرۆڤدا دەگونجێت، وەیان زیاتر لەوەش، ناخی منداڵ سەر ڕێژە لە خۆشەویستی، لە ڕاستیدا منداڵ ڕوناکی و دەرکەوتنی خۆشەویستییە، منداڵ لە ڕەگەزی خۆشەویستن دروستبووە.

خۆشەویستی گوڵێکی زۆر نەرم و ناسکە، دەبێ بپارێزرێت، بەهێز بکرێت و ئاو بدرێت، تەنها ئەو کاتە دەتوانێت بەهێزو توندو تۆڵ بێت، خۆشەویستی منداڵیش زۆر ناسکە، ئەمە سروشتییە چونکە خودی منداڵیش زۆر ناسکە، ئایا وا دەزانیت کە ئەگەر منداڵ بەرەڵا بکەیت و وازی لێبهێنیت دەمێنێت؟ مرۆڤ گیانلەبەرێکی بێ تواناو لاوازە، ئەگەر منداڵێك بەرەڵا بکرێت، بەختی ژیانی لە ئاست سفردایە، دەمرێت، ئەمە کت و مت هەر ئەو ڕوداوەیە کە بەسەر خۆشەویستیدا هاتووە، خۆشەویستی تەنها کەوتووە، مەترسی پشتگوێخستن بەهۆی دایك و باوکەوە هەردەم هەیە، هەندێ لە دایکان و باوکان هەردەم منداڵەکانیان دەترسێنن بە فڕێدانە دەرەوەو بەلاوە نانیان،(ئەگەر گوێڕایەڵ نەبیت ئەگەر جوان نەجوڵێیتەوە، دەتکەمە دەرەوە) بە دڵنیاییەوە



Scanned by CamScanner

منـــداڵ دەترســێت، کردنـــە دەرەوە؟ ئـــەویش لـــەم جیهانـــە وەحشییەدا؟ لێرەدایە کە منداڵ دەستدەکات بە خۆڕاهێنان و خۆ گونجانــدن، ئــەو وردە وردە دەبێــت بــە مرۆڤێکــی فێڵبــاز و تەڵەکەباز، ئەو لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا دەکەوێتە ساختە کردن.

ئەو حەزی لە پێکەنین نیە بەڵام کاتێـک دایکـی دەبینـێ و حەزی لە شیرە، پێدەکەنێت، لێرەوەیە کە دەڕۆینە نـاو جیهـانی سیاسەتەوە، ئەلف و بێی ڕامیـاری لێـرەدا فێـر دەکـرێن، وردە وردە هەستی جاڕس بوون و بێـزاری لـە دڵـی منداڵـدا ڕیـشک دادەکوتێت، چونکە ڕێزی لێناگیرێت، لە دڵی خۆیدا هەست بە نائومێدی هیوابڕاوی دەکات لەبەر ئەوەی بەو جۆرەی کە دەبێ خۆشیان بوێت، خۆشیان ناوێت، تەنها لە کاتی ئەندجامدانی ئەو کارانـــەدا نـــەبێت کـــە مەبەســـتی دایکـــت و باوکێتی،بۆمـــان دەردەکەوێت کە خۆشەویستی مەرجی هەیـە، منـداڵ هـەر بـەو شێوەیەی کە هەیـە شـایانی خۆشەویـستی نیـە، سـەرەتا دەبێـت شیاوبی خۆی نیشانبدات ئەوسا دەتوانێت لە خۆشەویستی دایك و باوکی سودمەند بێت.

کەواتە بۆ ئەوەی کە شیاوێتی خۆ بسەلمێنێت، دەستدەکات بە ئەنجامدانی کردارێکـی دەسـتکردو درۆینـەو بـەها خۆیـەتی و دەرونییەکانی خۆی لەناو دەبات، نەفس بەرزی کـە کـەم کـەم

لەناو دەچێت و هەستی بێ دەسەڵاتی و ناشیاوی جێگەکـەی پـڕ دەکاتەوە، لەوانەیە هەندێ جار منداڵ وابیر بکاتـەوە کـە: (ئایـا ئەمانە دایکـی و بـاوکی ڕاسـتەقینەی ئـەون؟ تـۆی بلێـی منیـان لەسەرڕێیەکدا نەدۆزیبێتەوە؟ لەوانەیە خۆشویستنی مـن هـەر بـە ڕووکەشی بێت، چونکە بە بۆچوونی من هیچ جـۆرە هـۆگری و خۆشەویستیەك لـە ئارادا نیە). هـەزاران جـار شـێوەی ناشـیرینی توڕەیی لەناو چاوانی و ڕوومەتی: دایکـت و باوکتـدا دەبینێـت، ئەویش بۆ ڕووداوانێکی زۆر هیچ. بـە بۆچـوونی ئـەو دەربڕینـی توڕەییەکی لەو شێوەیە بێ مەعنا و نەگونجاوە وە ناتوانێت بـاوەڕ بکات و زۆر بە نادادپەروەرانەی لـە قەڵـەم دەدات، بـەڵام لـە کۆتاییدا دەبێ تەسلیم ببێت و خۆی بدات بە دەستەوەو سـەری بۆ شۆڕ بکات و وەکو ستەم و زەرورەتێك قبوڵی بکات، هێـدی هێدی مەیل و ئارەزووی بۆ عەشق لەناو دەچێت.

خۆشەویـستی تـەنها لــە خۆشەویـستیدا گەشـە دەکـات، خۆشەویستی پانتاییەکی عاشقانەی پێویست دەبێ ئەمەمان لە بیر بێت وەکو گرنگترین و بنچینەیی ترین بنەما، خۆشەویستی تـەنها لە پانتاییەکی عاشقانەدا دەتوانێت گەشە بکات، خۆشەویستی لە ژێر کاریگەری شەپۆل و تیـشکدانەوەی عاشـقانەی دەوروبـەردا پەروەردە دەبێت، ئەگەر بـاوك و دایـك خۆشەویـستی دەربـڕن، نەك تەنها بۆ منـداڵ، بـەڵکو لەگـەڵ یەکتریـشدا پەیوەندیـەکی

عاشـــقانەیان هـــەبێت، ئەگـــەر خۆشەویـــستیلەناو ماڵـــدا لەگەڕدابێت، ئەو کاتە منداڵیش هەروەکو گیاندارێك لە هەوێنی خۆشەویستیدا هـەڵس و کـەوت دەکـات و هـیچ کاتێـك ئـەم پرسیارەی لـە لا دروستنابێت: (خۆشەویستی چییە؟ ئەو لـە هەمان سەرەتاوە لـە واتای خۆشەویستی گەشتووە چونکە خۆشەویـستی بوەتە شیرازەو هەوێنی. من نـاتوانم خۆشەویـستی پێناسـە بکـەم، خۆشەویستی پێناسەی نیە، خۆشەویستی وەك و لـە دایکبـوون و مردن و چاودێریکردن، یەکێکە لەو شتانەی کە وەسف ناکرێت و ناتوانرێت پێناسە بکرێت، بەلای کەمییەوە من ناتوانم پێناسـەی بکەم).

خەڵکی وادەزانن تەنها کاتێك دەتوانن خۆشەویستی بکەن کە کەسی مەبەستی خۆیانیان، واتە کەسـێك کـە بـە بۆچـوونی ئەوان شایانی عەشقەکەیان بێت دۆزیبێتـەوە، بۆچـوونی ئـاواهی زۆر پڕوپوچە: دڵنیا بن کە هیچ کاتێك کەسێکی لـەم جۆرەتـان دەستناکەوێت، خەڵکی دەڵێن تەنها کاتێك ئامادەی خۆشەویستی کـردنن کـە پیـاو یـان ژنێکـی تـەواو لــە هـەموو ڕوویەکـەوە بدۆزنەوە، ئەم وتەیە وڕێنەی شەوانەیە، هەرگیز ژن یان پیـاوێکی لەم جۆرە نادۆزێتـەوە، چـونکە ژن یـان پیـاوێکی تـەواو کـامڵ هیچکاتێك بونی نیە.

چیرۆکی پیاوێکم بیستووە کە هـەموو تەمـەنی بـە سـەڵتی مایەوە، بۆ ئەوەی سوسوی ژنێکی دەکرد کە لـە ڕەوەزو لوتکەی

کەماڵدا بێت، کاتێك تەمـەنی گەشـتە هـەفتا سـاڵ کەسـێك لێ پرسی (تۆ هەموو ئەم زەویەت نایە ژێر پێ بە شوێن ژنێکی تـەواو کامڵدا ئایا بە ڕاستی نـەتتوانی ژنێکـی لــەو جـۆرە بدۆزیتـەوە؟ تەنانەت یەك نەفەریش؟)

پیرە پیاو کە زۆر خەمبار بوو: وتی: (با، جارێکیان ژنێکـی لەم جۆرەم بەدیکرد، ژنێکی تەواو کامڵ بە تەواوی واتای وشە).

کەسەکەش پرسیاری کرد ئەی چـی بـوو؟ بۆچـی شـووی پێنەکردی؟

ڕوومەتی پیرە پیاوەکە لـە یەکەمجاریش خەمبارتربوو، ووتی: (وەڵا چی بکەم؟ لەبەرئەوەی ئەویش بە شـوێن پیـاوێکی تـەواو کامڵدا دەگەڕا.)

بـۆ بەگــەڕ کــەوتن و گەشــە کــردن لــە ســارای خۆشەویـستیدا،، کــامڵی پێویــست نیــە، خۆشەویــستی هــیچ پەیوەندیەکی بەم باسەوە نیە، مرۆڤی ئەویندار تەنها خۆشەویستی دەکات، هەر بەو جۆرەی کە مرۆڤی زیندوو هەناسە هەڵدەمژێت وەدەخوات و دەخواتەوە دەخەوێت، مرۆڤی زیندوو بـە تـەواوی واتاکەی، لە کانگای دڵیـەوە خۆشەویـستی دەکـات، تـۆ هـیچ کاتێك ناڵێیت (تەنها لـەو کاتەدا ئامادەی هەناسە هەڵمژینیم کـە هەوا پاك و خاوێن بێت) تۆ تەنانەت لە لۆس ئانجلێس وبەمبـەی یان هەر شوێنێکی تر کە هەوای پیس و ژەهراویە هـەر هەناسـە



Scanned by CamScanner

هەڵدەمژیت و ناتوانی لەبەر ئەوەی کە هەواکەی بەو جۆرە نیە کە تۆ داوای دەکەیت، هەناسە نەدەیت، کاتێک کە برسیتە هەرچییەکت بە دەست بکەویت دەیخۆیت، لە بیاباندا کاتێك کە تینوتە و لە تینواندا خەریکە بمریت، داوای کۆکا کۆلا ناکەیت، بەڵکو هەر خواردنەوەیەکت بە چنگ بکەویت دەیخۆیتەوە، تەنانەت ئاوی پیسیش.

مرۆڤی زیندوو بە واتای ڕاستەقینە تەنها خۆشویستن دەکات، خۆشەویستی کردن بەشێکە لە کردارە گرنگەکانی، کەواتە هەردەم لە بیرت بێ: هیچ کاتێك بە شوێن کەماڵی کەوادا مەگەڕێ، ئەگینا خۆشەویستی لە ژیانی تۆدا بەگەڕ ناکەوێت و دەبێتە گیانداڕێکی ساردی داڕوتاو لە هەموو هەستێك. ئەو کەسانەی کە بەس بە شوێن کەماڵی تەواودا وێڵن، زۆر بێ هەست و دڵناسکن، تەنانەت ئەگەر عاشقێك یان خۆشەویستێك بدۆزنەوە، چاوەڕوانی ئەوەن کە بەرامبەرەکەیان لە هەموو ڕویەکەوە کامڵ و تەواو بێت، چاوەڕوانییەکی لەم جۆرە ئاکامەکەی لەناو چوونی خۆشەویستییە.

هەرکە پیاوێك حەز لە ژنێك یان بە پێچەوانەوە ژنێك حەز لە پیاوێك دەکات، چاوەڕوانییەکان دەستپێدەکات، ژن چاوەڕوانی ئەوە دەکات لەبەر ئەوەی کە پیاوێك حەزی لێیەتی، دەبێت ئەو پیاوە لە لوتکەی کەماڵدا بێت، وەکو ئەوەی کە پیاوی بەستەزمان تووشی تاوانێك بووبێ: پیاوەکەش لەبەر ئەوەی

داواکاری ژنە جێبەجێ بکات، لە پڕ مەزرو سنوری خۆی واز لێدەهێنێت و لەبار چاوی ناگرێت.

ئەو ئیتر ناتوانێت مرۆڤ بێت یان دەبێ (سۆپەرمان) بێت یان ڕێگە چارەی ساختە و درۆ بگرێتە بەر، وە لەبەر ئەوەی کە (سۆپەرمان) بوون کارێکی زۆر ئاستەم و سەختە، هەموو کەس ڕێگەی دوهەم هەڵدەبژێرێت، ئەوان دەستدەکەن بە فێڵ و تەڵەکەو ساختەکاری، لە ژێر ناونیشان و مۆرکی خۆشەویستیدا فێڵبازی دەکەن.

کەواتە هیچ کاتێك چاوەڕوانی کامڵ بون لە کەس مەبن، ئێوە لە بنەڕەتدا مافی هیچ جۆرە چاوەڕوانییەکتان نیە لە کەس، ئەگەر کەسێك تۆی خۆشدەوێت، دەستخۆشی لێ بکە، بەڵام داوای هیچی لێمەکە، چونکە ئەو هیچکاتێك ناچارو مەجبور نییە کە تۆی خۆشبوێت، خۆشویستن وەکو موعجیزە وایە، سەیر کردنی ئەم موعجیزەیە بەسەر بۆ ئەوەی کە تۆ تووشی ورروژاندن و کەف و کوڵ بکات، بەڵام زۆربەی خەڵکی ناکەونە ژێر کاریگەری ئەم موعجیزەیەوە، ئەوان خۆشەویستی قوربانی دەکەن لە پێناوی شتە بچوك و پوچەکاندا، ئەوان لە ڕاستیدا هۆگرییەکەیان خۆشەویستی و بەخشین نیە، زیاتر مەبەستیان تێر کردنی فیرو بە دەماری خۆیانە، لە کاتێکدا کە بەخشینی خۆشەویستی و خۆشحاڵی لە هەموو شتێك گرنگترو بەنرخترە.



Scanned by CamScanner

خۆشویستن هەروەکو هەناسەدان کارێکی گرنگ و زەروونیە، کاتێک کەسێکت خۆش دەوێت نابێت هیچ چاوەڕوانییەکت هەبێ لێی و داوای لێبکەیت، بەم کارە هەموو دەرگاکان لە خۆت دادەخەیت، ئەگەر شتێکت بە چنگ کەوت قەدر ناس و سوپاس گوزار بە خۆ ئەگەر هیچت بە چنگ نەکەوت، ئەوە دڵنیابە کە پێوست نەبووە، بەڵام سەیری خەڵکی بکە، بڕوانە چۆن هەموو شتێك بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانن و قەدر نەناسی دەکەن، هەندێ جار کە هاوسەرەکەیان خوادرنیان بۆ ئامادە دەکات تەنانەت زەحمەتی سوپاسێکی و شکیش بە خۆیان نادەن. من ناڵێم کە سوپاس کردن هەر دەبێت لە قاڵبی ووشەدا بەیان بکرێت، بەڵام دەبێ بەلای کەمییەوە لە چاوەکانتدا هەستی پێ بکرێت.

بەڵام زۆر کەس ئەو زەحمەتەی کە هاوسەرەکەی بۆی دەکێشێت بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت کێ ئاوای بە ئێوە وتووە؟

کاتێك هاوسەر بە شوێن ئیش دا دەڕوات و بۆ گوزەرانی ژیان پارە پەیدا دەکات، ژن بە دەگمەن سوپاسی لێدەکات و پێزانینی خۆی دەردەبڕێت، چونکە وا دەزانێت ئەمە ئەو کارەیەکە پیاو حەتمەن دەبێ بیکات، لە ژینگەیەکی ئاواهیدا خۆشەویستی چۆن گەشە دەکات؟ خۆشەویستی پێویستی بە ژینگەیەکی عاشقانەیە، ژینگەیەك کە قەدر ناسی و سوپاس و



Scanned by CamScanner

پێزانین و کامەرانی باڵی بەسەردا کێشا بێت، خۆشەویستی پێویستی بە شوێنێك هەیە کە دارِوتاو بێت لەهەر چاوەڕوانیەك.

وە ئێستا خاڵی کۆتایی: باشتر وایەکە لە بری ئەوەی کە دایم لە بیری وەرگرتندا بێت، بیرێکیش لە بەخشین و سودمەند کردنی خەڵکانی دیکە بکەرەوە لەوەی کە بۆ خۆت بەڕێزو بە نرخە. ئەگەر ببخشەن وەردەگرن، هیچ ڕێگەیەکی تر نیە خەڵکی هەمویان لە بیری ئەوەدان کە چۆن پەیدا بکەن و بە چنگ بهێنن، هەموان دەیانەوێت وەربگرن و وا دەردەکەوێت کە هیچ کەس لە بەخشین چێژ وەرناگرێت، خەڵکی بە نابەدڵی دەبەخشن ئەگەریش ببەخشن لەبەر ئەوەیە کە لە بری ئەو بەخشینە شتێکیان دەستبکەوێت، وەك ئەوەی کە مامەڵە دەکەن، ئەوان هەمیشە بیریان چڕ دەکەنەوە بۆ ئەوەی زیاتریان دەستبکەوێت، کە دەیبەخشن، لە سۆنگە کاسپی و مامەڵەوە بۆچوونێکی ڕاستە.

بەڵام خۆشەویستی مامەڵە کردن نیە، کەواتە وەکو کاسپی کردن لەگەڵ خۆشەویستیدا هەڵس و کەوت مەکەن، ئەگینا ژیان و خۆشەویستی و جوانیەکانی لە کیس خۆیان دەدەن، هیچ کام لە جوانییە ڕاستەقیکانی ژیان بە کڕین و فرۆشتن بەدەست نایەت، مامەڵە و کڕین و فرۆشتنی خۆشەویستی یەکێکە لە ناشیرینترین شتەکانی ئەم جیهانە، بەڵام بونەوەر هیچ شتێك لەمەڕ مامەڵەو کڕین و فرۆشتن نازانێت، چرۆ کردنی درەختەکان، درەوشانەوەی ئەستێرەکان، ئەمانە هیچکامیان پەیوەندی بە کڕین



Scanned by CamScanner

و فرۆشتنەوە نیە، نە پێویست دەکات لە بریان پارەیەك بدەیت و نە کەسیش داوای شتێکت لێدەکات.

ئەو باڵندەیەی کە لە بەردەمماڵەکەی تۆدا دەنیشێتەوە و ئاوازێکی خۆش دەچرێت، داوای سوپاسنامە یان شتێکی تر ناکات، باڵندەکە ئاوازەکەی دەچرێت و پاشان بە ڕەزامەندی و خەیاڵێکی ئاسودەوە هەڵدەفرێت و دەڕوات، بە بێ ئەوەی هیچ شوێن پێیەك یان ناونیشانێك لە خۆی بەجێ بێڵێ، خۆشەویستیش بەم شێوەیە گەشە دەکات، ببەخشەو چاوەڕوانی دەستخۆشی مەبە لە بری ئەو خۆشەویستیە خۆشەویستی دێت، خۆشەویستی بە هەزاران جار دێت، بەڵام دەبێ خۆی بێت.

نابێت داوای بکەیت ئەگینا هەرگیز نایەت، ئەگەر بە زۆر داوای خۆشەویستی بکەیت دەیکوژی و لەناوی دەبەی، دەی کەواتە بیبەخشە، لەسەرەتادا کارێکی گرانە، چونکە لە درێژایی ژیاندا فێرکراوی کە وەربگری نەك بدەیت، لەسەرەتادا دەبێت بەرەنگاری زرنگی ناخت ببیتەوە، ماسولکەکانت کرژبوونەتەوە، سەرما بە سەر دڵتا باڵی کێشاوە، بێ گیان و بێ هەست بوویت، بەڵام هەر هەنگاوێك کە لەم بەرەنگار بوونەوەیەدا بەرەو پێش هەڵی دەهاوێت ڕێگەکەت بۆ تەخت دەبێت و وردە وردە سەهۆڵەکان دەتاوێنەوە و ڕوباری خۆشەویستی لە تۆدا بەگەڕ دەکەوێتەوە.



Scanned by CamScanner

مرۆڤـی ژيـرو بـاڵغ لــە تــەنيايی خۆيــدا خۆشــحاڵە، تەنياييیەكەی وەكو ئاوازێكی خۆشە، تەنياييیەكە وەكو جـەژنێك وايە، مرۆڤی باڵغ و ژير ئەو كەسەیەكە دەتوانێت لـەگەڵ خۆيدا كامەران و بەختەوەر بێت، تەنيايی بە واتای ئاوارەيی و بێ كەسی نييە، تەنياييیەكـەی وەكـو چـاودێريكردن و خـەڵوەتكردن وايـە لەگـەڵ خۆيــدا، دەی لــە هــەنگاوی يەكەمــدا فێـر ببـە كـە كەسايەتيیەكی سەربەخۆو تايبەت بە خۆتت هەبێت، لە هەنگاوی دووهەمدا بە شوێن لوتكەی كەماڵ و تەواوبوندا مەگەڕێ، و لـە چاوەڕوانی و داواكاريكردن دور بكەوە، خەڵكی ئاسايت خۆش بوێت، خەڵكانی ئاسايی هيچيان لـە كەسانی تر كەم تر نيـە، لـە ڕاستيدا هەموو ئەم كەسە بە ڕواڵـەت ئاساييانە، شازو بێ هاوتان، چونكە هەموو كەس بەش بە حاڵی خۆی تايبــەت بـە خۆيـە بـێ بريتيە، كە شايانی ڕێزو ئيحترام لێگرتنە.

ببەخــشن و بــە بــێ هــيچ مــەرجێك ببەخــشن، ئەوسـا خۆشەويستی دەردەكەوێت. مـن نـاتوانم پێناسـەی خۆشەويـستی بكەم بەڵام دەتوانم ئەو ڕێگەيەتان نيشان بدەم كـە خۆشەويـستی تێيدا گەشە دەكات، فێرتان دەكەم كە چۆن چڵە گـوڵێكی ڕۆز بنێژن و چۆن ئاوی بدەن، چۆن كوتی بدەن و چـۆن پارێزگـاری لێبكەن، ئەوسا ڕۆژێك دێتە پێش كە گوڵـە ڕۆزەكـە، لـەناكاو چرۆكان و دەپشكوێ و ماڵی تۆ لێوان لێو دەبێـت لـە بـۆنێكی خۆش، خۆشەويستيش، هەر بەم جۆرە دەپشكوێ.



Scanned by CamScanner

## دوژمنی ڕاستەقینەی خۆشەویستی

لە جیاتی ئەوەی لە خۆشەویستی بترسن لەگەڵیدا بژی، ترسان و خۆشەویستی دوو جەمسەری دژ بە یەکن، خەڵکی زۆر جار وا تەسەور دەکەن کە خۆشەویستیو نەفرەت و بێزاری دوو جەمسەری نەیاری یەکترین، ئەم تەسەورە هەڵەیە، خۆشەویستی و نەفرەت لە ڕاستیدا لە یەك جۆرو وزەوە سەرچاوە دەگرن، خۆشەویستی دەتوانێت بگۆڕێ بۆ نەفرەت و بە پێشەوانەشەوە نەفرەتیش دەتوانێت بگۆڕێ بۆ خۆشەویستی، ئەوان توانای جێگۆڕکێ کردن و گۆڕان بۆ یەکتریان تێدا هەیە، کەواتە خۆشەویستی و نەفرەت دژ بەیەك نین بەڵکو تەواوکەری یەکترین.

لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین ڕقیشمان لەو کەسە بێت کە عاشق و هۆگریینی، خۆشەویستی و ڕق و نەفرەت هەردەم لە پاڵ یەکتردان، ئەوان دوژمنی یەکترنین بەڵکو هاوەڵ و دۆستی یەکترن، دژایەتی ڕاستەقینە لە نێوان خۆشەویستی و ترساندایە، ئەوانە هیچ کاتێك لە پاڵ یەکتردا نابینرێن، ئەگەر ترسان لە ڕادەبەدەر بڕواتە بن کلێشەتەوە، خۆشەویستی لەناو دەچێت، ترسان ناتوانێ بگۆڕێت بۆ خۆشەویستی و خۆشەویستیش هەرگیز ناتوانێت لە شێوەی ترسدا خۆی دەربخات، ئەوان شیاوی بۆ یەکدی گۆڕان نین.



Scanned by CamScanner

تـەنها خۆشەویـستییەکە دەتوانێـت مـرۆڤ بـە سـامان و دەوڵەمەند بکات، ترسان مرۆڤ کەلەلاو گۆج دەکـات، وەهـەتا ئەمرۆ زیاتر لاوازی بنوێنی، بەو ڕێژەیەش ترسـێکی زیـاتر سـێبەر بەسـەر ناخیـدا دەکـات، کەواتـە دەکەوێتـە سـوڕێکی پـوچ و بەتاڵەوە، خۆشەویستی پەڕو باڵـت پێ دەبەخـشێت و یارمـەتیت دەدات کە لـە ژیاندا مورتاح و بـیرت ئاسـودە بێـت، ئازایـەتیت خەڵات دەکـات تـا ژیـان لــە بـوارە جـۆراو جۆرەکانـدا تـاقی بکەیتەوە، خۆشەویستیی مەیـدان و پانتاییـیـەکی تۆکمـەو تـەواو دەخاتە بەردەمت.

## خۆشەویستی فراوانیی نیعمەتە

## باگوان

ئەگەر کەسێك نەبیت خۆشەویـستی بناسـێت و لــە تـام و چێژەکەی سودمەند بووبیت، خۆشەویستی چی بەسەردا دێت؟

مرۆڤ کاتێك گەشە دەکات و باڵـغ دەبێت لـە بری ئـەوەی کە پێویـستی بـە خۆشەویـستی هـەبێت، خـۆی دەسـتبکات بـە خۆشویستن، لێوان لێو بێت لـە خۆشەویستی و لـەگەڵ خەڵکیدا دابەشی بکات، واتە بە ڕاسـتی دەسـتبکات بـە بەشـینەوەی لـە دۆخی یەکەم دا جەخت و دوپات لـە سەر ئەوە دەکات کە زیاتر وەربگرێت، لـە کاتێکدا کە لـە دۆخی دووهەمدا جەخت لـەسەر

زیاتر بەخشین و زیاتر دابەشکردن، ئەوەش بەبێ هیچ مەرجێکـە، واتە هەنگاونانە ناو قۆناغی گەشەکردن و باڵغ بوون.

پێداویستی، هیچ پەیوەندیـەکی بـە خۆشەویـستییەوە نیـە، خۆشەویستی، فراوانیی نیعمەتە، خۆشەویستی واتە تۆ بە ڕادەیەك پڕو سەر ڕێژی لـە کەف و کوڵ و خۆشی ژیان کە نـازانی چـی لێبکەیت، لەبەر ئەوە دەسـتدەکەیت بـە دابەشـکردنی لەگـەڵ خەڵکیدا، خۆشەویستی واتە تۆ ئەوەندە گۆرانی لــە دڵتـدا زۆرە کە بێ ئەوەی ئاگات لـە خۆت بێت لـەبەری خۆتەوە دەیانڵێیتەوە بە بێ گوێدانە ئەوەی کە ببیستڕێت هەیە یان نا.

کاتێك کە کەسێك لـە خۆشەویستی سودمەند دەبێت، ئیتر بە فـیڕۆی نـادات، بـەڵام خۆشەویـستی هـەردەم بـە ڕادەیـەکی ئێجگار زۆر هەیە، ڕووبارەکان لـەبەر تۆ بەگەڕ ناکـەون، ئـەوان هەردەم کە جوڵەو لـەگەڕدان چ تۆ هەبیت و چ نەبیت، تێر ئـاو کردنی تۆ یان ئاودانی کێڵگەکان لـەگـەڕوو سـوڕدانین، ئـەوان تەنها لـەگەڕدان، تۆ دەتوانی تینویەتیەکەت بشکێنی بەو ئاوە یـان ئەم دەرفەرتە لـە کیسی خۆت نەدەیت.

ئەمە بە خودی خۆتەوە بەستراوە، ڕووبار تـەنها لـەبـەر تـۆ ئاوی لـەبەر ناڕوات، بەڵکو بۆ خۆی کە وتوتـە جـوڵان وە لـەم کاتـەدا بەرێکـەوت تـۆو بـۆ کێڵگـەو پێویـستییەکانی دیکـەت کەڵکی لێ وەردەگرێـت. کاتێـك کـە تـۆ سـودمەند بویـت لـە

خۆشەویستی لە یەکێکی تر داوا دەکەیت کە پێت ببەخشێت لە ڕاستیدا تۆ سواڵدەکەیت، یەکێکی تریش داوای عەشق لە تۆ دەکات ئێستا هەردو سواڵکەرەکە دەستەکانیان لە بەرامبەر یەکتردا کردوەتەوە، هەر کامێکیان هیواداره کە ئەویتریان ئەوەی پێببەخشێت کە پێویستی پێیەتی، سروشتییە ئەگەر لە ئەنجامدا هەریەك لەوانە هەست بە مل شۆڕی بکات.

بابەتی گومان لێرەدایە: ئەوانەی کە عاشق دەبن لە خۆشەویستی سودمەند نەبوون بۆیە عاشق دەبن، وە لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی کە خۆیان لە خۆشەویستی بێ بەشن، ناتوانن پێشکەشی کەسێکی تری بکەن، خاڵێکی تر ئەوەیە کە مرۆڤی پێنەگەشتوی نابالغ، عاشقی مرۆڤێکی وەك خۆی دەبێت، واتە ئەویندارى گیانداریکی پێنەگەشتوی نابالغی تر، چونکە هەر ئەوانە دەتوانن لە یەکتر تێبگەن، هەر بەم شێوەیە مرۆڤێکی پێگەشتوی باڵغیش عاشقی مرۆڤێکی وەك خۆی دەبێت.

کێشەی سەرەکی خۆشەویستی ئەوەیە کە سەرەتا مرۆڤ دەبێت بگاتە پلەی کەماڵی مەعنەوی، ئەوسا دەتوانێت هاودەمێکی خاوەن کەماڵ پەیدا بکات،خەڵکە پێنەگەشتوە نابالغەکان ناتوانن سەرنجی ئەو بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، بۆ نمونە مرۆڤێکی تەمەن بیست و پێنج ساڵ هیچکاتێك ناکەوێتە داوی خۆشەویستی منداڵێکی دووساڵانە، ووشەی (کەوتنە داو) تان



Scanned by CamScanner

لەبەر چاو بێت، کاتێك کە تۆ گەشتبیتە گەشە کردنی دەرونی و مەعنەوی، هیچ کاتێك ناکەویتە داوی خۆشەویستی منداڵێکەوە، ڕوودانی شیتێکی ئاوەها مومکین نیە، چونکە ئەم بابەتە زۆر پوچ و بیٚ مەعنا دێتە پێش چاوت.

ڕاستیەکەی لەوەی کە مرۆڤێکی خاوەن کەماڵ هیچ کاتێك ناکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە بەڵکو لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە ئازادی و سەربەستی بەدەست دەهێنێت، کەوتنە داو تەنها لە مرۆڤە گەشەنەکردوە باڵغەکان دەوەشێتەوە، ئەوان پێیان ببێت بە تەڵەی خۆشەویستییەوەو دەکەونە داوەوە،لەبەر ئەوەی کە عاشق بن، بەزۆر دەتوانن خۆیان لەسەر پیٚ بەند بکەن، بەڵام کاتێك کە عاشق دەبن ئیتر دەفەوتێن و ناتوانن لەسەر پیٚی خۆیان بوەستن، هەرکە ژن یان پیاوی دڵویستی خۆیان بدۆزنەوە ئیتر خۆیان دەدەن بە دەستەوە، لە ڕاستیدا ئەوان هەردەم تەیار بوون بۆ ئەوەی کە بکەونە داوەوەو یەخسیر بکرێن، ئەوان پێویستیان نیە بۆ تەنیا بوون و سەر بە خۆبوون.

بەڵام مرۆڤێکی باڵغ خاوەن توانای یەکگرتنە، کاتێك کەسێکی لەم چەشنە خۆشەویستی دەکات، ئەم کارە بە بیٚ هیچ قەیدو مەرجێك ئەنجام دەدات، ئەو تەنها خۆشەویستی خۆ دەبەخشێت. کاتێك مرۆڤێکی خاوەن کەماڵ خۆشەویستی دەکات، سوپاس و پێزانینی هەیە بۆ ئەوەی کە تۆ خۆشەویستی



Scanned by CamScanner

یەکەیت قبوڵ کردوە نەك بە پێچەوانە، ئەو چاوەڕوانی ئەوە لە تۆناکات تا لە بری خۆشەویستی یەکەی تۆ سوپاسی لێبکەیت، بە هیچ جۆرێك ئەو هەرگیز پێویستی سوپاسکردنی تۆ نیە، لە ڕاستیدا ئەو سوپاسی تۆ دەکات تۆ وەرگرتنی خۆشەویستییەکەی.

کاتێك کە دوو مرۆڤی باڵغ گەشەسەندو یەکتریان خۆشدەوێت یەکێك لە گەورەترین ناتەواوی و دژایەتیەکەکان ڕوودەدات، یەکێك لە جوانترین و ڕازاوەترین دیاری ڕوودەدات، بەیەکەوەن لە هەمان کاتدا لە گەورەیی تەنیاییدا بەسەر دەبەن، ئەوان بە ڕادەیەك تێهەڵکێشی یەك دەبن کە دەڵێیت بوون بەیەك، بەڵام ئەم یەکبوون و یەکێتییە تاکایەتی و هەبوونی سەربەخۆیی هەریەك لەوان لەناو نابات، لە ڕاستیدا کەسایەتی و تاکایەتییەکەیان بەرزترو بوڵەندتر دەکات، ئەم دوانە هاوکاری و دەستگرۆیی یەکتر دەکەن تا زیاتر سەربەست بن، لە پەیوەندی نێوانیاندا سیاسەت و درۆو فێڵ و هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر یەکتردا وجودی نیە، ئایا دەکرێ مرۆڤ بەسەر کەسێکدا کە عاشقێتی و خۆشی دەوێت زاڵ بێت؟

کاتێك کە لانەو ماڵی ناخی خۆت بدۆزیتەوە، کاتێك کە خۆتبناسی، ئەو کاتە خۆشەویستی ڕاستەقینە لەناختەوە سەر دەردەهێنێت و گەشە دەکات، بۆنە خۆشەکەی بە دەوروبەردا



Scanned by CamScanner

بـــڵاو دەبێتـــەوە، بـــەم هۆیـــەوە خـــەڵكانی تـــریش لـــە خۆشەویستییەكەت سـودمەند دەكـەیت، بـەڵام چـۆن دەتـوانی شتێك خەڵاتی خەڵكی بكەیت كـە خـۆت سـودت لێ نـەبینیوە؟ كەواتە مەرجی سـەرەكی و پێویـست بـۆ وەرگـرتن و بەخـشین ئەوەیە كە سەرەتا چۆن سودت لەو شتەی كە دەتەوێ ببەخشی، ببینیت مرۆڤ كاتێك كە دەیەوێت شتێك پێشكەش بكات، دەبێ شتێكی پێ بێـت، بـەڵام مـرۆڤ ئـەم قـسانە دەبیـستێت و لێیـان دەگات، بەڵام ئـەو گرفتـەی كـە لێـرەدا دێتـە پـێش ئەوەیەكـە تێگەیشتن تەنها كردارێكی مێشكی و عەقڵییە، بەڵام كاتێك كـە ئەم قسانە بە گیان و دڵ و هـەموو وجودتـەوە دەرك بكـەیت و ڕاستی و بۆ دەربكەوێت، ئەوسا ئیتر هیچ جۆرە بەربەستێكت لەم بارەیەوە بۆ دروستنابێت، ئەو كاتە هەموو ئەو پەیوەندیانـەت لـە بیر دەچێتەوە كـە بونەتـە هـۆی پاشـكۆیەتی، هـەموو هـەوڵ و تێكۆشانێكت لە پێناو خۆتا وایەو لەم پێناوەدا ناخی خۆت پاك و خـاوێن دەكـەیت و بـە ئاگـابوون و هۆشـیاری خـۆت زیـاتر دەكەیت، هەتا زیـاتر هەسـتی نزیـك بوونـەوە لـە گـشتایەتی و گشت لە تۆدا گەشە بكـات بـەو ڕێژەیـەش بـەوە دەزانـی كـە خۆشەویستیش وەكو دیاردەیەكی لاوەكی هێدی هێدی لـەناخی تۆدا ڕیشك دادەكوتێت.

ئەم خۆشەویستییە پێویستی بە دووبارە وتنەوە و بە ڕەسمی ناسین و شایەتی دان نیە، پێویست بەوە ناکات کەسێك بێت و لە تامەکەی سود وەربگرێت، ناسینی خۆشەویستی لە لایەن کەسێکی ترەوە کردارێکی چاوەڕوانەکراوە و ناخەملێت و پێداویستی بون و مانەوەی خۆشەویستی نیە، خۆشەویستی درێژە بە ڕێگەی خۆی دەدات و بەگەڕ دەکەوێت، تەنانەت ئەگەر کەسێکیش نەبێت کە ئاکامەکەی بچێژێ و بناسێت، کە پێت و بەرەکەتەکەی خۆشحاڵ و کامەران بێت، خۆشەویستی لە هەموو دۆخێکدا لەگەڕدایە، وە برست و کاریگەری ئەم بەگەڕ کەوتنە کە تۆ هەستی کامەرانی و بەختەوەریت لە لا دروستدەبێت، ئەم بەگەڕ کەوتنە لە ڕاستیدا وزەی ژیانی تۆیە.

وادابنێ لە ژورێکی خاڵیدا دانیشتوی و وزە لە تۆدا بەگەڕ کەوتووە و کەش و هەوای ژورە کە سەر ڕێژە لە خۆشەویستی، کەس لە ژورەکەدا نیە، دیوارەکان سوپاست لێ ناکەن، کەسێك نیە ئەم خۆشەویستییە بناسێتەوە لەتام و چێژەکەی سود وەربگرێت، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە هیچ ڕوویەکەوە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە گەورەیی تۆ ئازاد دەبێ و دەکەوێتە هەڵسوڕان و هەست بە کامەرانی و بەختەوەری دەکەیت، گوڵێك لەبەر ئەوەی کە بۆنەکەی بەهۆی هەواوە بڵاو دەبێتەوە زۆر خۆشحاڵە، ئیتر ئایا گەڕی هەواکە



Scanned by CamScanner

شتێك سەبارەت بە ئەم بۆنە بزانێت یان نەزانێت هیچ فەرقێکی بۆ گوڵەکە نیە.

بەهەر چەشنێك بێت من بوونم هەیە، بوونی من بە ئێوەوە نەبەستراوە، کاری من هیچ پەیوەندیەکی بەو کەسانەوە نیە کە لە دەوری من خڕ بوونەوە، هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی من بۆ ئەوەیە کە ئێوە لە من جیاببنەوەو سەربەخۆ بن و پشت بەمن نەبەستن، من بۆیە لێرەدام تا سەربەستیی بە ئێوە ببەخشم من نامەوێت بەر لە ئێوە بگرم و ڕێگرتان بم و دەست و پێتان ببەستم، من تەنها ئەوەم دەوێت کە ئێوە خۆتان بن، وە ئەگەر ڕۆژێك بێتە پێش کە ئێوە پشت بە من نەبەستن و سەربەخۆ بن، ئەوسا بە ڕاستی دەتوانن منتان خۆشبوێت، بەلام پێش لەوە، ناتوانن.

من ئێوەم زۆر خۆشدەوێت، بە دەست خۆم نیە، باس لە سەر ئەوە نیە کە ئایا من دەتوانم ئێوەم خۆشبوێت یان نا؟ من تەنها خۆشەویستیی دەکەم، ئەگەر ئێوە لەم هۆڵەدا نەبن هیچ فەرقێك ناکات، ئەم هۆڵە پڕ دەبێت لە خۆشەویستی من، ئەم درەختانە خۆشەویستییەکەی من وەردەگرن و باڵندەکان سودی لێ وەردەگرن، تەنانەت ئەگەر ئەم درەخت و باڵندانەش دیار نەمێنن دیسان هیچ فەرقێك ناکات، بەهەر چەشنێك بێت خۆشەویستی لەگەڕدایە، لەبەر ئەوەی کە خۆشەویستی هەیە کەواتە بەگەڕ دەکەوێت.

# خۆشەویستی و چاودێریکردن

## باگوان

لە ناخی مندا تامەزرۆییەکی گەورە بۆ خۆشەویستییەکی بەردەوام و جێگیر شەپۆل دەدات، ئایا ئەمە شتێکی گێلانە نیە؟

خۆشەویستی دەتوانێت لە دوو ڕەهەندی جۆراو جۆردا هەبێت: ئاسۆیی یان ستونیی. ئێمە ئاشناین لەگەڵ خۆشەویستی لە جۆری ئاسۆیی، واتە خۆشەویستی لە ڕەهەندی کات و ڕەزامەندا، لە کاتێکدا ڕەهەندی ستونی نوێنەری سەر زەمین، بێ کۆتایی و هەتا هەتاییە، تامەزرۆیی ناو دڵی تۆ، بۆ بەردەوامبون و جێگیری نیە، تۆ ترشی هەڵهێنجرانی خراپ بوونت بەڵام ئەم هەڵهێنجرانە خراپە تەقریبەن گشت گیرە، چونکە پێودانگی پێوانە کردنی ئێمە سنورداره بە ڕەهەندی زەمەن و لەم ڕەهەندەدا تەنها دوو ئەگەر و ئیمکان هەیە، هەموو دیاردەیەك یان ساتێك زوو تێپەڕ یان جێگیرو بەردەوامە، بەڵام خودی بەردەوامبوونیش بە واتای ساتانێکی زۆرە کە لە پاڵ یەکتردا، دانراون و هەر کامێکیان دەستپێك و کۆتایی یەکیان نییە، کەواتە بەردەوامبوون هەتا هەتایی نیە و ناش توانێ کە بێت، هیچ شتێك لە ڕەهەندی زەمەند هەتا هەتایی نیە، ئەو شتەی کە لە زەمەن و کاتدا لە دایك دەبێت هەر لە زەمەن و کاتیشدا



Scanned by CamScanner

دەمرێت، ئەگەر دەستپێکێك هەبێت بە دڵنیایی کۆتاییەکیش هەیە.

خۆشەویستی تۆش خاوەن دەستپێکە و لە ساتێکی تایبەتدا دەستپێدەکات، دەی کەواتە کۆتایش دێت، بەڵام لەوانەیە کۆتایی زوتریان درەنگتر ڕووبدات، ئەگەر زوو ڕوو بدات ناوی ساتی و زوو تێپەڕی لێدەنێیت، ئەگەر کۆتایی هاتنەکەی تۆزێك درێژە بکێشێت، ناوی سەقامگیرو بەردەوامی لێدەنێت.

بەڵام ئەم بەردەوامیەش دڵی تۆ ڕازی و تێر ناکات، چونکە دڵی تۆ ئاواتی شتێك دەخوازێت کە هیچ کاتێك کۆتایی نەیەت، شتێك کە بۆ هەمیشە هەبێت، ئەم ئاواتە لە ڕاستیدا ئاواتی گەشتن بەخودایە، (خودا) ناوێکی ترە بۆ خۆشەویستی هەتا هەتایی و نەمر.

بەڵام مێشك لە بارەی هەتا هەتاییەوە هیچ نازانێت، دڵ لە تامەزرۆیی بۆ گەیشتن بە هەتا هەتایدا شەپۆل دەدات، بەڵام هەردەم بەهۆی مێشکەوە هەڵدەهێنجرێ و لەیەك دەدرێتەوە، ئەو خۆشەویستییە کە مێشکی ئینسان دەیناسێت، یا زۆر کەم ماوەیە یان تۆزێك درێژ خایەن بەڵام ئەگەر تەنانەت خۆشەویستی ماوەیەکی زیاتریش درێژەی هەبێت، ترسی لە دەستچوون و تەواو بوونی ئەم خۆشەویستییە هەردەم هەیە، ئەم تۆرسانە بە تەواوەتی لە جنی خۆیدایە، چونکە کۆتایی هاتنی

خۆشەویستییەکی لەم چەشنە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، دڵ باس لە هەتا هەتایی دەکات، بەڵام مێشك بە بەردەوامی هەڵیدەهێنجرێت و لە یەکی دەداتەوە: ئەو خراپ هەڵهێنجرانەی کە تووشت بووە لێرەدایە، تامەزرۆو هەڵوەدایی دڵی تۆ بۆ بڕینی ئەو ڕێگەیە لە ڕەهەندی ستونیدا، واتە لە ڕەهەندی چاودێریکردندا، هەڵوەدایی و هۆگری ناو دڵی تۆ گێلانە نیە، کێشەکە ئەوەیەکە تۆ بە هەڵە وەرت گرتووە، دڵی تۆ لە ڕاستیدا بە شوێن خۆشەویستییەکدایە کە خولْقاوی چاودێریکردن بێت، نەك خولْقاوی مێشك. کت و مت ئەمە ئە خۆشەویستیەیەکە من هەمیشە باسی لێوە دەکەم، ئەمەیان ئەو عەشقەیەکە عیسای مەسیح باسی لێوە دەکات، ئەم خۆشەویستییە، لە لایەن خواوەیە، ئەم عەشقە، خۆشەویستی سەر ئەم زەوییە ناتوانێت لە لایەن خوداوە بێت، خۆشەویستی ئەم سەر زەوییە دیاردەییەکە پەیوەندە بە مێشکەوە، پەیوەندە بە بایۆلۆجی و فیسیۆلۆجی و دەروونناسییەوە بەڵام هەتا هەتایی نیە.

پێشنیاری من ئەمەیە کە: ئەگەر تۆ بەڕاستی نەیاری بۆ ئەوەی کە داواکاری دڵت بەجێ بهێنی دەی هەرچییەك لە بارەی خۆشەویستییەوە دەزانی لە بیر خۆتی بەرەوە، سەرەتا چاودێری بکە چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینە لە چاودێریکردنەوە سەر دەردەهێنێت، خۆشەویستی، بۆنە

خۆشەکەی چاودێریکردنە، چاودێریکردن وەکو گوڵێـك وایـە، با چرۆ بکات و بپشکوێ.

با یارمەتیت بدات لە ڕەهەندی ستونیدا، ئـەو ڕەهەنـدەی کە کات و مێشك هیچ جۆرە ڕۆڵێکیان نیە تێیدا، سەربکەوی و لە ناکاو بۆنە خۆشـەکەی دەبیـستی، ئـەم خۆشەویـستییە هـەتا هەتاییە، ئەم خۆشەویستییە داڕووتاوە لە هەموو جۆرە مەرجێك، هیچ خەونێك هەتا هەتایی نییە و خۆشەیستی ئەم سەر زەوییـەش هیچ نیە جگە لە خەونێك، مێـشك تـەنها لـە جیهـانی خەیاڵـدا ڕێدەکات و ناتوانێـت عالـەمی ڕاسـتەقینەت پیـشانبدات، وردە وردە لــە جیهــانی مێــشك هەرچــییەك دەزانــی لــە بــارەی خۆشەویـستییەوە لــە بـیر خــۆتی بـەرەوە، تـۆ تـا نـاو هێـزی دەرککردنی خۆشەویستی ڕاسـتەقینەت نیـە، هـەتا لـە ڕێگـەی چاودێریکردنەوەیەکە دەتـوانی بـچیتە دەر لـەو ڕەهەنـدەی کـە تیایدایت و بەرەو ڕەهەندێکی باشتر هەنگاو هەڵبگریت، واتە لە ڕەهەندی ئاسۆییەوە بۆ ڕەهەندی ستونی، واتە لـە دەسـت ژیـان بردنە سەر لە ڕابردوو داهاتودا بێیتـە دەرەوەو بـوون لـە سـاتی ئێستادا تاقیبکەیتەوە.

ئـاخۆ ئـەم هۆگرییـەی مـرۆڤ بـۆ بـەردەوامبوون لـەبری خۆشەویـستی لــە کوێـوە سەرچـاوەی گرتـووە؟ بـەردەوامبوون واتای ئەوەیە کە تۆ دەتەوێ لە داهاتوو سەر دەربهێنی واتـە تۆ

دەتەوێت ئەوەی کە لە کاتی ئێستادا هەیە، هەر بەم شێوەیەش بمێنێتەوە لە داهاتوودا، باشە بۆچی؟ لە ڕاستیدا مرۆڤ کاتێك دەکەوێتە بیری بەردەوامبوونی خۆشەویستی کە ئیتر خۆشەویستی هەڵفڕیوەو نەماوە.

کاتێك کە دوو عاشقی بە گوڕ لە وەهم و خەیاڵی مێشکی خۆیاندا نوقم بوون، سەبارەت بە بەردەوامی و جێگیری خۆشەویستیی بیر ناکەنەوە، لە ژن و پیاوێك کە لە مانگی هەنگوینداان پرسیار بکە لە بارەی بەردەوامی خۆشەویستییەوە، بە هیچ جۆرێك شتێکی لەم جۆرە لە لایان مەبەست و جێگەی پرسیار نیە، بەڵام هەر کە کۆڵەکەکانی ئەم خۆشەویستییە سست و لاواز بووە تۆ هەستبکەیت کە خەریکە لە دەست دەڕوات، مێشك دەڵێت ووریابەو بە دوو دەست توند لە دەستی بگرەو هەر کارێکت لە دەست دێت بیکە بۆ بەردەوامبوون و مانەوەی مێشك. داوات لێ دەکات گوێ نەدەیتە ئەو درزو قڵیشانەی کە دروستبوون، لەبەر چاویان نەگریت و لێیان دوربکەویتەوە. لە بیر خۆتیان بەریتەوە و کپیان بکەیتەوە.

بەهەر جۆرێك بوە سەر و بنی بهێنیتەوە یەك،دەی کەواتە خۆشەویستی ئەم سەر زەوییە ناتوانێت بەردەوامبێت، شتێکی ئاوا هەرگیز نابێت و ناگونجێت، من ڕێگەو شێوازی چاودێریکردنتان فێردەکەم، بە چاودێریکردن خۆشەویستی شێوەو چۆنایەتیەکی

نوێ لە خۆ دەگرێت، ئەم خۆشەویستییە ئیتر بە واتای مێشك سوكی و بێ عەقلی نیە، بەڵكو عەقڵ و زانست، تۆ ئیتر ناكەویتە داوی خۆشەویستییەوە بەڵكو لەناو خۆشەویستیدا گەشە دەكەیت و دەپشكوێیت، خۆشەویستی لای تۆ بە واتای خوو ڕەوشتێكی بەرز دەبێت بەو جۆرەی كە ڕووناكی بڵێسەی ئاگر دەورەدەدات، خۆشەویستیش ناخی تۆ دادەگرێت، تۆ خۆشەویستی دەكەیت و بە ڕاستی خودی عەشق دەبیت، ئەم خۆشەویستییە هەتا هەتاییە، ئەم خۆشەویستییە گوێگرێكی تایبەتی نیە، وەكو كانیاوێك وایە كە هەموو كەس دەتوانێت لە ئاوە سازگارەكەی بخواتەوە، خۆشەویستییەكە هەموو شتێك و هەموو كەسێك دەتوانێت لە پیت و بەرەكەتەكەی سود وەربگرێت، درەخت، بەرد، مرۆڤ و ئاژەڵ هیچ فەرقێك ناكات.

بوزا بە تەنیایی لە ژێر درەختێكدا دادەنیشت و لەوەوە خۆشەویستی دەهاتە دەرەوە،بارانی خۆشەویستییەكەی هەموو شتێكی پیرۆزو موبارەك دەكرد، ئەم خۆشەویستییە هەتا هەتاییە، ئەو خۆشەویستیەیەكە دڵ ئاوەتە خوازی بەدەستهێنانیتی.

# بەشی سێهەم:

# پێکەنین

بەلای منەوە، گاڵتەو گەپ دەبێت کۆڵەکەو بنچینەی باوەڕەکانی مرۆڤ لە داهاتوودا پێك بهێنێت.

ئۆشۆ

## ژیان وتەیەکی نەستەقی کەشکەلأنییە

هەموو وەکو وتەیەکی نەستەقی کەشکەڵانییە، ژیان دیاردەیەکی جدی نیە، ئەگەر بە توند بیگریت بە ڕاستی لە کیسی خۆتی دەدەیت، پەی بردن بە ژیان تەنها لە ڕێگەی پێکەنینەوە دەبێت، ئایا تاوەکو ئێستا بەوەت زانیوە کە مرۆڤ تەنها گیانەوەرێکە کە پێدەکەنێت؟ ئەرستۆ دەڵێت: ئینسان تەنها گیانەوەرێکی خاوەن ژیربێژییە، بەڵام ئەم وتەیە بە تەواوەتی ڕاست نیە، چونکە مێروولەو هەنگیش گیانەوەرانێکی زۆر ژیرو مەنتیقین، ئەگەر ڕاستتدەوێ بە بەراورد کردنی مرۆڤ لەگەڵ مێروولەو هەنگدا گیانەوەرێکی زۆر نامەنتیقی یە، کۆمپیوتەریش ئامێرێکی زۆر مەنتیقی و ژیرە ئەگەر مرۆڤی لەگەڵدا بەراورد بکەین مرۆڤ گیانەوەرێکی نامەنتیقییە.



Scanned by CamScanner

پێناسەی من بۆ ئینسان ئەوەیە کە مرۆڤ تەنها گیانەوەرێکە کە پێدەکەنێت، هەنگەکان و مێرولەکان و کۆمپیوتەرەکان هیچکامیان پێ ناکەنن، تەنها مرۆڤ خاوەنی ئەم بەهرەیە. پێکەنین لوتکەو ڕەوەزی گەشە کردنی مرۆڤە، لە ڕێگەی پێکەنینەوە مرۆڤ لە خواوە نزیك دەبێتەوە، چونکە تەنها بەهۆی گەورەترین خەسڵەتی مرۆڤەوەیە دەکرێ بگەینە نیهایەت و ئەنجام، پێکەنین وەکو پردێکی پەیوەندییە لە نێوانی مرۆڤ و خواوەندا.

## بوزای شادومان و خەندە لەسەر لێو

یەکێك لە زانایانی گەورەی ژاپۆن بەناوی (هوتی) ناسراو بە بوزای شادومان ئەم پیاوە بە یەکێك لە خۆشەویسترین زانایانی ژاپۆن لە قەڵەم دەدرێت، ئەم پیاوە لە درێژایی ژیانی عارفانەی خۆیدا تەنانەت یەك وشەی نەهێنایە سەر لێو لەو کاتەوەی کە بە ڕوناکی معرفەتی و عرفان ئاشنابوو، دەستی کردبە پێکەنین، هەر کاتێك کەسێ لێی دەپرسی: بۆچی پێ دەکەنی؟ ئەو لە وەڵامدا زیاتر پێ دەکەنی، ئەو بە پێکەنینەوە لادێ و شارەکانی یەك لە دوای یەك بەسەر دەکردەوە.

خەڵکی لە دەوری خڕدبوونەوەو ئەو هەرپێ دەکەنی و وردە وردە پێکەنینەکەی ئەو دەگوێزرایەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە کۆڕەکەدا ئامادەبوون یەکە یەکە دەکەوتنە پێکەنین و لە

ئەنجامدا هەموویان پێدەکەنین، بەڵام نەیاندەزانی بۆچی؟ بەخۆیان دەوت: (بێ مەعنایە، ئەم پیاوە گێل و گاوارە، باشە ئێمە بۆچی پێدەکەنین؟) و لە هەمان کاتدا هەمو کەسێ تۆزێک دڵەڕاوکێ هەبوو و دەیگوت: ئیستا خەڵکی چۆن تێدەگەن؟ ئێمە هەر لە خۆمانەوە پێ دەکەنین) سەرەڕای ئەمە، خەڵکی هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی هوتی بوون، چونکە تا ئەو کاتە لە درێژایی ژیانیاندا تا ئەو ڕادەو بەو تینەوە پێ نەکەنی بوون، ئەوان هەستیان دەکرد کە پاش ئەم پێکەنینە وە هەستیان پاك و ڕونتر بووەتەوە چاوەکانیان باشتر دەبینێ، هەستیاندەکرد هەموو ناخیان سەر ڕێژە لە ڕوناکیدا، وەکو ئەوەی پەردەیەکی ڕەشی قورسیان لەسەر خۆیان لادابێت.

هوتی بەم شێوەیە هەموو لادێ و شارەکانی بەسەر دەکردەوەو دەگەشتە هەر جێگەیەك، ئەو شوێنەی لێوان لێوو لە پێکەنین دەکرد، ئەو لە ماوەی چل و پێنج ساڵدا تەنها یەك کاری دەکرد، ئەویش پێکەنین بوو، شیاوی وەبیر هێنانەوەیە کە لە ژاپۆندا لە هیچ کەسێك ئەوەندەی هوتی بەڕێزو گەورە یاد ناکرێتەوە، لەهەموو ماڵێکدا، هەیکەلێکی هوتی هەیە، ئەو هیچ کارێکی جگە لە پێکەنین نەکردووە، بەڵام پێکەنینەکەی ئەو لە قوڵاییەکی ئەوتۆوە سەرچاوەی دەگرت کە لە ناخی ئەو کەسەدا دەمایەوە کە دەیبیست بەگەڕ کەوتنێکی نوێی لە دەرونیدا دەخستە جولان.



Scanned by CamScanner

هوتی بێ وێنەو تاك بووە لەهەموو سەردەمەکاندا، هیچ نەوەیەکی ئادەم نەیتوانیوە تا ئەم ڕادە خەڵکی بخاتە پێکەنینەوە، ئەویش پێکەنینێك بە بێ هۆیەکی تایبەت، ئەم پێکەنینە خەڵکی تێرو ڕەزامەند دەکردوو پیسیەکانی لە دەرونی ئەوان دەسڕییەوە، هەستێکی خۆشحاڵی وایان لا دروست دەبوو کە تاوەکو ئێستا تەجروبەیان نەکردبوو، ئەم پێکەنینە شتێکی لە قوڵایی نەناسراوی دەرونیاندا بە خەبەر دەکردەوەو دەنگێك لە دڵیاندا دەزرنگایەوە، هوتی گرنگیەکی گەورەی هەبوو، کەسانێکی کەم لە دایك بوون هەتا ئیستا وەك هوتی، ژیانی هوتی زۆر جیاوازبوو لە ژیانی ئینسانێکی ئاسایی، ژیانی ئەو هیچ نەبوو جگە لە پێکەنینێکی بەردەوام، دەڵێن هوتی تەنانەت هەندێ جار لە خەویش دا پێکەنیوەو ئەو ورگێکی گەورەی هەبووەو لە کاتی پێکەنین دا جوڵاوەو سەروخواری دەکرد. پێکەنین بۆ ئەو هێندە سروشتیو ئاسان بوو کە هەموو شتێك دەیتوانی بیخاتە پێکەنین، تەنانەت لە خەویشدا، چونکە ژیان، چ لە خەو چ لە بە ئاگا بونیش دا جۆرێکە لە تەنزو شانۆی پێکەنیندار.

بەڵام ئێوە کارەساتتان لە ژیان دروست کردووە، ئێوە ژیانتان زۆر بە توندی گرتووەو تەنانەت کاتێکیش کە پێدەکەنن، بە ڕاستی پێ ناکەنن، بەڵکو وادەری دەبڕن کە پێدەکەنن و تەنانەت زۆر لە خۆتان دەکەن تا دەری ببڕن، پێکەنینەکەی ئێوە



Scanned by CamScanner

لە دڵەوە سەرچاوە ناگرێت، لە کانگای دڵەوە نیە، ئەم پێکەنینە لە کرۆکی دەرونی ئێوەوە نارژێتە دەرەوە، بەڵکو وەکو ڕەنگو بەرگێك کە ڕووی دەرەوەی ئێوە دادەپۆشێت، ئێوە بە هۆکار گەلێك پێدەکەنن کە هیچ پەیوەندیەکی بە پێکەنینەوە نیە،لە کۆمپانیایەکی بازرگانیدا، سەرۆکی دەزگا کە سەرقاڵی باسکردنی چیرۆکە دووبارە و بێ تامەکان، ئەڵبەتە هەموو کارمەندانی ئامادە لە نوسینگەکەدا پێدەکەنین، چونکە ناچار بون! ئەوا ئیتر لە بیستنی چیرۆکەکان قێزیان دەرشایەوە، بەلام هەر چۆنێك بێت سەرۆك لە ئارادا بوو، کاتێك کە سەرۆك نوکتە دەگێڕێتەوە و ژێر دەست دەبێ پێبکەنێت، ئەمە بەشێکە لە ئەرکەکانیان، لەم بەینەدا تەنها ئەو ژنە کە لەسەر ئامێر جیاکردنەکە بوو پێنەدەکەنی و وشکو ڕەق دانیشتبوو سەرۆك لێی پرسی: (چی ڕوویداوە؟ بۆچی پێناکەنیت؟)

ئەویش لە وەلامدا وتی: (من سەری مانگ لێرە دەڕۆم) کەواتە ئیتر هیچ هۆیەك نەبوو کە پێ بکەنێت، مرۆڤەکان بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێك هۆکاری تایبەتیان هەیە، لەم نێوانەدا تەنانەت پێکەنینیش شێوازێکی مامەڵە ئاساو سیاسی لە خۆگرتووە، پێکەنین چیتر بێ خەویش نیە، بێ خەوشییەکەی لەناو چووە، تۆ چیتر ناتوانیت بێ خەوش و بە پاکی وەك منداڵێك، پێ بکەنی، مرۆڤ کاتێك کە ئیتر نەیتوانی بێ خەوش و

بەپاکی پێبکەنێت، پاك و خاوێنی و پارێزراوێتی خۆی لە بەرامبەر گوناهدا لە دەست دەدات.

سەیری منداڵێك بکە، بڕوانە پێکەنینەکەی چەندە قوڵەو لە کانگای دڵییەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێك کە منداڵێك دەبێ، یەکەمین چالاکییەکی کۆمەڵایەتی کە فێری دەبێت بزەیە، ئەڵبەتە بەکار هێنانی ووشەی: ((فێربوون)) دروست نییە، چونکە بزە شتێکە کە خەڵاتی دەرونی منداڵ کراوە و لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەم دونیایەی دەهێنێت، ئەو بە پێکەنین دەبێتە ئەندامێکی کۆمەڵگا.

بزەی ئەو سروشتی خۆ هەڵقوڵیوە، بزە یەکەمین چەخماخەی دەرونی منداڵە لەم دونیایەدا، کاتێ کە دایکێك بزەی سەر لێوی منداڵەکەی دەبینێ، شادییەکی زۆر گەورە بۆی دەستدەدات، لەبەر ئەوەی کە ئەو بزەیە نیشانەی تەندروستی و بیرو هۆشی منداڵەکەیە، ئەو بزەیە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەم منداڵە کەمترەو دواکەوتوی عەقلّی نیە، ئەو بزەیە نیشاندەری بزێوی و چالاکی و خۆشحاڵی ئەو منداڵەیە. دایك بە بینینی ئەم دۆخە شادومان دەبێت.پێکەنین یەکەمین چالاکی کۆمەڵایەتی مرۆڤە، وە دەبێت وەکو بنجچینەیی ترین و بنەڕەتترین چالاکی مرۆڤ بمێنێتەوە، ئینسان دەبێ لە پاکی تەمەنیدا پێبکەنێت، ئەگەر مرۆڤ بتوانێت لە هەموو بارو دۆخەکاندا پێبکەنێت، هۆی



Scanned by CamScanner

بەرامبەر وەستانیشیان دەست نیشان بکات، وە ئەم بەر هەڵستییە دەبێتە هۆی باڵغ بوون و گەشە کردنی مرۆڤ، من ناڵێم مرۆڤ نابێت بگریەت، لە ڕاستیدا ئەگەر نەتوانێ پێبکەنێ، ناش توانێ بگریەت پێکەنین و گریان بەیەکەوەن، ئەوان بەشێکی دیاردەیەکن، نیشانەی ڕاستی و ڕەسەنایەتییە.

بە ملیۆنەها کەس هەن کە فرمێسکەکانیان وشك بووەتەوە، چاوەکانیان بریسکەو دەرەوشانەوەی قوڵایی خۆی ون کردوەو وشك و بێ تاقەتی پێوە دیارە، لەبەر ئەوەی کە ئەوان ناتوانن ئەسرین بڕژن و بگریەن، هەر لەبەر ئەوە کە ئەسرین بە جۆرێکی سروشتی لە چاویان نایەت، ئەوکەسەی کە بە چاکی پێدەکەنێت، بە چاکیش دەگریەت. ئەگەر بتوانێ بە چاکی بگرێت و پێ بکەنێت، زیندودەبیت، مرۆڤی مردو ناتوانێت پێبکەنێت و فرمێسك بڕژێت، مرۆڤی مردو تەنها دەتوانێت جدی بێت، بڕۆ سەیری تەرمێك بکە، شارەزایی ئەو بۆ جدی بوون زۆر لە تۆ زیاترە، تەنها مرۆڤە زیندوەکان دەتوانن پێبکەنن و بگرین، گریان و پێکەنین بەشێکن لە دۆخە ئاکاری و خوڕەوشتییەکانی تۆ،بەشێکن لە کەش و هەوای ناخی تۆ و تۆ دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام بە تێپەڕ بوونی و زەمەن وردە وردە، هەموو لە بیری دەکەن، ئەو شتەی کە سەرەتا سروشتی و خۆهەڵقوڵیوبوو، ناسروشتی دەبێت، تۆ پێویستت بە کەسێکە تا بە سیخورمەو ختکەدان بتخاتە پێکەنین.

تەنها لەم کاتەدایە کە دەتوانی پێبکەنیت، لەبەر ئەوەیە کە ئەم هەموو نوکتەو قسە خۆشانە داهاتوون، ئەوەی کە من دەمەوێت بە ئێوەی نیشان بدەم ئەوەیە کە، ئێمە تەنها کاتێک پێدەکەنین کە هۆیەك هەبێت بۆ ئەوەی بمانخاتە پێکەنین، کەسێك نوکتەیەك دەگێڕێتەوە و ئێوە پێدەکەنن، چونکە ئەو نوکتەیە هەڵچونێکی تایبەت لە ئێوەدا دروست دەکات، پێکهاتەی نوکتە لە تۆدا بەم جۆرەیە، باسەکە بە ڕەوتێکی تایبەتیدا دەڕوات، بەڵام لە ناکاودا ئەورەوتە دەگۆڕێت، ئەو ڕەوت و گۆڕانە ئەوەندە کتوپڕی لە ناکاوەکە بە هیچ جۆرێك لە بەرجەستە کردنی مێشکی ئێوەدا ناگونجێت، هەڵچوون هەر لە زۆ بوندایەو ئێوە هەر چاوەڕوانی شادێری نوکتەکەن و لە پڕێکدا شتێکی بە تەواو پێچەوانەی بۆچوونی ئێوەوە دەبیستن کە لە هەمانکاتدا زۆر خەندە هێن و بزە دروستکەرە، وە بە هیچ جۆرێك هاوشانی ئەوە نیە لە مێشکی خۆتاندا بەرجەستەتان کردبوو.

نوکتەیەك هیچ کاتێك مەنتیقی و ژیرانە نیە، چونکە ئەگەر وابێت ناوەڕۆکە خەندە هێنەکەی ون دەکات، چونکە ئەو کاتە ئێوە دەتوانن پێش بینی کۆتاییەکەی بکەن، وە بەر لەوەی کە شادێری نوکتەکە باسبکرێت، ئێوە خۆتان لە ڕێگەی پێوانەو بۆچوونەوە بۆی دەچن، بەم شێوەیە ئیتر خەندەهێن، بزە دروستکەر نابێت، لە نوکتەیەکی چاك و بێ خەوشدا، ڕەوتی

ناوەڕۆك ئەوەندە بە خێرایی دەگۆڕێت كە ئێوە بـەهیچ جۆرێـك ناتوانن بەرجەستەی بكەن و پێ بزانن. دەكرێ ئەم ڕەوت گۆڕانە بە هەڵبـەزینێك هـەڵبهێنجرێنین، هەڵبـەزینێكی گوانتـۆمی، هـەر لەبەر ئەوەیە كە نوكتەیەكی چاك دەبێتە هۆی ئازاد بـوونی ووزە لە قاڵبی پێكەنیندا، نوكتە شێوازێكی وردو ناسكە بۆ ختكـەدانی ئێوە لە ڕێگەی ڕۆح و گیانەوە.

من خۆم بە ناچار دەزانم كەلـە نێوانی ووتەكانمدا نوكتـەتان بۆ باسبكەم، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئێوە كە گـۆی لـە ووتـەكانم دەگرن مرۆڤانێكی جدی و بە تونگر دێنە پێش چاو، مـن ناچـارم كە هەندێ جار ختكەی ئێوە بدەم تا لـەو دۆخی جـدی بوونـەی كە لێی ئالاوون دەرتان بهێنم،لـە دونیای خەون ڕزگارتـان بكـەم، من دەبێت هەرچەند وەخت جارێك ئەم كارە دووبارە بكەمەوە، وە ئێوە لـە جیهـانی خـەیاڵ و خەونـەوە بگێـڕەوە بـۆ جیهـانی ڕاستەقینە، چونكە ئێـوە هـەموتان بـە جـۆرێكی ڕوو لـە گەشـە حەزتان لـە تونگرتن و جدی بوونە وە بـە تـونگرتن گەشـەیەكی وەك شێرپەنجە ئاسای هەیە.

ئێوە دەتوانن زۆر شت لـە (هوتی) یەوە فێـر بـبن، پێكـەنین گوڕوتین بە مرۆڤ دەدات، تەنانەت زانستی پزیشكیش گەشتووەتە ئەو ئاكامەی كە پێكەنین یەكێكە لـە بە بڕسـترین و گـشتگیرترین چارەسەرێك كە سروشت پێشكەشی مرۆڤی كردوە، ئەگـەر لـە



Scanned by CamScanner

کاتی نەخۆشیدا بتوانیّ پێبکەنیّ زوتر چاك دەبێتەوە، ئەگەر نەتوانیّ پێبکەنێت تەنانەت ئەگەر تونزدروستیشت باش بێت، درەنگ یان زوو تەندروستییەکەت لە کیس دەدەیت و نەخۆش دەکەویت، پێکەنین هەندێك وزە لە سەرچاوەی دەرونی تۆ وەردەگرێت و دەیداتە ئاستی دەرەوە و ئازادی دەکات، وزە، شوێن پێی پێبکەنین دەکەوێت هەروەکو سێبەر و لە ڕێگەی ئەوەوە بەگەڕ دەکەوێت، ئایا تا ئیستا بینیوتانە کاتێك لە کانگای دڵەوە پێدەکەنن، لە درێژەیدا ساتێك لە دۆخی چاودێریکردنی قوڵدا بەسەر دەبەن؟ لەم دۆخەدا، هزر دەوەستێت ، مەحاڵە کە مرۆڤ لە یەك کاتدا بتوانێت هەم پێبکەنێت و بیریش بکاتەوە، ئەم دوو کردارە بە تەواوەتی دژ بە یەکن و تۆ دەتوانی پێبکەنی یان بیربکەیتەوە، ئەگەر لە کانگای دڵەوە پێبکەنیت، بیرکردنەوە دەوەستێت، ئەگەر لە کاتی پێکەنیندا بیربکەیتەوە، پێکەنینەکەت ڕوکەش و گورتکراو بە لایەکدا دەبێت، پێکەنینێکی پچڕ پچڕ و ناقۆڵا، پێکەنین لە کانگای دڵەوە دەبێتە هۆی شاردنەوەی مێشك، هەموو ڕێگەو شێوەکانی چاودێریکردنی (زێن) جەخت لەسەر گەیاندنی مرۆڤ دەکات بە دۆخی (بێ هزری)، پێکەنین یەکێکە لە ڕازاوەترین ڕێگەکان بۆ گەشتن بەم دۆخە.

تا ئەو ڕادەی کە من دەزانم،گوێ هەڵخستن و پێکەنین، باشترین و سروشتی ترین و ئاسانترین و بەردەستترین ئەو ڕێگایانەیە بۆ گەیشتن بە دۆخی ((بێ هزری و بێ بیری))، مرۆڤ



Scanned by CamScanner

کاتێك که به هەموو وجودیەوە گوێ هەڵـدەخات، بیرکردنـەوە ڕادەوەستێت، تۆ درێژە بە گوێهەڵخستنەکە دەدەیت، هـەروەکو گێژاوێك دەخولێیتەوە و دەخولێیتەوە ... لەم دۆخـەدا هـەموو مەرزو سنورو پۆلێنکردنەکان لەناو دەچـن، تەنانـەت تـۆ چیتر نازانیت کە سنوری لاشەت لـە کوێـدا تـەواو دەبێـت و حـەدو سنوری بونەوەر لـە کوێـوە دەستپێدەکات، تـۆ لـە بونـەوەردا دەتوێیتەوەو لە تۆدا مەرزو سنورەکان تێکەڵ بەیەك دەبن، ئەگەر بـە هـەموو بوونتـەوە بـەکاری گوێهەڵخـستن هەڵبـسیت و ڕوخسەتی گوێهەڵهستن بـدەیت تـا تـۆ ببـات بـەڕێوەو هـەموو بوونت داگیر بکات، ئیتر شوێن و جێگەیـەك بـۆ هـزرو مێـشك نامێنێتەوە، هەر ئەم ڕووداوە لـە پێکـەنینی قوڵێـشدا ڕوودەدات، ئەگـەر پێکـەنین هـەموو بونـت داگـیر بکـات، بـیر کردنـەوە ڕادەوەستێت، هەر ئەو ئەزمونەی چـەند سـاتی نـەبوونی هـزرە، مژدەهێنی پاداشت و دەستخۆشی زیاترە لـە داهاتوودا، تـۆ دەبـێ هەتا دەتوانی خۆت لـە دۆخی نەبوونی هـزرەوە نزیـك بکەیتـەوە لەسەر قاڵی هزری و مێشکی خۆ بپارێزی.

پێکەنین پێشەکییەکی زۆر جوانە بۆ هەنگاو نانە نـاو سـەر زەمینی نەبوونی هزر، دەڵێن (هوتی) بـە هـیچ جۆرێـك هـۆگری ئەوە نەبوو کە خۆی بە مامۆستای (زێن) لـە قەڵـەم بـدات یـان هاوەڵانێك لە دەوری خۆی کۆ بکاتـەوە، لـە بـری ئـەم کـارە، بەتورەکەیـەکی پـڕ لـە شـەکراو شـیرینی و کەرەستەی کایـەو مەساسەوە بەناو شەقامەکاندا بەڕێدەکەوت و ئەو شتانەی بـەناو

ئـەو منداڵانــە دا کــە لــە دەوری خــڕ دەبوونــەوە و باریــان دەکرد،،ئێستا، هەندێ جاری ئەم منداڵانە بە ڕاستی منداڵ بوون، هەندێ جار ئـەم منداڵانـە لـە تـازە لاو پێکهـاتبوون و هەنـدێ جاریش ئەم منداڵانە پیرو بەساڵاچووەکانی دەگرتەوە، کەواتە بە ووشەی (منداڵــەکان) فریونــەخۆن، کەســە پیرەکــان، تەنانــەت ئەوانەش کە لە هوتی خۆی پیرتر بوون، بۆ ئەو وەکو منداڵ لـە قەڵەم دەدران، لە ڕاستیدا بـۆ پەیوەنـدی دروسـتکردن لەگـەڵ هوتی دا، دەبوایە وەکو منداڵێك پاك و بێگەرد بیت، ئەو شتانەی کە هوتی بەسەر خەڵکیدا دابەشکیدەکرد تەنها کەرەستەی کایـە و مەساسەو شیرینی بوو، ئەم کردەوەیەی ئەو، بـوارێکی ڕەمـزی هەبوو، وە دەیویـسـت لـەم ڕێگەیـەوە، وەکـو پیـاوێکی خـاوەن باوەڕو ئیمان ئەم پەیامەی بە خەڵکی ڕابگەیـەنێت، کـە ئـەویان زۆر بە توندو جدی مـەگرن، ژیـان تـەنها کەرەسـتەیەکی کایـە کردنە، ژیـان وەکـو نـوقڵ و شـیرینیە بیـچێژن بـەڵام مـەبن بـە یەخسیرو کۆتکراوی دەستی، نوقڵ و شیرینیی تـەنها تایبەتمەنـدی خواردنیان نیە مرۆڤ ناتوانێت تەنها بە نوقڵ وشیرینیی بژی.

(هوتی) کەرەستەی یاری لە نێوان هەموویان لە گـەورەوە تـا بـچوك دابەشـدەکرا،ئەو لەگـەڵ هەمویانـدا وەکـو منـداڵ دەجولایەوە، دابەشدەکرد، ئەم کارەی ئـەو، هێمـاو نیـشانەیەك بوو، ڕێگەیەکی باشتر لەمەوە بۆ ڕونکردنەوەی ئەوەی کە ژیـان



Scanned by CamScanner

جگە لە یارییەکی منداڵانە نیە، لەم جیهانەدا و ئەوەی کە تۆ لە ژیان تێگەشتویت داڕوتاوە لە ڕاستیەو زوو تێپەڕ و خەیاڵییەو بوونی نیە، نابێت باوەش بە ژیاندا بکەیت، مرۆڤی دۆستی مەعریفەت و چاودێریکردن دەبەخشێت و بەشدار دەبێت، قۆرخ ناکات و چروکی و ڕەزیلی ناکات، کەسێکی لەم چەشنە خۆ بە خاوەنی هیچ چەشنێك نازانێت، تۆ چۆن دەتوانی ببیتە خاوەن شتێك لەم جیهانەدا؟ ئەو کاتەی کە تۆ نەبوویت، دونیا لە شوێنی خۆیدا بوو، ڕۆژێکیش دێتە پێش کە تۆ ئیتر نابێت، بەلام دونیا هەر لە جێگەی خۆیدایە، ئەگەر تۆ دۆستی چاودێریکردن بیت، ژیانی تۆ سەرانسەر دەبێتە بەخشین و دابەشکردن، تۆ ئەوەی کە لە دەستتدایە دەیبەخشی،سۆزداری و عەشق، لە یەك تێگەشتن، هاودەردی، وزە، مێشك و گیان و هەستێکی دیکەیە و لەم کارەیە چێژ وەردەگرێت.

هیچ تام و چێژێك نابێتە تام و چێژی بەخشین و دابەشکردن، هەر لە بەر ئەوەیە کە خەڵکی لە خەلاتکردنی کەسانی تر چێژ ەوردەگرن، ئەم کارە خۆشی و شادی دەخولقێنێت، کاتێك کە شتێك خەلاتی یەکێك دەکەن با لە ڕووی مادیشەوە زۆر بە بایەخ نەبێت، بەلام بە تەنهایی خودی ئەم کردەوەیە خۆشحاڵی و کامەرانییەکی گەورەی لەگەڵدایە، کەسێك بهێنە پێش چاوت کە هەموو ژیانی وەك خەلاتێکە،کەسێکی ئەوتۆ هەموو ساتەکانی ژیانی سەر ڕێژو

لێوان لێوە لە بەخشینەوە، کەسێکی لەم چەشنە لە بەهەشتدا دەژی.

پاکی خێر کارییەکانی (هوتی) لە بەخشین و دابەشکردندا کورت دەبوویەوە، ئایا شتێك لەمە گرنگتر هەیە کە فێری خەڵکی بکرێت؟ زێن لەو بڕوایەدایە کە ناکرێت ڕاستی لە شێوەو قاڵبی ووشەدا دەربڕبکرێت، بەڵام بە ئیشارەت و بە جوڵان دەکرێ دەربڕدرێت، مرۆڤ ناتوانێت دەستنیشانی ڕاستی بکات، بەڵام دەتوانێ نیشانی بدات، مرۆڤ دەتوانێت لەم دونیایەدا بێت، بێ ئەوەی پەیوەست بێ پێوەی، مرۆڤ دەتوانێ ئامادەی ناو کۆڕێك بێت و لە هەمان کاتیشدا تەنیا بێت، هەزارو یەك ئیش بکە، ئەوەی کە دەزانی پێویستە بیکە، بەڵام لوت مەبە بەو کارەوە، بوون لەم دونیایەدا هیچ جێی ڕەخنە نیە، لەم (دونیایە) دای، بەڵام (ئەو دونیایی) بە، ئەوە پلە بە پلە بەرزترین هونەرە،هونەری ژیان لە نێوان دوو جەمسەری دژ بەیەکدا دروستکردنی هاوکێشی خۆت لە نێوان ئەودوو دژیەکەدا، ڕێگەیەکی تەسکە هەروەکو دەمی چەقۆ بەڵام تەنها ڕێگەی مومکینە، ئەگەر هاوکێشی خۆ لە دەستبدەیت، ڕاستیش لە کیس خۆت دەدەیت، لەم دونیایە دابەو درێژە بە ڕێگەکەت بدە، بە پێکەنینی بێ خەوشەوە بڕۆوە قوڵایی ناخی خۆتەوە، ڕێگەی خۆت بەرەو خواوەند بە گوێهەڵخستنەوە ببڕە، بە گۆرانی ووتنەوە بەرەو خوڵقێنەر هەنگاو بهاوە.



Scanned by CamScanner

# بالۆرە بێژی

## بالۆرە بێژی خۆشەویستی و پێکەنین

### باگوان

لەم دونیایەدا کە ڕق و دوژمنی و پەژارەو نارەحەتی باڵی بەسەر داکێشاوە، وا دێتە پێش چاو کە تۆ، تەنیا بالۆرە بێژی خۆشەویستی و پێکەنینی، ئایا ئەوە جێی پێکەنین نیە؟

بەڵێ، جێی پێکەنینە.

بەڵام خۆ هەر دەبێت یەکێك ئەم کارە دەستپێبکات.

ئەوەی کە ئێمە لەو جیهانەدا دەمانەوێت جدی بونێکی کەمترو هەستیار بونێکی زیاترە، ڕاستگۆیی و برایەتیمان دەوێت، بەڵام جدی بون بەهیچ جۆرێك، ئێمە دەمانەوێت دونیا بزانێت کە گاڵتەو گەپ یەکێکە لە بنچینەیی ترین خورەوشتە کە مرۆڤی باوەڕ دۆست دەبێ سود مەند بێت لێی.

ئەو کەسەی کە نەتوانێت پێبکەنێت زۆر شت لە کیسی خۆی دەدات لە ژیاندا، ئەو لە دەرککردن و هەستپێکردنی زۆرێك لە نهێنیەکانی ژیان بێ بەش دەبێت، پێکەنین پارێزراوێتی و پاك و بێ گەردییەکی منداڵ ئاسات پێ دەبەخشێت، پێکەنین تۆ پێوەند دەکات بە گیانی بونەوەرەوە، پەیوەندت دەدات بە شەپۆلی زەریاکان و بێدەنگی ئەستێرە کانەوە، پێکەنین تاکە ڕێگەی پەیوەندی تۆیە لەگەڵ ئەو بەشە لە جیهان کە خاوەن

عەقڵ و هۆشە، چونکە تەنها مرۆڤە زیرەك و هۆشیارەکان و دەتوانن پێبکەنن، هەر لەبەر ئەوەیە کە گیانەوەرەکانی دیکە ناتوانن پێبکەنن، ئەوان عەقڵی پێویستیان بۆ ئەم مەبەستە نیە، بەرنامەو پەیامی من ئەوەیە کە پێکەنین لە نێوان خەڵکی دونیادا پەرەپێبدەم. لە نێوان ئەو کەسانەدا کە پێکەنینیان لەبیر چووەتەوە. کاتێك کە پێکەنینت لە بیر بچێتەوە، گۆرانی و سترانەکانیشت لەبیر دەکەیت، سۆزداری و خۆشەویستی دەدەیتە دەست فەرامۆشی و گوێهەڵخستن لە بیر دەبەیتەوە،کەواتە ئەو شتەی کە تۆ لە بیری دەکەیت تەنها پێکەنین نیە، پێکەنین ڕەوشتگەلێکی لەخۆگرتوو، هەر بەو جۆرەی کە جدی بوون کۆمەڵە خوڕەوشتێکی لە ئەستۆ گرتووەو بە شوێن خۆیدا ڕایاندەکێشێت.

ئایا دەکرێ بە ڕوومەتێکی خەمبارەوە خۆشەویستی بۆ کەسێك دەربڕێت؟ بەلای کەمییەوە دەبێت بزەیەك بخەیتە سەر لێو، بە ڕوومەتێکی جدییەوە تەنانەت ناتوانی بچوکترین هەست بخەیتە سەر زمانت، مرۆڤەکان هێندە شتەکان بە توندو جدی دەگرن کە دەیانکەنە کۆسپ و تەگەرەیەك لەسەر ڕێگەکەیان.

فێر بن کە زیاتر پێبکەنن.

بۆ من پێبکەنن هەروەکو پاڕانەوەو دۆعا کردن، پیرۆزە.



Scanned by CamScanner

## بەشی چوارەم:

## خوداو خۆشەویستی

بەخۆشی و شادومانی و پێکەنینی ناو دڵەوە بژین، بەم شێوەیە خودا پاڕانەوەو دوعاکانی ئێوە دەبیستێت، تەنانەت ئەگەر ووشەیەکیش بە دەمتاندا نەیەت.

لە ڕاستیدا خوداو خۆشەویستی یەك واتایان هەیە، ژیان بەسەر بردن لەگەڵ خۆشەویستی ژیان بەسەر بردنە لەگەڵ خودادا، ناسینی خۆشەویستی، ناسینی خودایە، هیچ بەڵگەیەك بۆ بوونی خودا نیە جگە لە خۆشەویستی، هەروەها هیچ ڕێگەیەکیش بۆ پەرەستنی نیە جگە لە عاشق بوونی خودا، خۆ پەرستگەی خۆشەویستیش لە دڵی هەموو کەسێکدا هەیە، پێویست بە دروستکردنی ئەو پەرستگەیە ناکات، ماوەیەکی زۆرە ئەم پەرستگەیەمان لە بیر چووە ئەوەو دەبێ سەر لە نوێ بیهێنینەوە بیری خۆمان، تاکە کارێك کە پێویستە بیکەین، دیسان گەڕانەوەیە بۆ دڵەکانمان، جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی وای لێکردوین کە بە چەندەها کیلۆمەتر دوربکەوینەوە لە دڵمان.

مێشك دورترین شوێنە دورە لە دڵەوە، وێڕای ئەوەی کە ماوەی فیزیایی لە نێوان کەڵکەو دڵ زۆر نیە، بەڵام ماوەی مەعنەوی نێوان ئەم دوانە ئەوەندە زۆرە کە دروستکردنی



Scanned by CamScanner

پەیوەندی لە نێوانیاندا بە هیچ جۆرێك ناکرێت، ئەو کەسەی کە لەگەڵ مێشکی خۆیدا دەژی ناتوانێت خودا دەرك بکات و ئەو کەسەی کە لەگەڵ دڵی خۆیدا دەژی جگە لە خودا شتێکی تر ناناسێت.

هەموو ئینسانێك بە جۆرێکی خۆڕسك بە عاشقی لە دایك دەبێت، تاکە کارێك کە پێویستە بیکات ئەوەیە کە شێوەی توانا بیگۆڕێت بۆ کردەوە، ئەگینا خۆشەویستی وەکو تۆوێك لە ناخیدا دەمێنێتەوە، تەنها ئەو کاتە مرۆڤ مێشکی ئاسودە دەبێت کە ئەو لەناو دەچێت، ببێت بە درەخت و درەختەکەش بکەوێتە بەرگرتن، کەواتە دوو جۆر لە دایکبوون هەیە، یەکێکیان لە دایکبوونی فیزیایی و ئەویشیان لە دایکبوونی مەعنەوییە، لە لەدایکبوونی فیزیایدا مرۆڤ لە شێوەی تۆوێکدا لە دایکدەبێت و لە بوون لە دایکی مەعنەویدا مرۆڤ لە شێوەی گیان و خۆشەویستیدا دێتە ئەم دونیایەوە، هەر لەبەر ئەوەیە کە عیسای مەسیح، بە (نیکو دموسی) دەفەرموو: تا ئەو کاتەی کە سەر لە نوێ لە دایکت ئەبیتەوە ناچیتە ناو هەرێمی خوداوە.

لە ڕاستیدا ئەو باس لە گۆڕانکاری خۆشەویستی دەکات لە شێوەی تواناوە بۆ کردەوە، مرۆڤ بە بێ خۆشەویستی تاریکی ڕەهایە، شەوێکی تاریك تەنانەت بە بێ درەوشانەوەی ئەستێرەیەکیش، تەنانەت بە بێ ڕووناکی مۆمێکی بچووك، بە

خۆشەویستی، ئاسمانی ناخی مرۆڤ پڕ دەبێت، لە ئەستێرە ڕووناك و گەشەكان، خۆشەویستی و ڕووناكی لە یەك ڕەگەزن، ڕووناكی ڕووناكبونەوەی فیزیایی ئەو وزەیە كە لە دونیای واتادا، بە شێوەی عەشق وجودی هەیە، ڕوناكی نزمترین پلەی ئەم وزەیەو خۆشەویستی بەرزترینی ئەم پلەیە، بەلام پلەكانەكان، هەر یەك پلەكانەن.

ژیان بە بێ ڕووناكی و خۆشەویستی هەر ژیان نیە بەلكو لە ڕووكەشدا ژیانە، هەر ساتێك لە ساتەكانی ژیان دەبێ لە پێناو خۆشەویستیدا بێت، بەم شێوەیە ژیان دەگۆڕێت بۆ خواپەرستن و ئیتر پێویست بە سوسوكردن و گەڕان بە دوای خواوەندا ناكات، چونكە خواوەند خۆی بە لای یەكێك دەڕوات كە تامی خۆشەویستی چەشتبێت، چاودێریكردن ڕێگەیەكە بۆ بە ئاگاهاتنەوە، فرێدانی خەوو خەیاڵ و سەر لە نوێ گەڕانەوەیە بۆ ماڵەوە، پاكی ئەو شتانەی كە ئێمە پێویستمان پێیان دەبێت، خراوەتە بەر دەستمان، خشڵ و زێڕێك كە ئێمە تەنانەت خەویشمان پێوە نەدیوە لە ناخماندا ماتیداوە.. هەر لەبەر ئەوەیەكە عیسای مەسیح چەندەها جار وتویەتی: (هەرێمی خواوەند لە ناخی تۆدایە).

بەلام هێشتا خەلكی سوسولە جیهانی دەرەوەدا دەكەن، لە كاتێكدا كە سەر زەمینی خودا لەناخی ئێمەدایە، دەی گەڕان بە شوێنیدا لە جیهانی دەرەوە چ واتایەكی هەیە؟



Scanned by CamScanner

مرۆڤ هەتا زیاتر لە دونیای دەرەوەدا بە شوێن ئەم بابەتەدا بڕوات زیاتر هیوابڕاو دەبێت، و زیاتر هەست بە بێهودەیی دەکات، مەگەر بە جۆرێکی بەخت و ئیقباڵی ئەوەی هەبێت کە بڕواتە ناو ناخەوە، ساتێك کە پەرستگەرێت نزیکە سەردو هەشتا دیلە ڕەوت گۆڕکێ دەکات و لە بری سوسوکردن لە جیهانی دەرەوەدا بڕواتە جیهانی ناخەوە، ئەو ساتە، ساڵێکی تایبەت و زۆر گرنگ دەبێت لە ژیانیدا.

ژیان دەتوانێت بە دوو جۆر بێت: یەکێکیان ژیانی دونیایی، جۆرێك ژیانی ئاسایی کە پڕە لە هیواو ئاوات و خاوەنداریتی و بابەتە دونیاییەکان، شێوەی دووهەمی ژیانی، شێوە مەعنەوییەکەیەتی کە پڕە لە خۆشەویستی و بەئاگابوون و میهرەبانی، ئەگەر بێتو کەسێك هەموو بیرو هۆشی بە لای دونیاو مەسەل دونیاییەکانەوە بێت، بەهیچ جۆرێك بە شێوەیەکی تەواو ڕەزامەند نابێت، ژیان لە ڕەهەندی مادیدا بە هیچ جۆرێك تێر کەرو ڕازیکەر نییە، مەگەر مرۆڤ لە کانی ناخی خۆی تێر ئاو بێت، بەم شێوەیە ژیان تووشی هەڵبەزینێکی کۆئانتۆمی دەبێت، بەم جۆرە مرۆڤ دەستدەکات، بە دەشتە کردنی جۆرێکی نوێ لە خۆشی و تام ئەو خۆشییەکە تاوەکو ئێستا هیچ کاتێك تامی نەکردوە کە لە ڕاستیدا لە ناوەکی ترین کرۆکی بونییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم چۆنایەتیانە لە لایەن کەسەوە نەدراوە بە پەرستگەر کەواتە کەسیش ناتوانێت لێی بسەنێتەوە، تەنانەت مردنیش ناتوانێت پەرستگەر لەوە بێ بەش بکات.

ژیان دەبێ ناوەکی بێت، من بە هیچ شێوەیەك دژی دونیای مادی نیم، بەڵام لەو بڕوایەدام کە تەنها جیهانی مادی بەس نییە، هەر لەبەر ئەوەیەکە عیسای مەسیح فەرمویەتی (مرۆڤ ناتوانێت تەنها بە خواردنی نان بژی)

خواردنی نان شتێکی پێویست و حەتمییە، بەڵام تەنها خواردن لە ژیاندا پێی ناڵێن ژیان بەسەر بردن، ئەگەر وابێت ژیان بە تاڵە لە هەموو خۆشی و جەژنێك، بەم شێوەیە ژیان هیچ کونج و کەلەبەرو ئاسۆیەکی نابێت، زۆر جێگەی بایەخە کە خۆشی و چێژ وەرگرتن ڕاستەقینە لە ڕوشتندایە بە ئەم لاو لادا، لە ڕۆشتندا بەرەو بەرزی و ڕەهەندە تازەکان، خۆشی و کامەرانی هەردەم لە ڕۆشتن و گەشت کردندانە لە زانراوەکانەوە بۆ نەزانراوەکان، ئەم ساتەی کە ڕوداوێکی ئاواهی ڕوودەدات، ساتی خۆشی و شادومانییە و تەنها ئەم ساتانە، ساتانێکی ڕاستەقینەی ژیان پێکدەهێنن و پاشماوەکەی تری ژیان خەون و خەیاڵێکە.

خۆشەویستی تاکە هیوایەکە کە بوونی هەیە، چونکە تاکە پردی نێوان خوداو ئینسان، خۆشەویستییە، لەبەر ئەوەی تەنها خۆشەویستی دەتوانێت ببێتە بەلەمێك و مرۆڤ لەم بەری ڕووبارەکەوە بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە بپەڕێنێتەوە، جگە لە نومێدو هیوا هیچ چەشنێکی تر نابێت، مرۆڤ بە بێ خۆشەویستی



Scanned by CamScanner

لـــە نائومێدیـــدا دەژی، هـــاوڕێ لەگـــەڵ خۆشەویـــستیدا ڕووناکییەکانی هیوا دێنە نـاو ژیانـەوە، خۆشەویـستی نـاواخن و بونێتی دەگۆڕێت دەبێتە هـۆی ئـەوەی کـە بـڕۆن بـە پێـشوازی میوانی کۆتا مەبەستەوە.

مرۆڤ وەکو توێك وایە و خواوەنـد بەرێکـە کـە بەرهـەمی سەوز بونی ئەم تۆوەیە، مرۆڤ ئەو شیاوییەی تێدایە کە دەتوانێـت تاوەکو پلەی ئیلاهی گەشە بکات و سەر بکـەوێت، بـەس ئـەو کاتـە ڕەزامەنـدی تـەواو بـە دەسـتدەهێنێت کـە لـەم پلەیـەدا نیشتەجێ ببێت، بەم شێوەیە دەگاتە کۆتا مەبەستی واتای ژیان.

بگەڕێن، ڕێگـەی کرانـەوە زۆر دور نیـە لـێتانـەوە، ئەگـەر لـێبڕاوانەو ڕاستەقینە هەوڵبدەن، ڕێگەی ڕزگار بوون دەدۆزنەوە، تەنانەت ئەگەر لە سەرەتادا چـەندە جـاریش پێتـان بخلیـسکێ و بکەون، تەنانەت ئەگەر چەندە جاریش ڕێگەکەتان لێ هەڵە بێت، هیچ خەم مەخۆن، ئەمـە زۆر سروشـتییە، بـەهیچ جۆرێـك لـەو هەڵەیەی کە دەیکەن مەسڵەمێنەوە، چونکە گەشـەو پێـشکەوتن تەنها لای ئەو کەسانەیە کە تـەیارو ئامـادەی هەڵـە کـردن بـن، چونکە تەنها ئـەو کەسـانە هەڵدەکـەن، فێـر دەبـن و تـەنها لـە ڕێگەی فێربوونەوەیە مرۆڤ بە ئامانجی خۆی دەگات.

پەرستگەرێك دەبـێ ئامـادەی فێربـوون بێـت و بـە شـوێن ئەزموونی نوێدا بگەڕێت و هەرگیز لەیەك قۆناغـدا نەوەسـتێت،

کاتێك کە مرۆڤ سەقامگیر دەبێت، دەمرێت. ژیان زۆر جوانە، چونکە گەشتێکی پیرۆزە، ئەو کاتە بۆتان هەیە بوەستن کە بە خودا گەشتبن. پێش لەوە هەمو جۆرە وەستان و نیشتەجێ بوونێك کاتی و یەك شەوە دەبێت،لە کاتی نیشتەجێ بوونی یەك شەویدا پشووبدەن، بەڵام دەبێ لە بیرتان نەچێ کە دەمەوبەیانی بە رێکەون. لە ئەنجامدا رۆژێك دێتە پێش کە دەگەن بە خوا، ئەگەر بێتو پەرستگەر درێژە بدات بە گەڕان بە شوێن خودادا وە ئەم گەڕانەی بە گورو تینێکی رۆو لە گەشەوە درێژەی هەبێت و تەنانەت ئامادە بێت بۆ ئەوەی گیانی خۆی فیدا بکات لەم گەڕانەدا، خواوەند دەدۆزێتەوە، لە پاش گەشتن بەخودا هەموو هیواکان دیار نامێنێت و ڕەزامەندی تەواو ڕاستەقینە دەردەکەوێت و پەرستگەر بە شێوەیەکی تەواو دەکەوێت، سۆزو میهرەبانی خوداوە.

پەرستگەر دەبێ ژیان بگرێتە خۆ هەر بەو شێوەی کە هەیە، لە خۆگرتنی ڕوداوە ئاساییەکانی ژیان بە خۆشی و ڕەزامەندییەکی تەواوە نەك بیانو بگرێت و بۆڵە بۆڵ بکات بۆ شتانێکی تر، ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، خودا زۆر دور نابێت، پاکی فێرکارییەکانی (بوزاکان) دەکرێت لە یەك ووشەدا کورت بکەینەوە، ئەویش (گرتنە خۆ) (قبوڵ کردن) ە، ئەم خاڵە یەکێکە لە گرنگترین بنچینەکانی چاودێریکردن لە ژیاندا، لە خۆگرتنی



Scanned by CamScanner

شتەکان وەك خۆیان، هەردەم ئـەوەتان لــە بـیر بێـت کـە ژیـان تەواوەو بەشەکان هەر بـەو جۆرەیـە کـە هەیـە، خـودا سـۆز و بەرەکەتە، خواوەند ناسکی و تافدارەو مرۆڤ هەتا زیاتر ناسـکترو بەسۆز تر بێت زیاتر دەستی بەخواوەند دەگات.

بڕیار وانیە کە ئێمە بکەوینە پێکدادان و بەرهەڵـستیکردنی بونەوەر، بەڵکو بە پێـچەوانەوە دەبـێ هـاوڕێ و هـاوەڵی بـین، پێویست ناکات مرۆڤ سەرکەوێت بەسەر سروشـتدا، بـەڵکو بـە پێچەوانەوە دەبێ لـە بەرامبەر سروشتدا کـراوەو دەرگـا لـەسـەر پشت بێت، باشتر وایە کە مرۆڤ بەشێك بێت لـە سروشـت و لـە جیابوونەوە لـە سروشت خۆی لابدات، ناسـکی و بـە کێـشمان بوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ خۆیەتی خۆی لـە بیر بـچێتەوە کە چەقی خۆیەتی مرۆڤ لـە نەفسیدایە، ئەگەر بێتو مرۆڤ خۆیـەتی لــە مرۆڤـدا نـەبێت، نەفـسیش لــە ناودەچـێت و ئـەوەی کـە دەمینێتەوە تەنها ناسکی و تافداری بە کێشمانییە.

بەکێـشمانی خۆڕسـکە، تاکـە ڕێگـە بـۆ دەرکـەوتن و درەوشانەوەی بەکێشمانی ئەوەیە کە لـە فێڵ و تەڵەکـەی نـەفس تێبگەیت، لـە پاش گەشتن لـە فێڵ و تەڵەکە نەفس لـەناو دەچیت و ئـەوەی کـە دەمێنێتـەوە بەکێـشمانییەو بـەس، بەکێشمانی و تافداری ناوەڕۆك و ناواخنی مرۆڤـە بـەڵام نـەفس دایـشاردووە، تەنها دەبێت چارشێوی نەفس لابدرێت و لـەپڕ کانی بەکێـشمانی دەکەوێتە هەڵقوڵین.



Scanned by CamScanner

نەك تەنیا مرۆڤ بەشوێن کامەرانی و شادومانیدا دەگەڕێن بەڵکو هەموو گیانلەبەرەکانی تریش ئەو کارە ئەنجامدەدەن، تەنانەت درەختەکانیش بە شوێن ئەم چۆنایەتیەدان. کامەرانی و شادومانی مەبەستی هەموو بونەوەرە، کامەرانی و شادومانی ئەستێرەیەکی دورە کە هەموان بەرەو خۆی بانگدەکات وە ئەم ورەیە بە هەموان دەبەخشێت تا لێوەی نزیك و نزیکتر ببنەوە و نوقم ببن تێیدا، مرۆڤی ئەمڕۆ لە تاریکیدا دەژی، بەڵام دڵی بە هەموو لێدانێك هیوا دارانە بە شوێن ڕۆژێکدا دەگەڕێت کە دەستی بەم ئەستێرەبە بگات و لەگەڵیدا یەکبگرن، ئەمە مافی ئاشکرای هەموومانە لەگەڵیدا یەکبگرین، بەڵام ئەم کارە بەهیچ جۆرێك ئاستەم نیە، تەنها پێویستی بە هەندێ بەئاگابوون و وریایی هەیە، دەبێ تۆزێك زیاتر بە ئاگاو وریا بین، تەنانەت چاوکراوەیی و ووریایی بەشێکە لە چۆنایەتی خۆڕسکی هەر یەکێك لە ئێمە کە دەبێ تۆزێك زیاتر پەروەردەی بکەین.

لە ڕاستیدا چاودێریکردن و پەروەردە کردن هۆش و وریاییە، هەتا زیاتر لە بێدەنگیدا قوڵببینەوە وریاترو چاو کراوەتر دەبین، کەواتە تا ئەو ڕادەی کە بۆتان دەکرێ هێمن و بێدەنگ و لەسەرخۆ بن و لەناکاو لە جەرگەی بێدەنگی و هێمنییەوە، وریایی و بەئاگابونێکی نوێ لە ناخی ئێوەدا لەدایکدەبێت، ئەم وریاییە ئێوە دەخاتە ژێر کاریگەری و بڕستی خۆیەوە، لە جیهانی بەژارەو خەمەوە دەتانباتە جیهانی شادومانی و کامەرانی.

عەقڵ هیچ نیە جگە لە گۆڕینی ناوەڕۆکی کانزا کەم بایەخەکان بۆ ئاڵتون، گۆڕینی ڕەگەزە زەمینییەکان بۆ ڕەگەزە ئاسمانییەکان، گۆڕینی قوڕو لیتە بۆ گوڵە جوانەکانی نیلۆفەر: ئاڵتون یەکێکە لە هێما زۆر کۆنەکانی جیهانی کیمیاگەری، لە ڕاستیدا خوازەیەکە، ئاڵتون هێمایەکە بۆ پیشاندانی بەنرخترین شت واتە خواوەند، ئاڵتون نیشاندەری ناوەکی ترین و بەرزترین کرۆکی بوونی ئێوەیەو بەرزتر لەوە شتێکی ترنییە، ئاکارو کردار لە هونەری کیمیاگەری دەێت، بە یارمەتی ئەم هونەرە دەتوانێت ناوەڕۆکی خۆت بگۆڕێت، ئەوەی کە بۆ ئەم ناوەڕۆک گۆڕانە پێویستمانە لە بەردەستماندا هەیە، هەموو وزەیەك کە بۆ ئەم گۆڕانکارییە پێویستمانە لە دستماندایە، تەنها پێویستە چاکسازییەکی نوێ ڕوبدات، شتەکان پێچەوانە بوونەتەوەو لە جێگەی ڕاستی خۆیاندا نەماون، کۆمەڵگای نەخۆش نەیهێشتووە کە تاکەکان بە جۆرێکی سروشتی گەشەبکەن.

لە جیهانێکی سروشتی و ڕاستەقینەدا هەموو شتێك و هەو نەفەرێك سروشتی دەبن و پێویست بە هیچ جۆرە چارەسەر کرن و گۆڕانێك ناکات، بەڵام خاڵێکی گرگە هەیە کە هەردەم دەبێ بە بیری بهێنینەوەی ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر بۆ سەدەیە یا نێکیش مرۆڤ لە ژێر پاڵە پەستۆدا بێت بۆ ئەوەو کە ناسروشتی بژی، ئەگەر بێتو ئەم بەم خاڵە بزانێت، تەنها یەك سات بەسەر بۆ ئەوەی کە بگۆڕێت، چونکە لە جێگەیەکی ناخیدا هێشتا بونایەتی سروشتی ئەم بە دەست لێنەدراوی ماوەتەوە، پێدەچێ



Scanned by CamScanner

نەتوانن دایشارن و کپی بکەنەوە بەلاّم هەرگیز نـاتوانن لـەناوی بەرن و ئەگەر دەرفەتی خۆ دەرخستنی پێبدەن لەیەك ساتدا خۆی دەردەخات.

هەر لەبەر ئەوەیە کە گەشتن بە کامڵبونیشی لەیەك سـاتدا ڕوودەدات (بوونی بـە بـوزا) وردە وردە لەسـەرخۆ ڕوونـادات بـەڵکو هـەر سـاتێك لــە سـاتەکانی شـتێکی تـەواودا دەکـرێ ڕووبدات، دەکرێ ژیان لە شێوەی پەخشاندا بێت یان لە شێوەی هۆنراوەدا، هەر کام لەمانەدەگونجێت، ئەگەر لەگـەڵ مێـشکیدا بژیت ئەوا ژیان لە شێوەی پەخشاندایە و ئەگـەر لەگـەڵ دڵـدا بژیت ئەوا ژیان لە شێوەی هۆنراوەدا دەبێـت، ئەگـەر ژیـان لـە شێوەی هۆنراوەدا بێت پیرۆز دەبێت و ئەگەر لە شێوە پەخشاندا بێت دونیایی و بێ واتا دەبێت، ئەم جۆرە ژیانە بە مردن کۆتـایی دێـت، بـەلاّم ئەگـەر ژیـان گـۆرانی یـەك یـان سـەمایەك یـان هۆنراوەیەك بێت نەمرو هەتا هەتایی دەبێت.

خۆشەویستی هیچ جۆرە مەرگێك ناناسـێت، خۆشەویـستی بە سـەر مردنـدا زاڵ دەبێـت، خۆشەویـستی تەنانـەت کـات و زەمـەنی دەکـات، مـرۆڤ پەرسـتگەی خواوەنـدە، پەرەسـتگەر دەبینرێت بەلاّم خودا بەچاو نابینرێـت، هـەر لەبـەر ئەوەیـە کـە خودا زۆر بە ئاسانی لـەبیر دەکرێـت، زۆر بـە ئاسـانی دەکـرێ سەرقاڵی شتێك ببینن بە چاو دیلربێت و هەر لەبەر ئەوەیـە کـە



Scanned by CamScanner

مرۆڤەکان لە ڕادەبەدەر ئاوڕ لە لاشەی مادی خۆیان دەدەنەوە، کەسانێك هەن کەوا بیر دەکەنەوە کە بونیان تەنها لەم لاشە فیزیکیەدا کۆ دەبێتەوە، ئەوان تەنها لە هەرێمی مادیدا دەژین وەجگە لە شتە مادیەکان بڕوایان بە هیچی تر نیە، ئەم کەسانە هەموویان مادی ویستن، هەروها کەسانێکیش هەن کە دەکەونە ئازارو نارەحەتکردنی لاشەیان و بەهەر شێوەیەك بتوانن ئەشکەنجەی لەشیان دەدەن، بەو بۆچونەی کە گوایە ئەم نارەحەتی کێشانە دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خودا.

پەرستگەرێکی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە هەموو ڕەوتی ئاوڕ دانەوەی خۆی لە بەشی بەچاو بینراوی واتە لاشەی مادی (پەرستگە) بگۆڕێت بۆ بەشی نەبینراو (خودا)، کاتێك وریایی ناخی خۆمان بناسین، لاشە دەبێتە پەرستگەیەکی پیرۆز، لەم دۆخەدایە کە مرۆڤ ڕێزدارو تەندروست و کامڵ دەبێت، تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانن خۆشحاڵ و شادومان بن چونکە شادومانترین هاوکێشەی زیندوتر بوونە، شادومانی و ژیان لەگەڵ یەکدا هاوبەشن، هەتا مرۆڤ زیندوتر بێت شادومانترەو بە پێچەوانەوە هەتا مرۆڤ شادومانتر بێت زیندوترە، خەم و پەژارە دەبنە هۆی بەفیڕۆ چونی وزەی ژیان، مرۆڤی خەمبار نەمردە بەڵام زیندویش نییە، ئەو لە نێوان مەرگو ژیاندا ئاوارەو سەرگەردانە.

شادومان بوون بە واتای هاوئاهەنگ بوونە لەگەڵ بونەوەردا، شادومانی بە واتای ژیانی تەواو و پڕ بە دڵ بە بوونی



Scanned by CamScanner

شادومانی و خۆشحاڵی هەر ساتێکی ژیان بەنرخ دەبێت، و ڕەهەندە نوێیەکانی بونەوەر لە بەردەمیدا والا دەبن، هەتا زیاتر خۆتان بەختی شادومانی ژیان بکەن موعجیزەی زیاتر دەخولقێنن، مەسیحی ڕاستەقینە جۆرێکە لە بەئاگابوونی بێ خەوش کە بە تەواوەتی لە کۆت و زنجیری مێشك سەربەستبێت، بە ئاگا بوونێکی خاوێن، ساکارو دەستلێنەدارو تازە و جوانە. هەریەك لە ئێمە دەتوانین وریاییەکی لەم جۆرە لە ناخی خۆماندا پەروەردە بکەین، لە ڕاستیدا واتای بزاوت و ئاکاریش هەر ئەمەیە، ئەوەیەکە هەموو کەسێك بە ئاگابونێکی لەم جۆرە لە خۆیدا هەڵبگرێت و لە ئاکامدا بیهێنێتە دونیاوە، بەئاگابونێکی جیا لە ڕابردوو و دەستلێنەدراوە، تەنها لەو کاتەدا کە بەئاگابونێکی مەسیح ئاسایانەی لەم شێوەیە لە دایکببێت مرۆڤ لە ژیانی ڕەزامەندو شادومان دەبێت، هەموو ئێمە بە شێوەیەکی خۆڕسك خاوەن ئەم توانستەیەین و ئەگەر پێتو نەیخەینە قۆناغی کردەییەوە هەموو دەرفەتەکانی ژیان لە کیس دەدەین، هەموو دەستەلات و هێزێکی ئێمە لە خوداوەیە، ئێمە بە بێ ئەو هیچین، ئێمە بە بێ ئەو تەنها توێکڵێکی پوچین، منێکی پوچ، بەلام ئەگەر تەنها ئەو بەبەرماندا بکات و لە ڕێگەی ئێمەوە بژەنێت دەگۆڕێین بۆ گۆڕانییەکی خۆش، بەلام تەنانەت لەم شێوەیەشدا گۆرانییەکان هی ئەون.

پەرستگەرێکی ڕاستەقینە دەبێ فێر بێت کە چۆن ببێتە ئامێرێك لەناو دەستی ویستی تیلاهیدا، ڕوناکیی، تیشکدانەوەی ئەو بەشەیە کە خودا بەچاو دەبینرێت، تاریکی دیمەنی بەچاو نەبینراوی خودایە، هەردوی ئەمانە پیرۆزن، تاریکی تۆوێکە کە ڕوناکی بەرەکەیەتی، تاریکی وەکو منالدان وایە و ڕوناکی منداڵێکە کە لەمنداڵدانەوە دێتە دەرەوە، بەسەر ڕوناکییەوە چاودێر بکە، هەتا زیاتر بەسەر تیشکەوە چاودێری بکەیت، زیاتر سەرسام دەبیت، لەبەر ئەوەی شتێك لەناخی ئێوەدا دەگەشێتەوە هەروەکو پشکودانی خونچەیەك، چاودێریکردن بەسەر ڕوناکییەوە یەکێکە لە کۆنترین جۆرەکانی چاودێریکردن، وەلەهەموو سەردەمەکاندا و لە هەموو وڵاتاندا و لەهەموو ئاینەکاندا جەختی لەسەر کراوە، لەبەر ئەوەی کە لە کاتی وربونەوەو چاودێریکردنی ڕوناکیدا وزەیەك لە ناخی ئێوەدا دورستدەکات. بە چرۆ کردن و گەشانەوە و چاودێریکردنی ڕووناکی زەمینە بۆ ئەم گەشانەوەیە خۆشدەکات، هەر کاتێك کاتتان هەبوو چاوتان لە یەکنێن و ڕووناکی بەرجەستە بکەن، هەر کاتێك ڕوناکییەك دەبینن خۆتانی لەگەڵدا هاوئاهەنگ بکەن، لەوانەیە ئەم ڕوناکییە هەڵهاتنی خۆر یان گڕی مۆمێك بێت، هیچ فەرقێك ناکات، بەهەر حاڵ کەڵکی لێوەربگرن، شادومانی و کامەرانی شتێکە کە هەمیشە لە لایەن خوداوە دێتە



Scanned by CamScanner

خوار، ئەو شتە نیە کە بەهۆی مرۆڤەوە خولّقابێت، تەنیا کارێـك کە ئێمە دەتوانین بیکەین ئەوەیە کە تـەیارو لـە خـۆگری بـین و لەقەدر ناسییەوە وەری بگرین، کامەرانی شـتێك نیـە کـە مـرۆڤ بەدوایدا بگەڕێت بەڵکو دەبێ دان بە خۆیا بگرێت و چاوەڕوانی هاتنی بێت، خودا بەخشندەیەو تەنها دەبێت ڕێگە بـۆ هاتنەکـەی خۆش بکەین.

تــەنها و تــەنها خۆشەویــستی دەتوانێــت ببێتــەهۆی خۆبەدەســتەوەدانی بــوونی مــرۆڤ، خۆشەویــستی گــەورەترین گوشراوێکە کە دەتوانێت مادییەکان بگۆڕێت بۆ مەعنەوییەکان، بیر لە خۆشەویستی بکەرەوە، هەتا دەتوانی زیاترو زیاتر هەسـتی پێکەو هەر کارێك دەکەیت هەڵێژەنە لەخۆشەویستی و زۆر بـە زوویـی کلیکیکــت دەســتەکەوێت کــە هــەموو قوفڵــەکانی بونەوەرتان بەڕودا دەکاتەوە، بەڵام ئەمە کاتێك مەیـسەر دەبێـت کە مرۆڤ لـە سەر ڕێگەی خۆشەویستیدا بێت، کەوتنە سـەر ئـەم ڕێگەیە زۆر گران نیـە لەبـەر ئـەوەی خۆشەویـستی نـاوەڕۆك و بونایەتی هەموو مرۆڤەکانە، ئێمە لـە دایکبوین بۆ ئەوەی خۆشیان بوێین خۆشمان بوێن.

کەسـانێك هــەن کــە دەکــرێ لــە دونیـای دەرەکییــەوە بابەتێکیان بەسەردا بسەپێنرێت دەکرێ بیانکەن بە پاشاو پێشەوا و قارەمـان، بــەڵام لــە دەرونــدا زۆر جیـاوازن لـەوەی کـە لـە دەرەوەدا پێیەوە دەمێننــەوە، تەنانــەت لــەوە دەچــێ دەوری ئـەم

ڕۆڵە زۆر بە جوانی ببینن، لەوانەیە نەتوانن نەوەکو تەنها خەڵکی فریوو بدەن بەڵکو لەوانەیە تەنانەت فێڵیش لـە خۆیـان بکـەن، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت، ڕۆڵ هەر ڕۆڵـە و ئەوان سەر گەرمی بینینی ئەو ڕۆڵەن، هەر یەك لـە ئێمـە لـە بنەڕەتـدا پاشـایەکین، چونکە ڕیشك و بنەمای هەموو ئێمە خودایە، ئیتر چۆن دەتـوانین غەیری ئەمە بین؟ بونەوەر ئەوپەڕی ڕێـزی لێنـاون، ئـەگینا ئێـوە هەرگیز لێرەدانەبوون، بونەوەر پێویـستی بـە ئێوەیـەو هـەر بـەو جۆرەش پێویستی پێتان دەبێت، بەم هۆیەوە ئێوە لێرەدا.

عیسی مەسیح چەند جار لـەم بارەیـەوە دواوە، (هـەرێمی پاشایەتی کردنی خودا ناخی ئێوەیە). ئەو لـە بـارەی نـاوەڕۆکی سەرەکی پاشا بوونی هەر لەیەك ئێمە دواوە، ئەگەر ئێوە هەروەك سواڵکەرێك دەژین، دەوری ئەم سواڵکەرە دەگێـڕن و لـەوانەیـە کە ئەم دەورەتان لـە خەڵکی یان لـە کۆمـەڵگاوە وەرگرتبێـت، هەڵسو کەوت و ئاکاری ڕاستەقینە پوچەڵکردنەوەی هەموو ئەو ئاسەوارە خراپانەیە کە دەوروبەرو کۆمەڵگا سەپاندو یانە بەسەر ئێـوەدا کـە ئاکـانی داشـاردنی نـاوەڕۆك و بونایـەتی ئێـوەی لێکەوتۆتەوە،پەردە لادان لەسەر ناوەڕۆکی سروشـتیی شـاردراو گەورەترین و بایەخدارترین ڕادەی شادومانییە، عیـسای مەسـیح فەرمویەتی:(داوا کەن تا ببەخشرێ پێتان، تەقە لـە دەرگا بدەن تا دەرگاکان بە ڕووتاندا بکرێنەوە).

بەڵام ئێمە تەنانەت داوای ئەوەش ناکەین کە هی خۆمانە، لە ڕاستیدا ئێمە زیاتر هۆگری ئەو شتانەین کە خاوەنیان نین، ئێمە حەزمان لەو شتانەیە کە هی ئێمەنین و بۆ بەدەستهێنانیان زۆر سورین، لەبەر ئەوەیە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا مرۆڤ لە هەڵپەو پەلە پەلی بێ ڕێدا دەژین و هەردەم لە داوا کردنی ئەم شت و ئەو شتدان.هەرگیز داوای ئەو شتە ناکات کە خۆی خاوەنێتی، ئێوە لەوانەیە هەموو شتێك کە لەم دونیایەدا هەیە هەتانبێت، بەڵام هێشتا ڕازی نەبن، لەبەر ئەوەی خاەنداریێتی هیچ کاتێك نابێتە هۆی گەشە کردن و بەرەو بالاّ ڕۆشتن، تەنانەت پێدەچێ کە ئەمە ببێتە ڕێگر بەرەو بالاّ ڕۆشتن، هەتا زیاتر شتتان هەبێت زیاتر پەیوەستی ئەو شتانە دەبن و قورسترو دڵە ڕاوکێی زیاترتان دەبێت، هەتا شتی زیاترتان هەبێت ئەو شتانە زیاتر دەبنە هۆی نیگەران کردن و سەغڵەتکردنی زیاتری ئێوە، مرۆڤێکی خۆشحاڵ و ڕاستەقینە لەگەڵ خۆیداو لە دەرونی خۆیدا ڕەزامەندە و تەنها موڵکی ڕاستەقینەی ئەو وجودی خۆیەتی، کەسێکی لەم جۆرە پاشای ناخی خۆیەتی.

من هەموو ئێوە بە پیرۆزو بە ئیلاهی دەزانم، ئێوەش دەبێ فێری ئەوە بن کە تێڕوانینێکی لەم چەشنەتان هەبێت بۆ هەموو شتێك و هەمو کەسێك، بەس لە ئاست و سارایدا یە کە مرۆڤەکان و گیانەوەرەکانی دیکە بە پیرۆز نایەنە بەر چاو، هەتا

زیاتر بچینە قوڵاییەوە زیاتر پەی بە خودایەتی شتەکان دەبەین، شەیتان تەنها لە ڕوکەشدا هەیە بەڵام لە قوڵاییدا تەنها خودا هەیە و بەس، دەبێ تەرکیز و بیرکۆڵیمان لەسەر قوڵایی بێت چونکە بنەڕەتی ژیان لە قوڵاییەوە دێت.

لە بیر کردنەوەی ناخ و ئاوڕدانەوەی لە ڕادەبەدەر لە ئاستی دەرەکی ژیان، هۆکاری هەموو کێشەو دڵەڕاوێکانی مرۆڤە، دەستپێکردنی ژیانی ناوەکی لە ڕاستیدا دەستپێکی گۆڕان و تازەگەرییە لە مرۆڤدا، چونکە هەر کە ڕۆشتنە ناخەوە، ئاست و سارایی بوون و ژیانی ئێوە دەستدەکات بە وەرچەرخان، ئەگەر هاتوو ڕۆشتنە ناخەوە ، ئەم ئاستە دەستدەکات بە تیشکدانەوە،مۆسیقایەکدەکات کە لە ناخی ئێوەدا هەیە، ڕوکەش دەبێتە ئاوێنەیەك و دەستدەکات بە وێنەدانەوەی جیهانی ناخی ئێوە. وە کاتێك کە ئاستی دەرەوەی ژیان و ناخ لەگەڵ یەکتردا هاو ئاهەنگ دەبن مرۆڤ لە پلەی شادومانی و کامەرانیدا دەبێت و دەگاتە پلەو پایە و مەقامی خۆی، ئیمکانی ئەوە هەیە کە هەموو مرۆڤێك ببێت بە مرواری، بەڵام ئەمە تەنها لە کاتێکدایە و ئەگەری ئەوەش هەیە کە تاکەکان، ئەم دەرفەتە لە دەست بدەن کە ئەڵبەتە خەڵکی لە دەستی دەدەن و بە شێوەی تکەکانی باران دەمێنێتەوە، ئەوان هیچکاتێك ئەوەندە بە ئاگا و وریا نابن تا تووشی گۆڕانکاری و وەرچەرخان ببن، چاوکراوەکانی مرۆڤی



Scanned by CamScanner

ئائاگاو ناهۆشیار لە ڕاستیدا هێشتا لە دایك نەبووە، وا خەریكە لە دایكدەبێت هەر كە بە ئاگا هاتەوەو چاوكراوەبوو لە دایكدەبێت، ئەگەر وانەبێت دەمرێت و سەر لە نوێ لە دایكدەبێتەوە و دیسان هەر ڕەوتی جاران دووبارە دەبێتەوە.

ئەگەر بە پێی پێویست ئازایەتیتان تێدا هەبێت ئەوا تكەی باران دەبێت بە مرواریەكی زۆر بە نرخ، ئەم ژیانە دەرفەتێكی گەورەیە كە بەیەكە یەكەی ئێوە دراوە، دەتوانن كەڵكی لێوەربگرن، یان بە فیڕۆی بدەن، لەكاتی هەبوونی بەئاگابون و كەڵك وەرگرتن لەوەی كە لەبەردەستاندا هەیە، دووبارە لە دایكدەبنەوە و ئەم لەدایكبوونەوە نوێیە لە ئێوە مرۆڤێكی تەواو ڕاستەقینەو ژیر دروست دەكات، ئەگەر بڕوا پێكردن و تەوەكول هەبێت، هەموو ئەو شتانە دەستەبەر دەبێت كە پێویستە و هیچ گرفتێك نایەتە پێش، ئەگەر هاتوو كێشەو گرفتێك هاتە پێش ئەوە بە ئاسانی دەردەكەوێت كە جۆرێك شك و گومان هەیەو ئەم شك و گومانەیە كە بوەتە هۆی ڕوودانی ئەم گرفتە، پاكی و بونەوەر دەست دەخەنە ناو دەستی یەكەوە تا یارمەتی ئەو كەسە بدەن كە بڕاو و تەوەكولی هەیە.

دەی تەنها سیقە بكەن و خۆشەویستی بكەن و بە خۆشحاڵییەوە بژین وە زۆر سەر سوڕهێنەر دەبێت كە ئیتر بونەوەر وەك پێشتر لەگەڵتاندا ناجولێتەوە، خەڵكی ئاسایی لە بڕگەی تاریكی ناخیاندا دەژین لە ڕاستیدا ئەوان هیچ كاتێك ڕوناكی و ڕۆشناییان بەرچاو نەكەوتووە هەر بۆیە وا تەسەور

دەکەن کە ژیان هیچ نیە جگە لە تاریکی، ئەوانە ڕاهاتوون بە تاریکی و تاریکی بوە بە بەشێکی ئاسایی، ئەوان وا بیر دەکەنەوە تاریکی هەموو ئەو شتانەیەکە لە ژیاندا هەیە، بەڵام وا نیە، تەنانەت تاریکی سەرەتای ژیانیش نیە، تاریکی کۆتایی نیە. تەنها ئەو کاتەی کە لێوان لێون لە ڕووناکی و لە پرشنگ و خۆری ناو ناختان هەڵهاتووە ژیانتان واتاو شکۆداری و ڕازاوەیی پێوە دەردەکەوێت، بەم شێوەیە ژیانیان دەبێتە گۆرانییەکی جوان.

سیقەو تەوەکولکردن بەرامەیەکە کە لە گوڵی خۆشەویستییەوە بەرز دەبێتەوە، بە بێ خۆشەویستی هیچ بڕوا پێکردنێك نابێت، تەنها لە ڕێگەی ئازایەتییەکەوە کە بەهۆی خۆشەویستییەوە بەدەستدێت دەتوانرێت سیقەو خۆ پێ سپاردنتان هەبێت، مێشك هیچ کاتێك عاشق نابێت و هەردەم لە دوو دڵی و گوماندایە، خۆشەویستی هاو واتای پرشنگەو دوو دڵی و گومانیش وەك تاریکی، کاتێ کە ڕوناکی دەردەکەوێت تاریکی نامێنێت، لە ڕوناکیدا دەتوانین بابەتانێك ببینین کە هەبوونە بەڵام بە هۆی تاریکییەوە تا ئەو ساتە نەبینراون، پرشنگ و ڕوناکی زەمینە خۆشدەکەن بۆ بینینیان.

کت و مت ئەم دۆخە هەیە بۆ دونیای ناوەکی بە ئاگابوون، گومان و دوو دڵی تاریکییە، دوو دڵی و گومان ڕوخسەتی ئەوەتنادات ببینی کە بە ڕاستی چیت، مۆڵەتی ئەوەت نادات ئاگاداری ئەم خشڵە بە نرخە بێت کە لە ناختدایە، ئیجازەی ئەوەتان پێنادات کە لە نەمریی ڕۆح و گیانت خەبەردار



Scanned by CamScanner

بیت، هەر کە خۆشەویستی دەرکەوت، تاریکی دوو دڵی و گومان لەناو دەچن. لەم کاتەدا دەتوانی بزانی چیت، وەلەپاش ئەم بینین و زانینەوەیە کە سیقەو خۆبێ سپاردن لە تۆدا دروست دەبێت، ڕاستی شتێك نیە کە ئێمە خۆمان بتوانین بیخوڵقێنین.

ڕاستی هەر لە مێژەوە بووە، دەتوانین چاوەمان بە ڕویدا دابخەین وەیان چاومان بە ڕویدا بکەینەوە، ئێمە سەر بەستین هەر کام لەم کارانە ئەنجامبدەین، بەڵام ڕاستی لە هەموو خاڵێکدا هەیەو خەلاتێکی خوداییە، ناتوانین بە هزرێکی ژێر بیژیانەوە ڕاستی بدۆزینەوە، چونکە ڕاستی هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بە مێشکەوە نیە، ڕاستی واتە هەبوونی ئەو شتەی کە هەیە، کەواتە تۆ هەستپێکردن و تامکردنی پێویست بە بیرکردنەوە ناکات، بەڵکو پێویست بە جۆرێك بێدەنگی و هێمنی هەیە کە لە کاتی بونی ئەو دوانەدا و بە بێ دەستێوەردانی بیرو مێشك، بتوانین ئەوەی کە هەیە بیدۆزینەوە.

کاتێك کە مێشك لە دۆخی بێدەنگی و هێمنیدا (بە بێ شڵەژاوی و بیرو هۆش) بێت، دەبێتە ئاوێنەیەك کە ڕاستی لە ڕێگەی ئەوەوە وێنەو ڕەنگدەداتەوە، ڕاستی پێشتر هەبووە، خودا بەخشیوێتی،پاکی بونەوەر ڕاستی ئەون و پێویست ناکات بە شوێنیدا بگەڕێن و وێڵبین بە دوایدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ هەموو سوسوکردن و گەڕانەکان بوەستێنین و فێر بین کە چۆن بڕۆینە دۆخی بێدەنگی و هێمنییەوە تێیدا بمێنینەوە، کاتێك ئێمە لە



Scanned by CamScanner

بێـدەنگی و هێمنیـدابین ئـەم چـۆنایەتییە هەسـتپێدەکەین، دەرك پێکردن دیاردەیەکە کە لـە بێدەنگیدا ڕوودەدات، نەك لـە کـاتی بیرکردنەوەو سەرقاڵی مێشکدا.

(دارما) [1] بە واتای یاسای بونەوەرە لـە خۆرهەڵاتدا، ئاینی (دارما) دەخوێنرێت چونکە ئاین یاسای بنەڕەتی بونەوەرە، دارما هەر (تالو)[2] یە، واتە ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی پێکەوە بەستران و هاو ئاهەنگی بونـەوەر، ئـەو شـتەیە کـە بـە هـۆی بوونییـەوە بونەوەر دانارمێت، بونەوەر خاوەن پێڕو ڕێکخستنەو هیچ شـتێك تێیدا بە ڕێکەوت نیە. بنـچینەی ئـەم ڕێکخـستن و ڕێکخراوییـە (دارما) یە، کاتێك کە مرۆڤ لەگەڵ ئەم یاسـایەدا هـاو ئاهـەنگ بێت، ژیانی پڕ دەبێت لـە پیت و بەرەکەت، ئەگەر مرۆڤ لـەگـەڵ بونەوەردا هاوئاهەنگ نەبێت، لـە ژیانی خۆیدا کێشەو نارەحـەتی دەخولقێنێـت، ئەگـەر هاوڕێکـانی لـەگـەڵ ئـەم یاسـایەدا سـود وەردەگرن و ئەگەر بەرامبەری بوەسـتن زیـان دەکـەن مەبەسـتی هەموو گیاندارێك ئەوەیە کە لـە ئاکامدا خوداییی بێت، خودایەتی بوون بە ساکاری واتای پیرۆز بوون و پڕ بوون لـە خۆشـحاڵی و شادومانی دەگەیەنێت، خودایەتی بـوون واتـە دورکەوتنـەوە لـە هەموو سەر ئێشەو دڵەڕاوکێ و گرفتێك.

(ڕێگە) زۆر ئاسانە لـەگەڵ سروشتدا خۆڕێکخـستن و هـاو ئاهەنگ بون. هەرگیز بەرامبەری نەوەستن. هەر کاتێك هەستتان



Scanned by CamScanner

بە ناخۆشی کرد بکەونە سوسوکردن و گەڕان، بە دڵنیاییەوە لە شوێنێکدا بە پێچەوانەی ڕەوتی سروشتەوە جوڵاونەتەوە، هەر کاتێك کە هەست بە خۆشی و شادومانیش دەکەن هەر بگەڕێن، بە دڵنیاییەوە ویستراویان نەویستراو لە جێگایەکدا کاریکتان کردوە کە لەگەڵ سروشتدا هاوئاهەنگ بووە، بەم شێوەیە بە هێمنی بەم دەرخستەیە دەزانن کە ئەم (یاسای بونەوەرە) چییە، تەنها لە ڕێگەی تاقی کردنەوە و هەڵە کردنەوەیە دەتوانن ئەم یاسایە بدۆزنەوە، هەروەك لە ئێوە بە جۆرێکی تایبەت بەخۆ، خۆتانن، هیچ کەسێکی تر وەك ئێوە نیە، کەوابێت بەراوردکردن کارێکی پەسەند نیە، ئایا ڕاستە گوڵە مینایەك لەگەڵ گوڵە ڕۆژێکدا بەراورد بکرێن؟ هەر یەك لە ئەوان تایبەت بە خۆیانن و هەر شێوە بەراورد کردنێك هەڵەیە، ئایا دەکرێ مرۆڤێك لەگەڵ درەختێکدا بەراورد بکرێت؟ یان ڕووبارێك لەگەڵ کێوێکدا؟ بە پێی ئەوەی کە هەر یەك لە لەمانە خاوەن ناوەڕۆکێکی جیاوازن لە بنەڕەتدا بەراوردکردنیان بە هیچ شێوەیەك ژیرانە نیە.

لە ڕاستیدا هەموو مرۆڤێك تایبەت بە خۆی جیاوازە. هیچ کەسێك شیاوی بەراورد کردن نیە لەگەڵ ئەویتردا، دەرك کردنی ئەو خاڵەی کە هەموو کەسێك تەنها خۆیەتی و خۆی سەربەستی و ڕزگار بوونمان خەڵاتدەکات، کاتێك کە شادومانی لە ناوەڕۆکی ناختانەوە دەردەدێرتە دەرەوە بە تەواوەتی خاوێن و



Scanned by CamScanner

بێ خەوشە. هەر شتێکی تر کە لە جیهانی دەرەکییەوە دەنێررێت، ناتوانێت تا ئەو ڕادەیە خاوێن و بێ خەوشبێت، لە بنەڕەتدا بزاوت و گەشتکردن لە جیهانی دەرەوە بۆ جیهانی ناوەوە دەبێتە هۆی ناخاوێنی و خەوشدار بونی. شادومانی و خۆشی و بێ خەوشی نیە چونکە سەرچاوەکەی دونیای دەرەکییە. بۆ بەدەستهێنانی خۆشی دەبێت پەیوەست و پاشکۆی شتێك یان کەسێکبین، وە هەر ئەمە یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی ناپاکی و خەوشدار یەکەی، بەڵام ئەو کامەرانی و خۆشحاڵییە کە سەرچاوەکەی ناخی ئینسانە پەیوەست و پاشکۆی هیچ کەس و هیچ شتێك نیە، بەڵکو بە ساکاری لە ناوەڕۆکی ناوەکی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت.

مرۆڤ لەناو گەڕان بەشوێن خۆشحاڵیەکانی دەرەوەدا گوم دەبێت، یەکەم بەدەستهێنانی ئەم خۆشییانە ئاستەمە، دوهەم ئەگەر ڕوویشبدات لە بێ خەوشیو خاوێنی پێویستیان نیە، کەواتە نابنە هۆی ڕەزامەندی مرۆڤ، زۆر مایەی سەر سوڕمانە کە ئێمە لە جیهانی دەرەوەدا بەشوێن خۆشحاڵیدا دەگەڕێین لە کاتێکدا ئەو هەردەم لەناخی ئێمەدایە، بگەڕێنەوە بۆ ناخ! کردارو ئاکاری ڕاستەقینە ئەمەیە، مانگی شەوی چواردە یەکێکە لە جوانترین و شکۆمەندترین دیاردەکانی ناو سروشت،ۆ ڕازاوەیی و شکمەندی ئەم دیاردەیە لەبەر دەستی هەمواندایە، ڕۆشتن بۆ سەر مانگ پێویست ناکات، دەتوانین جوانی مانگ لە



Scanned by CamScanner

دڵەکانماندا هەستپێبکەین، بانگهێشتی مانگ بۆ ناو دڵەکانمان بایەخی زیاتری هەیە، ئەگەر میوانداری مانگ بکەین، مانگ دەبێتە میوانمان و کاتێك کەش و هەوای ناو ناخمان پڕ بێت لە مانگەشەو، دەستدەکەین بە تام کردن و چەشتنی خۆشحاڵی دەرونی.

ڕەوتی کوللی چاودێریکردن بەردان و ئازاد کردنی خۆشحاڵیی ناو ناخی ئێمەیە، بەردانی ئەو پرشنگەی کە ناخی هەریەکە لە ئێمەدا بەرزکراوە، ئەم خۆشحاڵیە دەروونییە بە شێوەیەکی خۆڕسك لەناخی هەر هەمووماندا هەیەو کەچی ئێمە بێ ئاگاین لێی، لەبەر ئەوەیە کە توێکڵێکی ئەستور ئەم هێزەی داپۆشیوە، تەنها دەبێت ئەم توێکڵە بشکێت و شکانەکەش تۆزێك ئازادی هەیە، کاتێك تەیار بن بۆ ئەوەی کە بەرگەی ئەم ئازارە بگرن، توێکڵەکە دەشکێت و ژیانتان هەڵبەزینێکی کۆئانتۆمی دەبێت و ئێوە نەمر دەبن، ئیتر تاریکی نامێنێت و مانگی شەوی چواردە لە ناختاندا دەردەکەوێت. چیتر دەنگوباسی پەژارەو خەم نابیستن، تەنانەت ئەگەریش بتانەوێ ناتوانن خەمباربن، چونکە ناوەڕۆکی ئێوە گۆڕاوە بۆ خۆشحاڵیی.

خۆشحاڵیی ناخ شتێك نیە کە شێوەو شکڵی هەبێت، ناتوانین بە هەستەوەرەکانی پێست هەستی پێبکەین، لە ڕاستیدا چۆنایەتییەکە دەبێت هەست و تەجروبەی بکرێت، ناکرێ لە دەستاندا هەڵیبگرن و پێشکەشی یەکێکی دیکەی بکەن، تەنانەت



Scanned by CamScanner

هیچ کەسێکیش ناتوانێت لەکاتی ڕووداندا لێیان بسەڵێت، تەنانەت ناش دزرێت و مردنیش ناتوانێت لە لێوەی جیابکاتەوە، خۆشحاڵیی ناوەکی چۆنیەتیەکی بێ شێوەو شکڵە، جۆرێک سیقەو بڕوا پێکردن هەیە لە ڕووی هەوا بڕاوییەوەیە، کەواتە ناتوانێت ڕاستەقینە بێت، لە ڕووی نائومێدییەوە بەس دەتوانرێ کەوا دەربخرێت کە بڕوا پێکردن وجودی هەیە بەڵام ئەم جۆرە سیقەیە، بڕوا پێکردنێك نیە کە لە کانگای دڵەوە بێت، بەڵکو جۆرێك لە سیقەیە کە سەرچاوەکەی مێشکی ئێوەیە. کاتێك کەسێك لە گومانکردن و بیرکردنەوە ماندو دەبێت پەنا دەباتە بەر ئەم جۆرە بڕوا پێکردنە درۆینەیە.

ئەم جۆرە بڕواپێکردنە نەگەتیڤانەیە، چونکە پوچەو توانای خولقاندنی گۆڕانکارییەکی نیە لە ئێوەدا، سیقەو بڕوا پێکردنی ڕاستەقینە لە شادومانی و خۆشحاڵی و خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت، بڕوا پێکردنیڕاستەقینە کاتێك ڕوودەدات کە سەبارەت بە بونەوەر زیاترو زیاتر هەستیار دەبن، زیاتر دەبینن و قولتر دەبن و پاشتر هەستپێدەکەن. پاشان هێدی هێدی هەستیاریەکی نوێ لە ناختاندا لە دایك دەبێت و بەیارمەتی ئەو نهێنییە شاراوەکانی بونەوەر بە ڕوتاندا دەکرێنەوە، لەم حاڵەتەدا نەك هەر درەختەکان و زێکان و کێوەکان دەبینن بەڵکو دەستە شاردراوەکانی خواوەندیش لە پشت ئەمانەوە دەبینن، تەنیا شتێك

کە پێویستمانە چاوێکی هەستیارو تیژ بینە کە نەك هەر ڕوکەش و ڕواڵەت ببینێت بەڵکو بچێتە ناو ناخ و دەرونیشەوە، ئەم دۆخ و چۆنێتیە کاتێك ڕوودەدات کە ئێوە خۆشحاڵ و شادومان بن، مرۆڤی شادومان، مرۆڤێکی بیناو چاو ساغەو مرۆڤی خەمباریش مرۆڤێکی کوێرە، فێربن کە چۆن شادومان بن و دەرفەتی ئەوە بدەن کە بڕوا پێکردنی ڕاستەقینە لەناو ئەم شادییەوە سەر هەڵدەدات.

هەموومان ڕاهاتوین کە بزانین ڕوناکی دیاردەیەکی ئیلاهییە، بەڵام تا ئەو کاتەی کە تاریکیش وەك دیاردەیەکی ئیلاهی لە قەڵەم نەدرێت بە شێوەیەکی نیوە کارەو ناتەواو دەمێنێتەوە، چونکە تاریکیش ئەوەندەی ڕووناکی دووری هەیە لە بونەوەردا. تاریکی و ڕووناکی لە ڕاستیدا دوو دیاردەی جیاواز نین لەیەك، بەڵکو جوو جەمسەری وزەیەکن. تاریکی جەمسەرێکی ئەم وزەیەیە و لە کاتێکدا کە ڕووناکی جەمسەرێکی دیکەیەتی.

مرۆڤ دەبێ ئەو لە دەستهاتنە لە خۆیدا پەروەردە بکات کە تاریکیشی خۆشوێت. لەم حاڵەدا تاریکی بە تیشکی ئەوین پرشنگدار دەبێت و بۆ شێوەی ڕووناکی ناوەڕۆك گۆڕکێ دەکات، مەبەستی من لە تاریکی هەموو ئەو کاروبارانە دەگرێتەوە کە هەستێکی مرۆ دروستدەکەن، هەروەك مردن ئەگەر هاتوو مرۆڤ ئەو گیراییەی (ڤرفییەت) ەی تێدا نەبێت کە



Scanned by CamScanner

مەرگیش هەروەکو ژیان لە خۆ بگرێت، ناتوانێت کامڵ و تەواو بێت و شتێك کەمە لە ناخیدا.

تا ئەو کاتەی کە فەلسەفەی ژیانتان تەنیا (گوڵەکان) بگرێتە خۆی و (دڕکەکان) ڕەد بکاتەوە، ناتەواوە، ژیانێکی بیاتنراو لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی ناتەواو دەبێتە هۆی بە دیهێنانی مرۆڤانێکی ناتەواو و مرۆڤی ناتەواو مرۆڤێکی خەمبارو هاودەمی پەژارە دەبێت، شادومانی و خۆشحاڵی ڕاستەقینە لە تەواو بون و کامڵ بوندایە، دەبێت بڕۆینە سەروی هەموو دوجەمسەرییەکان، کاتێك کە مرۆڤ ئەوەندە بەرینی و پانتایی دەرونی هەبێت کە بتوانێت هەموو دوجەمسەرییەکان لەخۆ بگرێت، بە بێ هیچ جۆرە هەڵبژاردنێك، ئەو کاتەی کە مرۆڤ ئاگاداری هەموو دژیەکەکان بێت لە بونەوەردا، دەتوانێت سەروی هەموو ئەوانەوە بژیت، لەم ساتەدایە کە مرۆڤ بە مەبەست و ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی گەشتووە.

ئۆقرە گرتن هەردەم لە لایەن خوداوەیە، ئۆقرە گرتن شتێك نیە مرۆڤ دروستی کردبێت، مرۆڤ ناتوانێت دروستی بکات بەڵکو تەنها دەتوانێت وەری بگرێت، کەواتە دەبێ فێری ئەوە ببین کە چۆن وەریبگرین. دەبێت فێر ببین کە چۆن ئامادەکارو لە خۆگری بین، دەبێ فێر ببین کە چۆن بەخێر هاتنی بونەوەر بکەین، جوانی و ڕازاوەیی زۆر لە دەورمان خڕبونەتەوە بەڵام



Scanned by CamScanner

ئێمە نایانگرینە خۆمان، میهرەبانی و سۆزو ڕەحمەت هەردەم دەبارێن بەڵام ئێمە لە وجودی ئەوان بێ ئاگاین، ئۆقرە گرتنی ئیلاهی هەمیشە چاوەڕوانی ئێمەیە بەڵام ئێمە لە بەر چاوی ناگرین و بایەخی پێنادەین، لەبەر ئەوەی کە فرمانی ترمان بەدەستەوەیە تا ئەنجامی بدەین، ئێمە سەرقاڵیمان زۆرەو لە رادەبەدەر پێیانەوە خەریکین، بە جۆرێك کە هیچ دەرفەتێك بۆ خودا نارەخسێنین، تەنانەت لە خەویشدا بە تێڕامان و و پیلان دانانەوە سەرقاڵین، تەنها بۆ چەند ساتێك لە شەو لە کاتێکدا کە خەو ببینین دەوەستێت ئۆقرە گرتنی خودایی ئێمە لە باوەشدەگرێت، هەر ئەم چەند ساتەیەکە دەبێتە هۆی ژیانەوەی مرۆڤ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە پاش خەو هەست بە بوژانەوەو نوێبونەوە بکات، بەرەبەیان کاتێك کەلە خەو هەڵدەستین هەستێکی خۆشی سوکی و نوێبونەوەمان هەیە، ئەو هەستەی کە نابینرێت، ئەگەر شەو باش خەوتبن کاتی بەیانی هەستدەکەن کە لە شوێنێکدا بون کە هاورێ بووە لەگەڵ هێمنی و ئۆقرە گرتندا، لە ڕەهەندێکی دیکەی بونەوەردا، ڕەهەندێکی بە تەواوەتی جیاواز لە مێشك، هەستدەکەن کە لە ڕەهەندێکی ئەوەندە قوڵدا بون کە وزەکانی ئێوە سەر لە نوێ ژیاونەتەوەو ڕەگ و ڕیشەکانتان دووبارە تێر ئاو بونەتەوە، هەستدەکەن کەسەر لە نوێ پڕ بوونەتەوە لە وزەو ئامادەن کە دیسان ژیان



Scanned by CamScanner

بەسە بەرن و ئەڤینداری و بنوێنن، بەڵام تەنانەت ئەم چەند ساتە کورتەش لە جیهانی پێشکەوتن و مۆدێرنی ئەمڕۆکەدا وا خەریکە لەناو دەچێت، هەر لەبەر ئەوەیە کە چاودێریکردن لە جیهانی مۆدێرندا دیاردەیەکی پێویست و ئەرکی سەر شانە، لە ڕابردوودا وانەبوو، مرۆڤەکان دەیانتوانی بە بێ چاودێریکردن لە هێمنیدا بەسەرڤو بەرن خۆش بژین، بەڵام ئەمڕۆ چاودێریکردن تەنانەت لە خواردنی ئێوارەش پێوستترە.

ئەم وتەیەی عیسای مەسیح کە مرۆڤ ناتوانێت تەنها بە نانی وشك بژی نیوەیەکە لە ڕاستی، نیوەکەی تریشی ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ زیندوو مانەوەی ڕاستەقینە پێویستی بەچاودێریکردن هەیە، چاودێریکردن خۆراکی ڕۆحە، چونکە لەکاتی چاودێریکردندایە کە ئۆقرە گرتنی خوایی ئێوە دەگرێتە باوەش و ورەو نوێبونەوەو و تازەیتان پێدەبەخشێت، ئۆقرە گرتن دەتوانێت نێگەتیڤ بێت، هەم دەتوانێت پۆزەتیڤ، لە دۆخێکدا کە هێمنی سالب بێت تووشی گۆشەگیری و نەبوونی هۆگری و نرخدانەنان بۆ ژیان و نرخدانەنان سەبارەت بە بوونەوەر دەبن، مرۆڤ هۆگریی خۆی لە کیس دەدات و بە شوێنیدا ژیان ئەو جوانی و ڕازاوەی یەی نامێنێت، ئەم هێمنییە، هێمنیی گڵکۆو قەبرستانە.

ئۆقرە گرتنی ڕاستەقینە، ئۆقرە گرتنێکە هاوڕێ لەگەڵ لوتف و شادومانی و خۆشحاڵی و بێدەنگی، گوێهەڵخستن و گۆرانی، هێمنی خۆی تەنها بەس نیە، چونکە لەوانەیە سالب



Scanned by CamScanner

بێت، دەبێ خوراوێك لە شادومانی لەگەڵدابێت، تا بگۆڕێت بۆ هێمنی ناو گوڵزارو گوڵستان، ئەو هێمنییەی کە باڵندەکان تێیدا جریوە جریو دەکەن و گوڵەکان دەپشکوێن.

وەرگرتنی خۆشحاڵی و شادومانی پێویستی بە ئازایەتی و بوێری هەیە، بەڵام داماوی و بێچارەیی هیچ جۆرە بوێرییەکی ناوێت، بە داماوی مانەوە واتە ترسنۆکی مانەوە، داماوی هیچ نیە جگە لە ترسنۆکی ناوەکی، وە شادومانی شتێك نیە جگە لە چەشنەکردنی ئەم تامە خۆشەی کە لە بوێری ئازایەتییەوە بەدەستدەکەوێت، بوێری بە واتای ترسان نیە، بوێری واتە سەرەرای بوونی ترس، مرۆڤ بەرەو پێشەوە بڕوات، ترس لە ناوکی هەمووماندا هەیە، تەنها ئەو کەسانە کە گەشتونەتە پلەی کامڵبون و تەواوکاری کە نەترسابن، تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ نەمری و هەتا هەتایی ناخی خۆی هەستپێنەکات، ترسان لەناخیدا دەمێنێتەوە، ئەمە زۆر سروشتییە، چونکە چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ مەرگ هەیە، لە ڕاستیدا ترسان سێبەرە، مەرگە، بوێری بەو واتایەیە کە سەرەڕای هەبوونی ترس، مرۆڤ درێژە بە گەشتەکەی بدات بەناو جیهانی نەناسراوەکاندا، هەر خودی ئەم گەشت و سوسوکردنەیە کە دەبێتە هۆی شادومانی، شادومانی هەرگیز نیشتەجێ و جێگیری نیە بەڵکو دیاردەیەکی بزۆکەو هەردەم لە گەڕدایە، شادومانی کاتێك ڕوودەدات کە

مـرۆڤ لـە هەڵـسوڕان و گەشـتکردندا بێـت، لـە جیهـانی ناسراوەکانەوە بۆ جیهانی نەناسراوەکان، لەوەی دەبینرێت بـۆ ئەوەی کە نابینرێت، لە جیهانی مادەوە بۆ جیهـانی ڕۆح واتـا، شادومانی لەو ساتانەدا ڕوودەدات کە مرۆڤ لەگەڕان و ئەملاو لا کردندا بێت.

(تائۆ) ئەم یاسایەیە هەمو ئەو شتانە بەیەکەوە دەبەستێت و ڕایدەگەیەنێت، لە بونەوەردا هەیە (تاتۆ) ناوێکی دیکەی خودایە، تائۆ بنەمایەکـە، تـائۆ ئامادەبونێکـە، تـائۆ بـە واتـای نـاوەڕۆکی گەورەی ئامانجی بونەوەرە، ناوەڕۆکی گەورەو ئامانجی بونەوەر لە نیشك پێکهـاتووە، هـەتاوەکو مـرۆڤ قـوڵـتر بێتـەوە و ڕۆبـچێت پرشنگدار ترو ڕوناکتر دەبێت و لـە ئامانجی قوڵاییدا بەس تیـشك دەمێنێتەوە، تەنانەت ئێوەش لەوێدا دیـار نـامێنن، ئـیتر لـە گۆتـا ئامانجدا (من) وجودی نیە، پاکیی ئەم گەشتە ناوەکییە جۆرێکە لە توانەوەو دیـار نـەمان. منێتـی تاریکییـەو هـەتا منێتییـەکی زیـاتر وجودی هەبێت، تاریکییەکی زیاتریش دەبێت وەهەتا منێتی کەمتر ببێتەوە، تیشك و ڕوناکی زیاد دەبێت.

ئاکارو کردار سەرەتای دیار نەمانی ئەم منێتییەیە کە لەسەر خۆ ڕوودەدات. هەتا وریاتر بن و ئامادەبونێکی تۆختر تان هـەبێت منێتییەکی کەمتر دەبێتـە خـاوەنی ناختـان، منێتـی خۆتـان لـەبیر بەرنەوە، چونکە ئەمە تەنها ڕێگەی بـە بـیر هێنانـەوەی خودایـە، گوشراوەی هەموو پەرستنەکان گەشتکردنە بۆ سـەروی تـاریکی

گوشراوی پاکی مەزهەبەکان، فێر کردنی ئەم خاڵەیەکە چۆن دەکرێ گەشت بکرێت بۆ سەروی تاریکی، نەفس تاریکە بەڵام ڕۆح و گیان ڕووناکە، ڕۆح و گیان لە توێژەکانی نەفس دا داشاردراوە، دەبێ بە قوڵی گەشتبکەن بۆ ناخی خۆتان، کت و مت وەکو هەڵکەندنی بیرێك دەبێ چین و توێژەکانی خۆڵ و بەرد هەڵبکەنن تا بگەنە ئاوی سازگار، هەر بەم شێوەیە دەبێ توێژە جۆراو جۆرەکانی نەفس لابدەن تا ڕۆژێك لە پڕ ناخی مرۆڤ بە ڕووناکی ڕۆح و گیان پرشنگدار بێت.

ئەزمونی سەربەستی و ڕزگار بوون هیچ نیە جگە لەم ڕووناکییە تیشك دەبێت لەناو تاریکی ڕزگاری ببێت، ڕۆح و گیان دەبێ لە گرتوخانەی نەفس بەر بدرێن، هەردەم لەبیرتان بێت کە ئێوە بەشێکن لە وجودی خودایی، کەواتە هەرگیز لە خواوەند جیا نین، تەنانەت ئەگەر بیشمانەوێ لە خودا جیاببینەوە ناتوانین، تەنها شتێك کە لەم بونەوەرەدا کردنی مەحاڵە جیابوونەوەیە لە خودا، دەتوانین ئەو باوەڕەمان هەبێت کە لە خواوەند جوداین، بەڵام ئەمە تەنها باوەڕێکە و هیچی تر، دەکرێ ئاوا بیر بکرێتەوە، دەکرێ لەسەر بنەمای ئەم هزرە کە ئێمە لە خودا جوداین ژیان بەسەر ببرێت، بەڵام لەم ڕاستییەدا کە (ئێمە لەگەڵ خواوەند یەکێکین) هیچ گۆڕانێك بەدی نایەت.

بەبیر هێنانەوەی ئەم مەسەلەیە، نوێ بوونەوەی پەیتا پەیتاییە، بە بیر هێنانەوەی ئەم مەسەلەیە لە دایکبونی دوبارەیە،



Scanned by CamScanner

تەمـەنتان لـەو ڕۆژەوە بـژمێرن کـە بـەدەرکی ئـەم مەسـەلەیە گەشتبن، خوازیاران و ڕێز لێگرانی (بـوزا) تەمـەنی خۆیـان لـەو کاتەوە دەژمارد کە بچوونایەتە سەر دینەکەی ئەو، لەبەر ئەوەی لـەم کاتـەوە سـەر لـە نـوێ لـە دایـك دەبونـەوە، ڕۆژێکیـان پادشایەکی گەورە بـۆ بینینـی بـوزا چـوو بـۆ لای، لـەم کاتـەدا یەکێك لە قوتابی و خوازیارەکانی کە پیرە پیاوێکی تەمەن حـەفتا ساڵە بوو هاتە ژورەوە، لە پاش بەجێهێنانی ڕێز لێگرتن، بۆزا لێی پرسی:

- تەمەنت چەند ساڵە

پیرە پیاوەکە وەڵامی دایەوە:

- چوار ساڵ

ئەم ووتەیە بەلای پادشاوە زۆر دانـسقەو سـەرنج ڕاکـێش بوو، ئەو نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە چی ڕوویداوە بۆیە ڕیکـردە بوزاو وتی:

- من نامەوێت دەست لە کاری ئێوە وەربـدەم، بـەڵام ئـەم پیرە پیاوە بە ئێوەی ووت کە چوار ساڵانەو ئێوەش بڕواتان کرد؟

بوزا بە پیرە پیاوەکەی وت:

- تکایە بابەتەکە بۆ پادشا ڕونبکەوە.

- تەنها چوار ساڵەکە هاتوومە سەردینی بوزایی، لـە پـێش ئەوەی بچمە سەر دینی بوزایی هەموو ژیانم لە خەودا بووم، لـە

ڕاستیدا لە پێش ئەوەوە هەر نەژیاوم، تەنها ئەم چوار ساڵە بەڕاستی لە ژیان گەشتوم، بۆیە تەمەنیشم چوار ساڵە.

چاودێریکردنماڵێکی ئەمنە لە دڵی ئێوەدا و ئەو دەمەی کە دڵی ئێوە بوو بە شوێنێکی ئەمن، خواوەند بە خودی خۆی تێدا شوێن خۆشدەکات، خواوەند ئەو دەمەی کە ئێوە گۆڕابن بۆ جەژنێك و گوێهەڵخستن و گۆرانیەکی شادومانی، دەبێتە میوانی دڵەکانی ئێوە، من فێرتان دەکەم کە چۆن خۆشحاڵ و شادومان بن، چۆن ئەوەندە نرخدار بن کە خواوەند بێتە میوانتان، ئەمە بەڵێنێکە کە زۆر لە مێژەوە دراوەۋ، مرۆۋ بە تەواوەتی لە بیری کردوە، ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە بەڵام ئەو پەیمانە هێشتا هەرکاری پێ دەکرێت و گورِو تینی جارانی هەرماوە، تەنها پێویستی هەل و مەرجێکە کە تا بێدەنگی و هێمنی دەرونیی. خواوەند خۆی دێت بۆ لاتان، هەردەم ئەوەتان لەبیر بێت کە پرشنگدار نابێت خەمبار و پەشێو حاڵ بێت، زۆر جار خەم و پەژارە لە لای پەرستگەرەکان دروستدەبێت چونکە ئەوان وا تەسەور دەکەن کە لە کاتی بە ئەنجامگەیاندنی کارێکی زۆر جدی و بەبایەخدان، ئەوان ناتوانن پێبکەنن و خۆشحاڵبن و ژیانێکی ئاساییان هەیە بێت، وەکو ئەوەی کە هەردەبێت بە جۆرێکی تایبەت بن و لەگەڵ ئەوانی دیدا جیاواز بن، بەڵام دەبێ هەموو ئەم جیاوازیانە بەلاوە بنرێت.



Scanned by CamScanner

من کەسانێکی شادومان و پیرۆز پەروەردە دەکەم، کەسێك کە شادومان و خۆشحاڵ بێت و توانێت ئەڤینداری بکات و پێبکەنێت. کەسانێکی لەم بابەتە میوانداری خواوەند دەکەن، (هۆنراوەو هونەری) لە ڕاستیدا فرێدانەدەری هەموو ئەو شتانەیە کە لە دڵی ئێوەدایە. چێژی شیعر لە وەرگرتنی ئەو یاداشت و ئافەرینانە نیە کە خەڵکی دەری دەبڕن، بەڵکو هەڵسوڕان و بەگەڕ کەوتنی شیعر بۆ شاعیرەکەیە کە بەتام و بە چێژە، چێژی هۆنراوە لە خولّقاندنەکەیدایە، چێژ وەرگرتن ئەو شتەیە کە لە دونیای دەرەوە بێت، کەواتە هەر کاتێك هەستتان کرد کە حەز دەکەن هۆنراوە بڵێن، بەو کارە هەستن.

هیچ کاتێك خۆتان ناچار مەکەن بۆ ئەنجامدانی چونکە چەند خولێك هەیە بۆ شاعیرو (هونەرمەند)ەکان کە خولّقاندنی هۆنراوە هیچ تام چێژێکی نیە ، زۆر باشە، لەم خولانەدا هۆنراوە وتن بوەستێنن و پاشان هەر کاتێك هەستتان کرد کە سەر لە نوێ هۆنراوەکان کەوتونەتە هەڵسوڕان، ڕوخسەتیان بدەن کە بکەونە گەڕ، لە بیرتان نەچێت کە هەمیشە و هەردەم بە سروشتی بمێننەوە و ئاگاداری ئاهەنگی ناخی خۆتان بن و هەرگیز بە پێچەوانەوە نەجوڵێنەوە، کاتێك هەوڵ بۆ شیعر وتن دەدەن بەڵام هیچ هۆنراوەیەك لە ناختانەوە هەڵناقوڵێت، ئەوی کە دێتە دی شتێکی دەستکردو بێ گیان دەبێت؟



Scanned by CamScanner

تەنها خودایەکە حاکمی چارەنوسی هەموانە، مـرۆڤ هـەوڵ بۆ ئەنجامی ئەو کارە دەدات بەهەموو جلرێـك سـەر ناكـەوێت، ئاواتی دەستەڵاتداری بەسەر هەمواندا هیوایەکی ناحەزو ناشرینە، هیوای بەرزتر و زیاتر بون لـە هەموان بە شێوەیەکی گشتی ڕەگی سەرەکی هەموو کێشەو گرفتەکانی مرۆڤە، یەکەمین هـەنگاو بـۆ چونە سەر ڕەوتی ئاکارو کردار بەلاوەنانی هیوای حکومەتکردنە بەسەر خەڵکیدا. بەم شێوەیە مرۆ لـەوە دەگات کە تەنها خودایـە بەشێوەی یاسا و بنەمایەك بەسەر هەمواندا فەرمانڕەوایی دەکات.

کاتێك مرۆڤ گەشتە دواین ئامانج، هێمنی و ئۆقرە گرتن بە جۆرێکی تێرو تـەواو لـە ئـەودا بەرقـەرار دەبێـت، کاتێـك کـە گەشت و گوزار بە تەواوەتی کۆتایی هات، مـرۆڤ بـە جـۆرێکی تێرو تەواو هەست بە هێمنی دەکات، حەزرەتی نـوح ڕۆژانێکـی یەك لە دوای یەك بە شوێن وشکانیدا دەگەڕا، ئـەو باڵندەیـەکی لە کەشتییەکەدا بـەرداو چـاوەڕوانی گەڕانـەوەیکرد، باڵندەکـە پاش چەند ڕۆژێك بە گەڵایەکی زەیتون کە بە دەنوکییـەوە بـوو گەڕایەوە، گـەڵا زەیتونەکـە نیـشانەی ئـەوەبوو کـە ووشـکانی نزیکە، بۆیە نوح و هاوڕێکـانی زۆر خۆشـحاڵ بـوون و هەسـتی هێمنی لە لایان دروستبوو چونکە وشکانی نزیك بوو لێیانەوە.

ئەوین و خۆشەویستی دیاردەیەکە، کە هەمیشە لە سەرەوە بەگەڕ دەکـەوێت، خۆشەویـستی شـتێك نیـە کـە مـرۆڤ خـۆی بتوانێت دروستی بکات، لە ئاکامدا مرۆڤ دەتوانـێ لـە خۆگری



Scanned by CamScanner

بێت و وەرگری بێت، یان ڕەدی بکات، مرۆڤ دەتوانێت (بەڵێ) یان(نەخێر) ی بۆ بکات، ئەگەر مرۆڤ (نەخێر) بکات بۆ ئەوین ئەوا لە پەژارەو داماویدا دەمێنێتەوە، وە ئەوە نەفسە کە هەردەم حەزی لەوەیە کە (نەخێر) بڵێت، ئەگەر بێتو مرۆڤ (بەڵێ) بکات بۆ خۆشەویستی و ئەڤین ژیانی دەبێتە خۆشی و کامەرانی، بەڵام بۆ وتنی (بەڵێ) بەرامبەر بە ئەڤین دەبێ نەفس بخرێتە ژێر پێوە، (بەڵێ) وتن بۆ خۆشەویستی واتای تەسلیم بوونە بە بونەوەر، ئەگەر بێتو مرۆڤ بتوانێت بەهەموو بوونی خۆیەوە (بەڵێ) بکات بۆ بونەوەر ئیتر کار بە ئەنجام گەشتووە، (بەڵێ) بۆ بونەوەر واتە:(خودایە ویست و ئارەزووی تۆ ڕووبدات) [14] ئەمەش تەسلیم بونی بێ خەوشە، لەم تەسلیم بونەدا ئەڤین دەستدەکات بە هەڵسوڕان و بەگەڕ کەوتن.

ئەم چۆنایەتیە کە هەموو تاکێك بە شوێنیدا دەگەڕێت بەڵام هەمووان بە جۆرێك لە خۆنەویست لە ڕوودانی پشتگیری دەکەن، مرۆڤ زۆر بە جدی بەشوێن شتێکدایە، بەڵام هەمیشە پردی گەشتن بەو شتە خاپور دەکات، جیهان لە بیابان دەچێ، هەزارو یەك جۆر کێشە لەم بیابانەدا هەیە، بەڵام بۆ تێپەڕ بوون لێی دەبێ ڕۆنی هەموو جۆرە ڕووبەڕوو بونەوەیەك لەگەڵ ئەم کێشەو گرفتانەدا لە خۆ بسوون، ئەم گیروگرفتانە لە ڕاستیدا بۆ

---

[14] لە وتەکانی حەزرەتی عیسای مەسیح لە ئینجیلدا.

پێگەیاندنی مرۆڤن، ئەم کێشەو گرفتانە دەستگیرۆییتان بۆ گەشە کردن و لە ڕاستیدا بەهۆی بونی ئەو گیر گرفتانەیە کە مرۆڤ لە ژیاندا دەگاتە قۆناغی تەواو کاری و کامڵ بوون، ئەگەر بێتو گرفتێك لە ژیاندا نەبێت، دەرفەتێك نایەتە پێش بۆ پێشکەوتن.

بارودۆخ و چۆنێتی بونەوەر بە جۆرێکی وایە کە لە ناکامدا یارمەتی گەشە کردنی مرۆڤ دەدات، هەمو ناڕەحەتی و پەژارەکان و گیروگرفتەکان و کێشەکان لە ئەنجامدا یارمەتیدەرن بۆ گەشەی وریایی و چاوکراوەیی مرۆڤ، ئەمانە وردە وردە دەستگیرۆیی مرۆڤ دەکەن تا مرۆڤ وریاترو چاوکراوە تر بێت، هەموو تواناکان هی خواوەندن، ژیان هی ئەوە، ئەوە کە بە بەری ئێوە دا دەکات، ئەوە کە خوێن هەڵدەسوڕێنێت لە ڕەگەکانی ئێوەدا، ئەوەکە لە دڵی ئێوەدا لێدەدات، ئەو هەموو شتێکە لە هەمو کەسێکدا بەڵام ئێمە دیاردەیەکی ناڕاستەقینەمان خولْقاندوە، مەترسیدارترین درۆ نەفسە، ئێمە وا نیشاندەدەین کە (بەهێزین و هێزمان هەیە).

ئەم هزرۆکەیە (کە من بەهێزم) پەیوەندی ئێوە لەگەڵ گشتدا دەپچڕێنێت، پەرستگەرێك دەبێ لەو بڕوایەدا بێت کە(من بونم نیە)،مێشك و وجودی نیە، کەواتە من چۆن دەتوانم دەستەڵاتدار بم؟ من هیچم، تاکە ئامێرێکم لەناو دەستانێکی بەهێزی نەناسراودا بەناوی خوا. پێزانین و دەرکی ئەم خاڵە کە (من تاکە ئامرازێکم کە لە ژێر فەرمانی ویست و ئیرادەیەکی بێ

کۆتایدام کە لە ناخی منەوە هەڵدەقوڵێت) ئاکارو کردارێکی ڕاستەقینەیە، ڕێز لێنانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە چیتر (من) نەبێت و ئەوەی کە دەمێنێتەوە تەنها خودا بێت و بەس، گوشراوی پاڕانەوەو دوعاکان ئەمەیە:(خودایە لەگەڵم بە) و تەنها ئەو دەمەی کە ئەم دۆعایە گیرا دەبێت ئێمە ئامادەبوونی خواوەند لە خۆماندا هەستپێدەکەین، بەڕاستی خۆشحاڵ و شادومان دەبین، بە بێ بوونی خواوەند واتە بوون لە ناخۆشی و لە نارەحەتیدا، کەواتە هاورێبن لەگەڵ خواوەندا یان مۆڵەتی ئەوە بدەن کە خودا لەگەڵتانبێت، بەم شێوەیە لە دەوروبەری خۆتاندا هسەتێك دەخولقێنن، بەڵام ئەگەر خودا لەبەر چاو نەکەن یان نکۆڵی و ئینکاری بکەن، لە دەوروبەرتاندا جەهەنەمێك دروستدەکەن،(بەهەشت) واتە ئەو ساتەی کە ئێمە هەستدەکەین کە خودا لەگەڵماندایە و (جەهەنەم) واتە ئەودەمەی کە هەستدەکەین کە زۆر تەنیاین و کەسمان لەگەڵ نیە. جەهەنەم واتە بوونەوەر لەگەڵماندا نائاشنایە و ئێمە بە بونەوەر بێگانەین، جەهەنەم واتە ئێمە هیچ جۆرە پەیوەندیەکمان بە بونەوەرەوە نیە و بونەوەریش هیچ چەشنە پەیوەندیەکی لەگەڵ ئێمەدا نیە، بەڵام کاتێ مرۆڤ هەستدەکات کە درەختەکان، مانگ، ئەستێرەکان، کێوەکان، باڵندەکان و مرۆڤەکانی تر کە هەموویان لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خودان، هاوڕێن لەگەڵی، ئەو دەمەی کە



Scanned by CamScanner

مرۆڤ هەستدەکات کە لەگەڵ بونەوەردا هاوئاهەنگە لە بەهەشتدا دەژی، خۆشحاڵی و شادومانی ئیلاهی جگە لەمە هیچی تر نیە، ئاکارو کردار دوعایەك، پەرەستنێك، داواکاری یە کە بونەوەر تا (لەگەڵمانبێت).

هەتا گەشتکردن ئاستەمترو درێژەدارتر بێت، ئەزمونەکەی نرخدارتر دەبێت، کاتێ گەشتن بەم چەشنە خۆشحاڵی و شادومانی یەکەتان قوڵتردەبێت، تەنها هەڵگرتن باری ڕەنج و ناڕەحەتییەکە شادومانی دەستدەکەوێت، ئەو کەسانەی کە هەردەم بە شوێن خواوەندا دەگەڕێن، بە شوێنیدا دەربەدەرو ئاوارەن، نایدۆزنەوە، بەڵام ئەوانەی کە لە بری گەڕان بە شوێنیدا دەستدەکەن بە ژیان بە پێی ئەوشێوەیەی کە خودا ویستویەتی خودا دەدۆزنەوە، دۆزینەوەی خودا کاتێك مومکین دەبێت کە مرۆڤ بەو جۆرە بژی کە داوایدەکات، نەك بە گەڕان بە شوێنیدا، گەڕان بە شوێنیدا جۆرێکە لە فەلسەفە پەروەری و ئەم فەلسەفەیە هیچ کاتێك پردی پەیوەندی نێوان خواوەندو مرۆڤ نیە، بەڵکو بەربەست و ڕێگرە بۆ بەرقەرار کردنی پەیوەندی، خواناسی و عیرفان دۆخێکە لە مەستی، مەست و سەرخۆش لە بونەوەرو لەوەی کە تیایدایە، عیرفان دۆخێکە کە لەدڵدا ڕوەدات و دڵ چۆنایەتییەکی تایبەتی هەیە، کردارو ئاکار لە پێناوی عیرفاندا پەیوەندی بە مێشکەوە نیە، هاوڕێبوون لەگەڵ

پیردا واتە دڵدانەدەستی مامۆستا، پەیوەندی لەگەڵ پیر واتە پەیوەندیەکە ڕۆحییەو لە دڵەوەیە.

خواوەند هەردەم تازەیە، بونەوەر هەمیشە لاوە چونکە هەردەم لە کاتی ئێستادایە، ناوەڕۆکی سەرەکی تازەیی و لاوێتی (بوونە لە ساتی ئیستادایە). لەم جیهانەدا ژمارەیەکی زۆرکەم لە خەڵکی هەن کە لەکاتی ئێستادا بژین، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، کەسانێکی وەك مەسیح و بوزا... لەو کەسانەن کە بەڕاستی لاو تازەن، لاوێتی ئەوان هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بە تەمەنی فیزیایی ئەوانەوە نیە، تازەیی و لاوێتی ئەوان لەم بۆچونانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەمەڕ بونەوەر هەیانە. لاشەیان لاوە یان پیرە، ئەمە هیچ جۆرە بایەخێکی نیە بەڵام ئەگەر بەئاگابونی ئێوە لە ساتی ئێستا دابنێت ئەوا جۆرێك لە تازەیی و گەنجێتییە بەسەر وجودی ئێوەدا زاڵدەبێت، ئەم تازەییە هاوڕێیە لەگەڵ خۆشحاڵی و شادومانی، ئەمە نوێبوون و ڕێگەیە بەرەو خودا. چەندەها سەدەیە ئەوە فێر دەکرێت کە زەمەن خاوەنی سێ برگەی ڕابردوو ئێستاو داهاتوە لە کاتێکدا کە ئەمە زۆر هەڵەیە چونکە زەمەن تەنها خاوەنی دووبڕگەی ڕابردوو داهاتون و ساتی ئێستا هیچ کاتێك پەیوەندی نیە بە زەمەنەوە. ساتی ئێستا بەشێکە لە نەمری و هەتا هەتایی، داهاتوو ڕابردوو پەیوەندە بەزەوی و ئەو کەسانەوە کەلەسەر زەوین بەڵام ساتی ئێستا



Scanned by CamScanner

پەیوەستە بە ئاسمانەوە، ڕابردوو داهاتوو پەیوەنـدە بـە مێشکەوە بەڵام ساتی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ بەئاگابوون و هۆشیاری، ئایا تـا ئێستا بیرتان لـەوە کردۆتەوە کە وشەی (خواوەند) جگە لـەوەی کە لە ساتی ئێستادا بەکار دەبرێت بۆ هیچ زەمەنێکی تـر بـەکار نابرێت، ناتوانین بڵێین (خواوەند هەبوو)[١] و ناتوانین بڵێین (خوا دەبێت) ، تەنها دەتوانین بڵێین (خوا هەیە)، خودا هەمیشە هەیـە، لە ڕاستیدا خودا واتە (بوون) و (بون) واتە خواوەند، هەردەم لە ساتی ئێستادابن، هەر کاتێـك هەسـتتان کـرد کـە خەریکـە بـۆ ڕابردوو دەگەڕێنەوە، تەنانەت یەك ساتیش نەوەسـتن و یەکسەر پەیوەندیتان لـەگەڵ ڕابردودا بپچڕێنن، هەر کاتێك هەستان کـرد وا خەریکە پیلان دادەڕێژن و خەون بە داهاتووەوە دەبیـنن، هـەر لەو ساتەدا پەیوەندیتان لـەگەڵ داهاتودا بپچڕێنن، هەردەم خۆتان بۆناو ساتی ئێستا بگێڕنەوە و لـەساتی ئێستادا بژین، ئەو ڕۆژە کە مرۆڤ لە کاتی ئێستادا جێگیر ببێـت و چیتر لار نەبێتـەوە بـەلای ڕابردوو یان داهـاتوودا ڕۆژێکـی گـەورە دەبێـت چونکە لـەم ڕۆژەدا مـرۆڤ بـۆ ڕەهەنـدێکی دیکـەی بونـەوەر دەگوازێتـەوە، ڕەهەندی نەمری بونەوەر، ڕەهەندی ئیلاهی بونەوەر.

(هاوەڵی) بەری کۆتایی (ئـەوین)ە، خۆشەویـستی بـەهۆی بوونی ئەو هەست و کەف و کوڵییەی کە هەیەتی، بـە جۆرێـك خەڵکی سەر زەوییـە، بـەڵام هـاوەڵی، خـاوێن و بێ خـەوش و



Scanned by CamScanner

ئاسمانییە، ئەگەر بێتو خۆشەویستی لە ڕێگەدا ناڕاست و دروست پێشبکەوێت دەگۆڕێت بۆ هاوەڵی و هاوڕێیەتی بەڵام ئەگەر بە ڕێگەیەکی هەڵەدا پێشبکەوێت دەبێتە دوژمنی و ڕق و کینە، خۆشەویستی لە ڕاستیدا دووڕیانێکە، ئەگەر هاتوو عاشقی کەسێك بوون لەوانەیە دوو حاڵەت ڕووبدات: یان دەبن بە هاوەڵی گیانی یان سەر ئەنجام خۆشەویستیەکەتان دەبێتە دوژمنایەتی. ئاکامی ملیۆنەها عاشق دوژمنایەتی و ڕ ق و کینەیە، لەبەر ئەوەی ئەوانە نازانن چۆن خۆشەویستەکەیان بکەنە هاوڕێیەتی، گۆڕانی ئەوین و خۆشەویستی بۆ دوژمنایەتی و کینەکارێکی زۆر ئاسانە. لە ڕاستیدا جۆرێکە لە کەوتنە خوارەوەو کەوتنە خوارەوەش هەمیشە ئاسانە، گۆڕینی خۆشەویستی بۆ هاوڕێیەتی و هاوەڵی بەرز بوونەوەو باڵگرتنەوەیە و ئاسمان و بەرەو بەرز ڕۆرشتن هەمیشە گران و سەختە.

چاوچنۆکی، هەستی خاوەندارێتی و هەستی پاشکۆیەتی بە خەڵکی یەوە دەبێ بە تەواوەتی بن بڕ بکرێت، پاکی پاشکۆییەکان دەبێ نەمێنن، هاوڕێتی پێویستی بە گیانبازی گەورە هەیە، ئەگەر هاتوو هەموو ئەم قورساییانە فڕێدران، ئەوین خاوێن و بێ خەوش دەبێت، لەم حاڵەتەدا نەك تەنها ئەوین دەبێتە هۆی هێنانی هاوڕێیەتی بەڵکو دەبێتە هۆی ڕزگاری و سەر بەستیش.



Scanned by CamScanner

دۆستیی دیاردەیەکی پیرۆزە. لە جیهانی ئەمڕۆدا یەکێك لەو شتانەی کە خەریکە نامێنێت هاوڕێتی و دۆستییە، لە ڕاستیدا مرۆڤی مۆدێرن بەناو پێشکەوتوو تواناى هەستپێکردنی هاوڕێتی نیە. هاوڕێتی دیاردەیەکی نەناسراوە بۆی، ئێمە چرۆکەکانی هاوڕێیەتی و دۆستی دەخوێنینەوە بەڵام وا تەسەور دەکەین کە ئەوانە تەنها ئەفسانەن و ڕاست نین، وابیر دەکەینەوە کە ئەم چرۆکانە ناتوانن لە ڕاستیدا ڕوبدەن، چونکە لە ژیانی ئەمڕۆکەدا هەرگیز ڕوویان نەداوە، لە ژیانی ئەمڕۆدا خۆشەویستی سوێربووە، خۆشەویستی تاڵ بووە، خۆشەویستی ژەهراوی بووە، ئێمە لە بیرمان چووەتەوە کە چۆن لە ئەوین و خۆشەویستی شیلەیەکی شیرین دروستبکەین.

پاکیی هەوڵ و تێکۆشانی من بۆ ئەوەیە کە فێر بکەم چۆن ئەویندارى بکەن، چۆن ئەوین خاوێن و بێ خەوشبکەنەوە، خۆشەویستی گەورەترین کانگایە کە هەبوونی بونەوەری تێدایە بەڵام پێویستەکات بپاڵێورێت، ئەگەر بێتو نەیپاڵێوین زۆر ترسناکە، تەنانەت لەوانەیە ببێتە هۆی لەناو بردنیشیان.

ئەگەر ئەوین نەبێت بە گوڵێکی جوان، دەبێتە نەخۆشییەکی زۆر بکوژ و ترسناك. خۆشەویستی وەك باربکردنە بە ئاگر هەر لەبەر ئەوەیە زۆر کەس هەن بڕیاریان داوە کە تەنانەت پێش نەخەنە ناو جیهانی خۆشەویستییەوە، ئەوانە بە

پەیوەندییە جنسییەکان تێر بوون، نەیان هێشتووە ئەم پەیوەندیانە بگاتە ئاستێکی عاشقانە، ئەوانە دەترسن. ئەزمونی تاڵیان هەبووە سەبارەت بە خۆشەویستی لە کاتێکدا ئەگەر بێتو هونەری ئەویندارى بە دروستی هەستپێبکرێت بەو جۆرە نابێت، خۆشەویستی باشترین بابەتە بۆ چاودێریکردن، دەکرێ چاودێری بەسەر ئەویندا بکرێت، چەشەبکرێت و بڕوانن بۆی، ئەگەر بێتو هەرێزەکانی خۆشەویستی بژار بکرێن ئەوەی کە دەمێنێتەوە تەنها گوڵە جوانەکانی، کە پاڵفتەتان کردون و خۆشەویستی گۆڕاوە بۆ دۆستی و هاوڕێیەتی، بەدەستەواژەیەك دەکرێ (ئەوینی پاڵێوراو) بە (هاوڕێتی) ناوزەند بکەین، یان بەدەستەواژەیەکی تر دەکرێ بەجۆرێك (پەرەستن) لە قەڵەم بدرێ، چونکە ئەو کەسەی کە لە هاورێتی گەشتووە دەتوانێت لەگەڵ هەمو بونەوەردا ببێتە هاورێ و هاوەڵ، ئەگەر توانیبێتان لەگەڵ یەکێکدا ببنە هاوەڵ ئەوا هونەری هاوەڵێتان دورەك کردوە و دەتوانن ببنە هاوەڵی بونەوەر، (پەرەستنیش) هیچ نیە جگە لە هەستکردن بە هاوەڵی لەگەڵ بونەوەردا.

خاڵێکی گرنگ و بنەڕەتیتان هەردەم لە یاد بێت، بەهەر شێوەیەك کە لەگەڵ بونەوەردا بجوڵێنەوە و بونەوەریش بەهەمان شێوە، بەڵام هەزاران جار بەهێزتر لەگەڵتاندا دەجوڵێتەوە، ئەگەر لەگەڵ بونەوەردا دۆست و هاوەڵ بن ئەوا بونەوەریش هەزاران



Scanned by CamScanner

جار کاریگەرتر هاورێتان دەبێت، ئەگەر هاتوو دوژمنایەتتان کرد لەگەڵ بونەوەردا ئەوا ئـەویش دەبێتـە دوژمنـی ئێـوە، مێـشکی مرۆڤی ئەمرۆ وا ڕاهاتووە کە دەیەوێت و حـەز دەکـات بەسـەر سروشتدا زاڵ بێت، ئەو سروشتی لـەناوبردوە و لـە ڕاسـتیدا بـەم کارە دەستی کردوە بەلـەناو بردنی خۆی، دەبێ کارێك بکرێت و ڕێچگە چارەیەك بدۆزرێتەوە ئەگینا ئەگەر بەم جۆرە بێـت مـرۆڤ بەرەو نەمان و لـەناو چوون دەڕوات.

ئاکارو کرداری ڕاستەقینە ئەوەیە کە جۆرێك گۆڕانکـاری نوێ لـە مرۆڤی ئەمڕۆدا بەدیبهێنێت بە جۆرێك کە پـڕ بێـت لـە خۆشەویستی، بڕوا پێکردن و هەستی پەرەستن، لـە خۆشەویستیدا بکەونە شادی و سەماو جەژن، چونکە ئەوین دەروازەیەکـە کـە بە ڕووی خواوەنددا دەکرێتەوە، وە تەنها کاتێك دەتوانن درێـژە بە ئەوینداری بدەن کە لـە ئەویندا شادی و جەژن بگێڕن.

نابێت خۆشەویستی وەك بارێکی قورسی لێبێت بۆتـان کـە هەڵگرتنی زەحمەت بێت، پێویستە ئەوین بە شێوەی گـۆرانی یـان گوێهەڵخستن بێت بۆتان، خۆشەویستی هیچ کاتێك جـدی نیـە، خۆشەویستی بە جۆرێك دەرباز بونە لـە دڵـە ڕاوکێو نیگـەرانی، خۆشەویستیجۆرێکە لـە سەر سام بون و واق وڕمان سـەبارەت بە هەموو ئەو جوانیانەی کە دەوری مرۆڤیـان گرتـووە. توانـای هاودەنگ بورن لـەگـەڵ ئـەم جوانیانـەدا عیرفـانی ڕاسـتەقینەیە،

هەموو عارفە ڕاستەقینەکان هەستێکی لەم جۆرەیان هەبووە، عیرفان و پەرەستنی ڕاستەقینە لە دایکبونێکی دوبارەیە کە مرۆڤ وەك کۆرپەیەکی پاك و بێ تاوان دێتە دونیاوە لە پاش ئەم لەدایکبونە مێشك و بشێویەکانی بە تەواوەتی لەناو دەچن وە ئەم دڵە کە بەهەموو توانایەکییەوە دەبێتە حاکمی ناخی ئێوە.

کاتێك کە دڵ دەبێت پادشای ناخی ئێوە، ئەو تامی ڕاستەقینەی خۆشەویستی دەچێژێت و ئەگەر مرۆڤ لە شادومانی و کامەرانیدا بژی ئەم ئەوینە گەشەدەکات (شادمانی) و (ئەوین) یارمەتی ئەفراندنی یەکرتی دەدەن، هەتا عاشق تر بن و خۆشحاڵتر دەبن و هەتا خۆشحاڵتربن خۆشەویستی زیاتر دەچێژن، لە هێمنی و ئۆقرەی خوداوە نزیکتر دەبنەوەو وردە وردە خوایش لێتانەوە نزیکتر دەبێتەوە.

کاتێك کە مرۆڤ عاشقە، زمان لاڵ دەبێت، لەم دۆخەدا تەنها بێدەنگی... توانای قەرار کردنی پەیوەندی هەیە، تامی ڕاستەقینەی بێدەنگی بۆ یەکەم جار دەبێت بە یارمەتی مامۆستایەکی ڕاستەقینە بچێژرێت، لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی ئاشنا بوون بە ڕێبازی کردارو ئاکار بۆ چەشتنی ئەم تامەیە، بوونی مامۆستایەکی ڕاستەقینە شتێك نیە جگە لە بێدەنگی ڕووت، ووتوێژی دەرونی ئەو کوژاوەتەوە، هیچ بێدەنگییەکی زیادە نیە لە دەرونی ئەودا، ئەگەر نەتانتوانیوە لەگەڵ ئەودا بێدەنگ و هێمن بن، لەوانەیە ئەم کارە لە سەرەتادا سەخت



Scanned by CamScanner

بێت، بڕوای پێبکەن، خۆشتان بوێت وە لەم پێناوەدا بە پێی پێویست هەوڵبدەن.

شتێك لە بێدەنگییەکەی ئەوەوە دەڕژێتە ناخی ئێوە، ئەم بێدەنگییە هەروەك لافاوێك بەگەڕ دەکەوێت و هەموو زیادەو شەخەڵەکان لەگەڵ خۆی دەبات، تەنیا لە ڕێگەی بێدەنگییەوە ڕاستی هەستپێدەکرێت، تەنها لە ڕێگەی بێدەنگییەوەیە گوێمان بۆ یەکەمجار دەبیستێت، چاوەکانمان بۆ یەکەمجار دەبینن و بە ئاگا دێینەوە. ئەو کاتە دەزانین چ سودێکی گەورەمان لە کیس چووە، هەموو ساتێك زۆر بە نرخە و پڕە لە خۆشحاڵی، بەلام ئێمە هەردەم ئەوەکانی لە بەفیڕۆدانی ئەم ساتانەدا، چونکە هەستیاری پیویستامن بۆ هەستپێکردنی ئەو سودەی کە خۆی لەم ساتانەدا حەشار داوە نیە، کانییە تەنها بە بێدەنگی و هەستیاری و کراوە بوون و لە خۆگرتن دەتوانین ئەم توانایییە لە خۆماندا بەدیبکەین، پەرستنی ڕاستەقینە، بێدەنگییەکە، کە مرۆڤ بتوانێت تێیدا گوێ ڤ خواوەند ڕابدێرێ.

مرۆڤ نابێت بەوەی کە هەیە ڕەزامەند بێت، تەنها لەم حاڵەتەدایە کە ئەگەری پێشکەوتن هەیە، ئەگەر بێتو ئێمە بەوەی کە ئێستا هەین ڕازی و خۆشحاڵبین ئیتر ناگەڕێین بە شوێن ناوەڕۆکی ڕاستەقینەماندا،(گەڕان بە شوێن ناوەڕۆکی ڕاستەقینە) تەنها کارێك کە لە ژیاندا ئەنجامدانی بە بایەخە و جێبەجێ کردنی هەر فرمانێکی تر بە بەراورد کردن لەگەڵیدا بێ نرخە، تا

ئەو کاتەی کە نەزانن ناوەڕۆکی سەرەکیتان چیە، ژیانی خۆتان بەفیڕۆداوە.

ئەوین دیاردەیەکەی چەند ڕەهەندییە، خۆشەویستی وەك پەلکە زێڕینەیە، تەنها ئەو کاتەی کە مرۆڤ لە ڕەهەندە جۆراو جۆرەکانیدا لە نزمترینیەوە تاوەکو بەرزترین بژی، ئامادەو تەیارە بۆ ئەوەی کە خواوەندی چاو پێبکەوێت لە ناخی خۆیدا، لە ڕاستیدا ئاگری خۆشەویستییەکە مرۆڤ تەیارو ئامادە دەکات بۆ ئەم چاو پێکەوتنە. پێویستە مرۆڤ ئێشە و چێژ وەرگرتنەکان و شەوو ڕۆژو هەمو کێشەو شادومانی یە جۆراو جۆرەکان کە هاوڕێن لەگەڵ ئەوین لە خۆبگرێت و وەریان بگرێت، هیچ کاتێك لە دەربڕینی خۆشەوستی پێشگری نەکەن، خۆشەویستی گەورەترین ئەزموونی بونەوەرە، تەنانەت ئەگەر ئازار بەخشیش بێت چ جای ئەوەی کە شادی خولقێن و شادی هێنەر بێت.

مرۆڤی ئاسایی تۆوێك زیاتر نیە، ئەم تۆوە نەفسی هەیە، نەفس توێکڵێکی ئەستوری هەیە، بەڵام ناواخنەکەی نەرم و نیانە بە جۆرێکی خۆڕسکی، توێکڵی ئەستور بۆ پارێزگاری ئەم ناواخنە ناسکە پێویستە بەڵام ئەگەر ئەم پارێزگاریکردنە لە ڕادەبەدەر بێت گیروگرفت دێنێتە کایەوە، کاتێك کە ساتەوەختێکی بۆ هاتە پێشەوە دەبێ ئەو توێکڵە ئەستورە بشکێنرێت، بەڵام ئەگەر لە بەرامبەر شکاندنەکەدا هەر جۆرە بەرهەڵستییەك بێتە ئاراوە ئەوا توشی کێشە دەبین، ئەگەر بێتو تۆوەکە بە شێوەیەکی تێروتەواو ئامادەی خۆسپاردن نەبێت

بەخۆڵ، ئەگەر تۆوەکە بۆ ئەسپەردەکردن و دیارنەمانی لەناو خۆڵدا ئامادە نەبێت، ئەوا توێکڵەکە دەبێتە دوژمن، ئەمە ئەو گیرگرفتەیە کە لە دونیای ئەمڕۆدا ڕوویداوە، نەفس خۆی لە خۆیدا هیچ کێشەیەکی نیە، لەبەر ئەوەی کە تا ڕادەیەك دەوری پارێزەرێك دەبینێت، بەڵام بونی نەفس بەدەر لەم ڕۆڵە مەترسیدارە و دەبێ لێی دەرباز بین، کردارو ئاکاری ڕاستەقینە فرێدانی ئەم توێکڵی (نەفسە)یە لە کاتێکی لەباردا، کاتێك کە نەفس لەناو دەچێت لە ڕاستیدا تۆوەکە مردوەو ئەم مەرگەی تۆو لە خۆڵدا هاوکاتە لەگەڵ لە دایکبونێکی نوێ، کەوتنە سەر ڕێبازی عیرفان لە دایکبونێکی دوبارەیە، ڕابردوو دەبێ بە شێوەیەك لە بیر بچیتەوە، هەروەکو ئەوەیکە هیچ پەیوەندی بە ئێوەوە نەبووبێت، وەکو ئەوەی کە ئێوە بابەتەکانی ڕابردوی خۆتان لە ڕۆمانێکدا خوێندوەتەوە یان لە فلمێکدا بینیوتانە، سەر لە نوێ و زۆر تەواو ترو جوانتر دەستپێبکەنەوە، هەموو بارەکانی ڕابردوتان بخەنە زەوی، بەم شێوەیە ژیان چێژێکی نوێ ی دەبێت.

وە ڕۆژێك، ئەو کاتەی کە زەمەنی لەبار بێتە پێش مرۆڤ لە نێوان هەزارەها گوڵی تردا دەپشکوێت، ئەم پشکوانە لوتف و میهرەبانییە، ئەم پشکوانە گەشتن بە بارەگای کۆتاییە، هەرگیز پێش ئەوە پشو نەدەن و بەر لەوە لە خۆتان ڕەزامەند مەبن، جۆرێك (ڕەزامەند نەبوونی پیرۆز) کە مێشکی ئەمڕۆکەو



Scanned by CamScanner

پێشکەوتوو پێویستی پێیەتی، مێشکی ئەمڕۆ لە شمەك و مادیات نارازییە، لە شتانێکی وەك ئۆتۆمبیل و خانوو کەرەستەو پێداویستی ناوماڵ، هەموو ساتێك مۆدێلێکی نوێی دەوێت و هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە مرۆڤی ئەمڕۆ دەستی کردوە بە کۆکردنەوەی کەرەستەو ئامارازی جۆر بە جۆر، لە هەمان کاتدا ئەم مێشکە مۆدێرنە بە هەڵە لە ناخی خۆی ڕازییە و لەبەر ئەوەی کە هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی پیرۆزی بۆ دەستەبەر ناکرێت، لە سەردەمە کۆنەکاندا هەموو شتێك بە پێچەوانەوە بوو، مرۆوڤەکان لە کەرەستەو شمەکە جۆراو جۆرەکان ڕازی بوون، بەڵام لە خودی خۆیان خۆشحاڵ نەبوون، هەر لەبەر ئەوەیە ئیمکانی لە دایکبوونی بوزاییەکان و مەسیحیەکان و کریشناکان [15] لە ڕابردوودا زیاتر بوو، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەم مەسەلەیە زۆر دەگمەنە، ئەمڕۆ کە وا دێتە پێش چاو کە ئەم مەسەلانە تەنها ئەفسانەو چیرۆك بوون و ڕاستەقینە نین، بەڵام ئەم مرۆڤانە ڕۆژێك لە سەر ئەم زەویی ژیاون. بە ئاگا بوون و هۆشیاریان گەشتبویە قۆناغی گەشانەوەو چرۆکردن.

هەموومرۆڤێك وەك (گەرا) یە. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە مرۆڤ لە بیری چووەتەوە قۆناغی (گەرا) بوون تەنها قۆناغێکە لە ڕێگەی گەشەو بەرو بوونەوەدا پێیدا تێدەپەڕێت، وە مەبەست

---

15 کریشنا: زاناو فەیلەسوفێکی گەورەی هیندە کە مروە.

نیە، مرۆڤ نابێت لەم قۆناغەدا بمێنێتەوەو پێوە بلکێت، بەڵکو دەبێ لەوەش زیاتر بڕوات، چونکە ژیان شتی جوانترو زیاتریشی تێدایە.

لە ڕاستیدا ژیان کانگای خشڵی زۆرە کە دەکرێ هی ئێوە بێت.

کاتێك کە لەگەڵ گەراکاندا سەبارەت بە پەپولە بوون دەدوێیت ئەوان بڕوات پێناکەن، ئەوان ناتوانن باوەڕ بکەن کە دەفڕن، وە ئەمە زۆر سروشتییە چونکە بۆ فڕین باڵ پێویستە، ئەمە لە کاتێکدایە کە گەراکان هیچ باڵێکیان نیە، ئەوان تەنها دەتوانن بڕوا بە پەپولەیەك بکەن کە پێیان بڵێت: (منیش پێشتر وەك ئێوە بووم، من بە تەواوەتی لە ئێوە تێدەگەم و دەرکتان دەکەم چونکە ڕۆژێکیش بوو کە منیش وەك ئێوە بیرم دەکردەوە. منیش وا بیرم دەکردەوە کە چۆن دەکرێ بە بێ باڵ بفرم؟ بەڵام باڵەکان دەتوانن لەسەر لاشەی ئێوە بڕوێن، ئێوە دەتوانن لەم شێوەیەوە بگۆڕێن، لە شێوەی پەپولەیەکدا سەر لە نوێ لە دایکبینەوە، ئەم بابەتە بۆ من ڕوویداوە) تەنانەت لەم حاڵەتەدا گەراکان بە گومان و دوو دڵییەوە گوێ لە ووتەکانی پەپولە دەگرن، ئەگەر یەکێك لە گەراکان بیتوانیایە بڕوا بە قسەکانی پەپولە بکات هەموو شتێك لەسەر خۆی دەگۆڕا، بەم شێوەیە ئاوات و هیوایەکی گەورە لە دەورنی گەراکەدا



Scanned by CamScanner

دەنەخشا، چونکە ئیستا دەتوانێت بەدەربێت لەو شتەی کە ئێستا هەیە.

فردریك نیچە ووتویەتی (گەورەترین داخە بۆ مرۆڤ لە بیری بچێتەوە کە دەتوانێت بەدەر لە خۆی گەشە بکات و پێبگات) مرۆڤ خۆی ئامانج نیە، بەڵکو پردێکە کە دەبێت لێیەوە بپەڕێتەوە، مرۆڤ کاتێك بەڕاستی مرۆڤە کە گەشت بکات بۆ دەرەوەی خۆی، مرۆڤ بزاوتێکە بەدەرە لە جیهانی سەرو مرۆڤ گەشتێکی پیرۆز و ڕۆحانییە.

شادومانی و سەربەستی دوو ڕوانینی جۆراو جۆرن لە دیاردەیەك، هیچ کاتێك لە یەکتر جیا نین، لە ڕاستیدا ئەوان ناتوانن لە یەکتر جیاببنەوە، ئەگەر ئێوە تامی شادومانیتان چەشتبێت بە دڵنیایی یەوە تامی سەربەستیشتان چەشتووە، وە ئەگەر تامی سەربەستیشتان چەشتبێت ئەوا بە تەئکید تامی خۆشحاڵیشتان چەشتوە، مرۆڤ سەربەستە کە بە شوێن هەر کام لەوانە کە ئارەزووی لێیەتی بڕوات و ئەویتریان خۆی لە خۆیەوە بە شوێنیدا دێت، هەر لە ئێستا وە خۆشحاڵ و شادومان بن، ئامادە بوون و هۆشیاریتان پەرەپێبدەن، هەوڵ بدەن قوڵترو قوڵتر بچنە ناو گوێهەڵخستن و مۆسیقاو گۆرانی و خۆشەویستییەوە، سەبارەت بە بونەوەر هەڵس و کەوتێکی هەستیار ترتان هەبێت و بەم شێوەیە شادومانتر دەبن، وە زۆر سەرسام دەبن چونکە لە

پاش ئەم خۆشی و شادومانییەوە جیهانێك لە سەربەستی و ڕزگاری دەردەکەوێت، ئێوە دەستدەکەن بە دەرهێنانی باڵ و هەموو پانتایی ئاسمان لە ژێر دەستتاندا دەبێت و هەستدەکەن کە ئیتر هیچ مەرزو سنورێك نیە بۆتان. یان دەتوانن بەسەربەستبوون دەستپێبکەن... لەم حاڵەتەدا ئەگەر هەستتان کرد کە شتێك دەست و پێ دەگرێ وازی لێبهێنن، لەم پێناوەدا مرۆڤ دەبێ وریا و چاو کراوە بێت و ئاگای لێبێت کە پەیوەست نەبێت بەشتێکەوەو شتێکی پێوە نەلکێت، ئەگینا دەست و پێی دەبەسترێتەوە، ڕێگەی شادومانی و خۆشحاڵی ڕێگەی سەرمەستی و وروژانە، دەتوانن لەم پێناوەدا خۆتان لە بیر بەرنەوە و بە تەواوەتی لە خۆشی ئەم ڕێیەدا نغرۆ بن، وە لەم بارودۆخەدایەکە (نەفس) لەناو دەچێت، بەڵام ڕێگەی سەربەستی، ڕێگەی وریایی و بە ئاگا بوونەوە بەم وریاییەو بە ئاگابوونەیەکە لەم ڕێگەیەدا نەفس لەناو دەچێت.

لە کاتێکدا کە ناوەڕۆکی ئێوە بە جۆرێکە بە ئاسانی تەسلیم و لەخۆگربن، هەنگاو بنێنە ناو ڕێبازی خۆشی و شادومانی و خۆشەویستیەو ڕێزەوە، ئەگەر تەسلیم بوون نارەحەتە بۆتان دەتوانن پەیڕەوی ڕێبازی بەئاگا بوون و ڕوانین و چاودێریکردن بکەن، بەڵام ئەوە بزانن کە جیاوازی نیە لە هەر کام لەم ڕێگەیانە ببڕن، چونکە ئاکام و ئەنجام وەك و یەکە. ئێوە سەربەستی و خۆشیتان دەستدەکەوێت.

هەر کاتێك گەشتنە لوتکە ئەوا خۆشی و سەربەستی هەردوکیان چاوەڕوانتان دەبن، جیاوازی تەنها لە ڕێگەکەدایە بەڵام مەبەست و ئامانج یەکێکە ئەویش خۆشی / سەربەستییە.

مرۆڤ کاتێك بە ڕاستی زیندووە کە خۆشەویستی لە ناخیدا بڵێسە بدات، ژیانی مرۆڤ لە ڕاستیدا گوڕو تینی دڵێتی، ئەگینا ژیانی ساردو بێ گیان دەبێت، ژیانی ساردو بێ گیان لە ڕاستیدا کەی ژیانە، بەڵکو مردنێکی لەسەر خۆیە، مرۆڤ دەبێ هەوڵبدات کە بە سۆزو ئەوینەوە بە جۆرێکی تێرو تەواو بژی، چونە ناو ڕێبازی ئاکارو کردار واتە چونە ناو ڕێبازی خواستنەوە. خواستن واتە تەیارو لەخۆگرتن و فڕێدانی هەموو جۆرە بەرهەڵستی و کۆسپێك بۆ وەرگرتنی میهرەبانی و کەرەمی (مامۆستا). خواستن واتە تەسلیم بوون و سیقەو بڕوای تەواو بە مامۆستا، تا ئەو ڕادەیەی کە تەنانەت ئەگەر بڕیاریدا بۆ کوشتنی ئێوە، بە تەواوەتی ئامادە بن، ئەگەر سیقەی تەواوتان هەبوو بە مامۆستا ئەوا سەر لە نوێ بەناونیشانێکی تازە وە لە دایکدەبن.

خوازیاری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە ئەگەر هاتوو مامۆستاکەی مەرگی خەڵات کرد بە سوپاس و پێزانینەوە وەریبگرێت. بەم شێوەیە ژیانێکی هەتا هەتایی لەپاش ئەم مەرگەوەیە، سروتن هەردو تاریکی و ڕوناکی تێدا هەیە، خۆشەویستی شەوو ڕۆژ و مردن و ژیانی تێدایە، مرۆڤ دەبێت لە



Scanned by CamScanner

برگەی تاریکییەوە دەستپێبکات، دەستپێك هەمیشە لە تاریکییەوەیە، هەروەك ئەوتۆوەی کە ژیانی خۆی لە تاریکییەوە دەستپێدەکات، یان منداڵێك کە ژیانی خۆی لە تاریکایی منداڵدانی دایکییەوە دەستپێدەکات، پاکی دەستپێکەکان لە تاریکییەوەیە، چونکە تاریکی یەکێکە لە هۆکارە هەرە پێویستەکان بۆ دەستپێکردنی هەموو جوڵەو بزاوتێك.

دەستپێکی هەموو فرمانێك نهێنی ئامێزە، هەر لەبەر ئەوەیە کە پێویستی بە تاریکییە، هەروەها دەستپێکردنی هەموو فرمانێك زۆر هەستیارو ناسکەو ئەمە یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی پێویست بوون بە تاریکی، تاریکی خاوەن قوڵاییەکی تایبەتەو هەژمونێکی زۆری هەیە بۆ تێرکردنی ئێوە، ڕۆژ هەردەم ئێوە ماندوو شەکەت دەکات، بەڵام کاتی شەو سەر لە نوێ هێز بەدەستدەهێنن و زیندوو دەبنەوە.

کەواتە جوڵەکەی خۆتان لە تاریکییەوە دەستپێبکەن، ئەوەش بزانن کە بەرە بەیانتان لە پێشە، بەڵام ئەگەر لە تارکی بێزار بن و لە دەستی هەڵبێن هیچ کاتێك ڕووناکی ڕۆژتان نابێت، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بە بێ ئەزموونی ڕووناکی تێپەڕ بێت لێی، هەرگیز توانای تەجروبە کردنی ڕۆژی نابێت، مرۆڤ دەبێ بچێتە ناخی تاریکی ڕۆحەوە تا تێپەڕی بکات و بگاتە ڕووناکی گزنگ و بەرەبەیان، سەرتان مردن دەچێژن و پاشان ژیان



Scanned by CamScanner

هەستپێدەکەن، لە ڕێکخستنی ئاسایدا سەرەتا لە دایکبوونە پاشان ژیان، بەڵام لە جیهانی ناوەکی گەشتی و دەرونیدا بابەتەکە بە تەواوەتی پێچەوانەیە، سەرەتا ئەزموونی مەرگتان دەبێت و پاشان چەشەی تامی ژیان دەکەن.

چەندەها سەدەیە کە مرۆڤ سەرقاڵی شەڕو پیکدادانە لەگەڵ خۆی و خەڵکیدا، ئێمە هیچ کاتێك بۆ شەڕو پێکدادان لە دایك نەبوین، بەڵکو ئێمە لێرەداین بۆ ئەوەی یەکترمان خۆشبوێت و سۆزو خۆشەویستی بۆ یەکتر دەربڕین، ئێمە لێرەداین تا ئەوین و هاوڕێتی لە نێوانماندا گەشە بکات و لەگەڵ یەکدا گیانی بە گیانی بین، پێکدادان کردەوەیەکی وێرانکارە و وێرانکردنەکەی نەك هەر خەڵکی دەگرێتەوە بەڵکو یەخەی خۆشتان دەگرێت، چونکە ئەوەی کە بە خەڵکی دەکەن لە سەرەتادا بۆ خۆتان بەڕەوای دەزانن، ئەگەر بتانەوێت خەڵکێکتان خۆشبوێت دەبێ یەکەمجار خۆتان خۆشبوێت و ئەگەر بتانەوێت لە تەك یەکێکدا بە شەڕ بێن، سەرەتا دەبێ لەگەڵ خۆتاندا شەڕ بکەن، ئەم خاڵە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی بونەوەر کە هەر شتێك کە ئێمە لەگەڵ خەڵکدا دەیکەین یەکەمجار بە خۆمانمان کردووە)

توڕەیی کێ بەرکێ، فرەخوازی، وهەمو تایبەتمەندی یە ناپیرۆزەکان لە خۆتان دووربخەنەوە ئەوین تاکە تایبەتمەندی

پیرۆزە، هەوڵبدەن زیاتر چێژ لە خۆشەویستی وەربگرن، مرۆڤی ئەمڕۆ هەوڵی بێ کەڵك دەدات، هۆی سەر نەکەوتنی ئێمە ئەوەیە کە زیاد لە حەد هەڵپەدەدەین، هەندێ شت هەیە کە لە کاتی هەوڵدانـدا ڕوودەدەن، هەنـدێ کاروبـار هـەن کـە تـەنها بەهۆی سۆزو بەزەیی پەروەردگار لە ژیانی مرۆڤـدا دێنـە پێش، ئێمە ناتوانین ئەوانە بپچڕین یان بەدەستیان بهێـنین، بـەڵکو تـەنها دەبێ بۆ بەدەستهێنانیان تەیارو ئامادە بین، ئەمە بەرزترین هونـەرە کە مرۆڤ دەتوانێ فێری ببێت، لەبەر ئەوەی کە هەر شتێك کە لە ژیانـدا بایەخـدارو گـرنگ بێـت لــە شـێوەی سـۆزو بەزەیـدا پەروەردگار دا بەسەر مرۆڤ دەیبارێنێت، ئەوین و چاودێریکردن و خۆشی و شادومانی هەر هەموویان بە شێوەی بەزەیی و ڕەحمـەتی خـوا بـۆ سـەر مرۆڤـدا دێتـە خـوارەوە، بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەم چۆنایەتیانە تاکە کارێك کە پێویستە بیکـەن ئەوەیـە کـە لەبـەر دەست، ئامادەو لەخۆگربین، پاکیی دەرگاکانی دڵتان بکەنـەوەو بەخێر هاتنی خواوەند بکەن، (کاتێك میواندار ئامادەیی پێشوازی و ڕاگرتنی میوانبێت میوان لەخۆیەوە دێت).

مرۆڤی ئەمڕۆ بۆ قبوڵکردن کێشەو گرفتی هەیـە، چـونکە ئێمە فێر بووین کە خۆمان پـێ قوبـوڵ نـەبێ، هـیچ منـداڵێکمان لەبەر خۆی خۆش ناوێت، هەر لەبەر ئەوەیـە کـە منـداڵ فێـری ئەوە دەبێت (هەر بەو شێوەیەی کە هەیە قوبوڵ ناکرێت لە لایەن

خەڵکییەوە، دەبێ کارێك بکەم تا کەسانی دی منیان پێ قبوڵبێت، دەبێ فلاَن ئیش بکەم و فلاَن ئیش نەکەم تا خەڵکی منیان پێ باش بێت، چونکە ئەگەر بە ڕاستی خودی خۆم بم ئەوا کەسێك منی خۆشناوێت).

ڕۆح و گیانی هەموو منداڵێك بەم چەشنە ژەهراوی دەبێت. یەکەمین هەنگاو بۆ ڕزگار بوون لەهەر کێشەیە ئاگاداری پەیدا کردنە سەبارەت بەو. کاتێك مرۆڤ لەبەر ئەوەی کە بە ڕاستی هەیە جێگەی سۆزو خۆشویستن بێت، کیشەی(قوبوڵنەکردن) خۆی لە خۆیەوە لە ناو دەچێت، بونی هەمو کەسێك تەنها بە خودی خۆیەوە شیرو خوێن جوان نیە.

مرۆڤ بۆ ئەوەی فێری ئەوە بێت کە چن دڵەکانی خۆی خۆش بوێت دەبێ سەرەتا فیری ئەوە بێت کە چۆن خۆی پێ قوبوڵ بێت، کەسێك کە لەگەڵ خۆیدا ڕێك نەکەوتووە چۆن دەتوانێت لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ڕێك بکەوێت، ئەم بیر کردنەوە کە (من گەورەم) یان (من بۆ خۆم کەسێکی تایبەتم) گێلانە ترین بیرکردنەوەیە کە هەموو کەس دەتوانێ ببێت، وە تەقریبەت هەمووان پێوەی دەناڵێنن، لەوانەیە مرۆڤ بەدەم ئەو بیرکردنەوانە باسبکات، بە خەستی لە قوڵایی ناخیدا هەڵیان بگرێت، نەفس بەم شێوەیە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیەو دەژی و ڕیشك دادەکوتێت.



Scanned by CamScanner

بە تەواوەتی کراوە، بەتاڵ و خاڵی و (هیچ کەس) یێک بن، بەم شێوەیە ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش ڕوودەدات بۆتان وە لە بۆشایی ناخدا ئەوین و شادومانی دەستدەکەن بە گەڕ کەوتن، مرۆڤ دەبێ گەردیلە گەردیلە دیار نەمێنێت و شتێکی لێ نەمێنێتەوە، تا پەروەردگار لە ناخیدا دەربکەوێت.

مێشکی مرۆڤ لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکی قوڵدا دەستدەکات بە ترسان، مێشکی هەرگیز لە شتە لاوەکی و دەستکردەکان ناترسێت، چونکە دەتوانێت دەرەقەتی ئەم ڕووداوە لاوەکیانە بێت، بەڵام سەبارەت بە ڕووداوە قوڵەکان زۆر بێ تواناو لاوازە، لە ڕاستیدا مێشك مافی خۆیەتی، چونکە بزاوتن بەرەو دڵ و ئاوڕدانەوە لێی بە واتای مەرگی مێشکە.

کاتێك کە دڵ دەستدەکات بە زیندوو بوونەوە، مێشك دەژاکێت و هێدی هێدی دەمرێت، هەرکاتێك کە مرۆڤ ڕاستی ناخی خۆیی بۆ دەربکەوێت پاکی ئەو شتانەی کە دەستکردو ناڕاستەقینەن دەستدەکەن بەلەناو چوون، کاتێك کە مرۆڤ ڕوومەتی ڕاستەقینەی خۆی بناسێت، پاکی دەمامکەکانی دەکەون، لەم کاتەدا دەمامکەکان دەترسن چونکە بۆ ماوەیەکی زۆرە دەستەلاتیان لە دەستدابوو ئەو کەسە لە ژێر ڕکێفیاندا بووە.

کەواتە هەر کاتێك پەرستگەرێك بسڵەمێتەوە لە مامۆستاکەی، ئەوە نیشانەیەکی باشە. هەموو مرۆڤێك هەڵگری (بەئاگابونێکی مەسیح ئاسا)[1]یە، پاکی مرۆڤ هەڵگری ئەم بەئاگا بوونەن لە ناخی خۆیاندا، تەنها دەبێت بیهێننە پێگەی دەربڕینەوە، ئەم بە ئاگابوونە زێڕێکی داشاردراوەکە لە پاش هەندێك گەڕان و پشکنین دەکرێ بیدۆزینەوە.

ئەو دەمەی کە مرۆڤ ئەم چەشنە بە ئاگابوونە بدۆزێتەوە لەناخی خۆیدا، لە ڕاستیدا خواوەندی دۆزیوەتەوە، چونکە ئەم بە ئاگابوونە پردێکە لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاردا، (بەئاگا بونی مەسیح ئاسا) نیشانەیەکە لە ڕۆحێکی بێدارو هۆشیار، ئەم بە ئاگابوونە کت و مت هاو واتای (بوزا) یە، چونکە (بوزا) ش بە واتا کەسێکی بێدارو هۆشیار دێت.

خۆشەویستی وەك و تیرێك دەچەقێتە دڵی ئینسانەوە، لە ڕاستیدا ئەوین دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە ئەوەی کە هەیە بمرێت و لەدایکبونێکی نوێ هەستپێبکات، سەر لە نوێ لە دایکبوونەوە کاتێك ڕوودەدات کە هەموو ئەو شتانەی کە کۆن بوون بمرن و لەناو بچن، لە دایکبوون هەمیشە لە پاش مەرگ ڕوودەدات، هەستانەوە (قیامەت) هەمیشە لە پاش لەخاچدران دێتە پێش، خۆشەویستی موعجیزەیەکە، کە دەمرێنێت و زیندو دەکاتەوە، ئەوین هەم ژەهراوەو هەم خۆشاو، ئەوین گەورەترین دژ یەکبونێکە لە بونەوەردا کە بوونی هەیە.



Scanned by CamScanner

خۆشەویستی هەموو دژیەکەکان لە خۆدەگرێت، لە ڕاستیدا خۆشەویستی هیچ نیە جگە لە بەیەك گەشتنی ئەم دژیەکانە، تاریکی و ڕۆشنایی یەکدەگرن تێیدا، چونکە ژیان و مردن یەکدەگرن تێیدا.

مرۆڤ، تاك و توانایە، دەتوانێت (شادومانی) بۆ خۆی بخوڵقێنێت، ئەم ناتوانێت شادومانی و کامەرانی بەرێتە ناو ژیانییەوە. (شادومانی) دروستکراوی دەستی مرۆڤە، هەر لەبەر ئەوەیە کە ناجێگیرو کاتییە. ئەو شتانەی کە مرۆڤ دروستی دەکات هەر هەموویان کاتی و تێپەڕبوون، مرۆڤ خۆی گیانلەبەرێکە کە دەمرێت، هەر بۆیە ناشتوانێت دیاردەیەك بخوڵقێنیت کە نەمرێت.هەر شتێك کە ناجێگیر بێت ناتوانێت جێگەی ڕەزامەندی بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی ناڕەزامەندیتان، چونکە هەرکە تۆزێکتان لێ چەشت لەناو دەچێت، خۆ ئەگەر هەر تامتان نەکردایە باشتر بوو، مرۆڤ لە ژیانیدا خۆشی دەخوڵقێنێت و هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەم خۆشییە پەژارە دێت، پەژارەو خۆشی هەردوکیان دروستکراوی دەستی مرۆڤن. ئەگەر خۆشییەك نەبێت ئەوا پەژارەو خەمێکیش نابێت، لەوانەیە لە ژێر بێژییەوە دووربێت بەڵام مرۆڤە هەژارەکان کەمتر لە مرۆڤە بە سامان و دەوڵەمەندەکان تووشی پەژارەو خەمۆکی دەبن، مرۆڤە خاوەن سامانەکان بە چاکی تامی خۆشەویستی

دەناسن و دەزانن کە فەرحانەو خۆشی ڕۆژێك دێت و ڕۆژێکیش دەڕوات، کت و مت وەکو هەورە بروسکە کە لە پاش ڕووناکییە سەر سوڕهێنەر بەڵام کورتەکەی، تاریکی دێنە بەر چاو.

هەژارەکان هەرگیز تامی خۆشی ناچێژن بۆیە زۆر خەمبار نابن، ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژئاوای پێشکەوتووە وە گەشت بۆ وولاتانی جیهانی سێهەم دەکەن، کاتێك کە دەبینن لەم وولاتانەدا هەژارەکان لە ژیانی خۆیان ڕازین و زۆر پێیان خۆشەو بە هیچ جۆرێك خەمبارو کەسەر نین، واقیان وڕدەمێنێت، لەولاتە هەژارەکاندا خەڵکان شتێکیان نیە تا پێ ی شادومان بن وە هەر لەبەر ئەوەیە کە ژیانیان پێ قوبوڵە هەر بەو شێوەیەی کە هەیە.

وە ئەم ژیانە هەژارانە تەنها جۆرێکە لە ژیان کە ئەوان ئاشنان لەگەڵی، ئەوان بەم جۆرە ژیان ڕاهاتون و لەگەڵیدا خۆیان ڕێکخستووە، ئەوانە ساڵە های ساڵا لە برسێتی و هەژارو نەخۆشیدا ژیاون، لە کاتێکدا کە، کەسێك باش دەزانیت خۆشی چییە و چەشتویەتی بە بینینی هەژارەکان دڵگران دەبێت.

(خۆشی و پەژارە) دروستکراوی مرۆڤ خۆیەتی بەڵام (شادومانی و کامەرانی) دروستکراوی مرۆڤ نین، خۆشی لە بەرامبەریدا پەژارە هەیە، شکست لە ڕوویدا خۆشحاڵی، بێدەنگی لە بەرامبەریدا ژاوەژاو هەیەو ژیان لە بەرامبەری خۆیدا



Scanned by CamScanner

مەرگ دەبینی بەلام شادومانی و کامەرانی هیچیان لە بەرامبەردا نیە، شادومانی و کامەرانی بە شێوەی خەلاتێك دێن و مرۆڤ دەبێ بزانێت کە چۆن کراوەو لە خۆگر بێت و میوانداری پەروەردگار بێت، کاتێك کە ئێوە بە بێ ترس و سەڵەمینەوە تەیارو لە خۆگر بن، شادومانی و کامەرانی لە بەردەستاندا دەبێت.

هەر شتێك ببێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ ژیانی خۆی نەفی بکات یان سەر کوتی ئارەزووە سروشتی و ژیرانەکانی خۆی بکات خراپ و وێرانکەرە و مرۆڤ خودی خۆی تاوانبار دەکات و هەر ئەم مەسەلە دەبێتە هۆی لەناوچوونی شکۆی مرۆڤایەتی، هەر ئەم مەسەلە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم گۆی زەوییە بگۆڕێت بۆ جێگایەکی ساردو بێ گیان و خەمبار، ئەو کەسانەی کە دەتوانن لەگەڵ (نە )دا بژین لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆشن، مرۆڤی تەندروست کەسێکە کە لەگەڵ (بەڵێ)[١٦] دا دەژی، ئەو پێویستی بەم بۆشاییە هەیە کە (بەڵێ) دەیخولقێنێت تا پێشکوێ تیدا، پاکی ئامانج و مەبەستی منیش لە (باش ژیان) هەر ئەمەیە، بە ژیان و بەخۆتان (بەڵێ) بڵێین بە بێ هەر جۆرە ترس و سلەمینەوەیەك سەربەستی و ڕزگاری بژین بەم جۆرەیەکە گەشە دەکەن.

---

١٦ لە جێگەیەکی تردا نوسەر دەریبڕیوە کە مرۆڤ دەتوانێت (نە) ناچار بکات تا لە خزمەتی (بەڵێ) دا کاربکات.



Scanned by CamScanner

خواوەند تەنها دەبێتە میوانی کەسێك کە بۆ هەموو بونەوەر (بەڵێ) ی کردبێت، ووشەی (بەڵی) دەروازەیەکە بۆ پەرستگەی ڕاستەقینەی پەروەردگار دەکرێتەوە.

سالاَنێکی یەك لە دوای یەك مرۆڤ سەر قاڵی شەڕ بووە، ئەم پێکدادانانەی کە مرۆڤ سەرقاڵیان بووە دوو جۆرن: جۆری یەکەم ئەو شەڕانەن کە لەجیهانی دەرەوە ڕویانداوە و جۆری دوهەم ئەو پێکدادانان کە لە دەرونی مرۆڤدا ڕوودەدەن، ئەو کەسانەی کە لە جیهانی دەرەوەدا سەر قاڵی شەڕن پێیان دەوترێ (سەرباز) و ئەو کەسانەی کە لە ناخیدا لەگەڵ خۆیاندا دەجەنگن (تاریك دونیا) ناوزەد دەکرێن، هەردوی ئەم دوانە وەك یەکن، لە ڕاستیدا هەردوکیان ئەم دیوو ئە دیوی پارەیەکن. جەخت لەسەر شەڕ و پێکدادان دەکەن و جەنگ و پێکدادانیش بە هەموو شێویەك خاپورکەرە، جیاوازییەکی نیە کە ئەگەر بە شەڕ ببێتە هۆی وێرانکردنی جیهانی دەرەوە و خەڵکانی دیکەیان لە جیهانی دەروندا سەر قاڵی شەڕو پێکدادان بن و ببنە هۆی زیان گەیاندن بە خۆتان، مرۆڤ دەبێ لێهاتوو دروستکەربێت، مرۆڤ دەبێ بگۆڕێت بۆ خۆشەویستی و سۆز، چیتر پێویست بە شەڕ ناکات، جا پێکدادانی ناوەکی بێت یان دەرەکی، مرۆڤ دەبێ فێری ئەوە بێت کە چۆن بە بێ شەڕ بژی.



Scanned by CamScanner

مرۆڤ خاوەن توانایەکی لەبن نەهاتووە، بەڵام بە تەواوەتی لێی بێ ئاگایە، ئەو خاوەن زێڕو خشڵێکی لە بن نەهاتوە بەڵام لێیان بێ خەبەرە، ئێمە لە سەرەتای منداڵییەوە فێر دەبین کە هەموو سەرنج و تێبینیەکمان لە لای جیهانی دەرەوە بێت و و بەم شێوەیە هێدی هێدی لە بیرمان دەچێت کە چۆن بڕوانینە ناخی خۆمان، ئاکارو کردار دەستپێکی ڕوانینە بۆ ناخ، ئاگادار بن کە من تەیاری جیهانی دەرەوە نیم بەڵام تەنها ژیان بەسەر بردن لە جیهانی دەرەوەدا دەبێتە هۆی ژیانێکی بە تەواوەتی بێ ڕۆح و گیانی مادی، تا ئەوکاتەی کە مرۆڤ دەستدەکات بە ڕۆشتنە قوڵایی ناخی خۆیەوە ژیانی نابێتە خاوەن واتا و ڕۆح،لەم حاڵەتەدا ژیانی بە تەواوەتی وشك و بێ گیان دەبێت.

تێڕوانینی دەرونی هیچ کاتێك نابێتە هۆی نەفی کردنی دونیای دەرەوە، بەڵکو ناختان ئەوەندە دونیای ناوەوە دەوڵەمەند دەبێت کە تەنانەت ڕوانینیشتان بۆ جیهانی دەرەوە توشی گۆڕانکاری دەبێت، بەم شێوەیە جیهانی مادی تەنها ماوەنابێت، بەڵکو دەبێتە جێناوێکی پیرۆزو مەعنەوی. لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێ مرۆڤ ڕۆحانییەتی ناخی خۆی بدۆزێتەوە لە پاش ئەوە دەتوانێت کە ڕۆحانییەت بەدەر لە بوونی خۆی و لە هەمور شتێك و هەمو کەسێکدا دەرك بکات، کردارو ئاکار وەرچەخانێکی زۆر گەورەیە، گەشتێکە لە جیهانی دەرەوە بۆ جیهانی ناوەوە. گۆڕانێکی قوڵ لەبەئاگابوون و هۆشیاریدا.

پەروەردگار خۆشەویستی و ڕەحمەتە، ئەوینەکەی بەشێکە لە ڕەحمەتەکەی و ڕەحمەتەکەی بەشێکە لــە خۆشەویستییەکەی، خواوەند هەمیشە خاوەن میهرەبانی و پیت و بەرەکەتــە، سۆزو بەزەیی خواوەند هەموان دەگرێتەوە، ئەو هــەموانی بــە بێ هیچ مەرجێك خۆشدەوێت. ئەمە بە واتای خۆشەویستی ئەوە، ئەگــەر هەست بەم حاڵە بکرێت ژیانی مرۆۋ گۆڕانی بەسەردادێت..

خواوەند ئێوەی بێ قوبوڵــە دەی ئێــوەش دەتــوانن خۆتــان خۆش بوێت، پەروەردگار هــەموو ئێــوەی خــستوەتە نــاو ســۆزو بەزەیی و بەرکەتی خۆیەوە، دەی ئێوەش دەتــوانن خۆتــان بدەنــە بەر بەزەیی و سۆزەوە، ئەوەی کە خواوەنــد ســەبارەت بــە ئێــوە دەیکات خۆشتان دەتوانن بۆ خۆتان ئەنجامی بدەن، بــەم شــێوەیە دەتوانن سەبارەت بە هەموو کەسێکی ترو هەر شتێکی دیکە لەم گێتییەدا بە بەزەیی و میهرەبان بــن... لــەم حاڵەتــەدا نــەك هــەر مرۆڤــەکان بــەڵکو باڵنــدەکان و گیانــداران و درەختــەکان و تەنانەت بەردەکانیشتان خۆشدەوێت وە ئەگەر بێتو ڕووداوێکــی لەم چەشنە ڕوونەدات بۆتان هەرگیز ناتوانن بگەن بە ڕاستی.

تەنها ئەو کاتە پیرۆزی و ڕۆحانییەت شیاوی هەســتپێکردنە کەتامێکتان لێ چەشتبێت.

و هەندێك ڕەنگ و بۆنی پــیرۆزی و ڕۆحانیتــان گرتبێــت، چاوەکانی ئێمــە دەتوانێــت ڕوونــاکی و تیــشك ببینێــت چــونکە

شتێکی لەم ڕەگەزە تێدایە، گوێچکەکانی دەتوانن دەنگە جۆراو جۆرەکان ببیستێت چونکە ئامرازێکی تێدایە کە تایبەتە بە بیستنی دەنگ، تا ئەوکاتەی کە مرۆڤ نەبووەتە ڕۆحانی و پیرۆزی ناتوانێت پیرۆزی و ڕۆحانییەت دەرك بکات، وە ڕیچگەو ڕێبازی بوون بە ڕۆحانیش عاشق بوون و خۆشەویستنی هەموانە.

ژیان لە دۆخی ئاسایدا بەس نیە، دەبێ جەژن بۆ ژیان بگێڕن، تەنها ئەو کەسانە بە ڕاستی دەژین کە هەموو ساتێك لە ساتەکانی ژیانیان دەکەنە جەژن و شادی، هەر کاتێك کە پێی هەڵدەستن بارودۆخێکی جەژنانە و شادیانە دەبێت، هەروەك ئەوەی کە شادی و کامەرانی لە هەموو وجودی ئێوەوە بەگەڕ کەوتبێت، بەم چەشنە بە هێمنی لەگەڵ ئەو جەژنەی کە لە بوونەوەردا لە حاڵەتی ڕوودانداپە هاودەنگ و هاوئاهەنگ دەبن، مەسەلەی بایەخدارو گرنگ لێرەدا تەنها ئەم هاودەنگی و هاو ئاهەنگییەیە.

بەم جۆرە کلیلێکی نهێنی کەشف دەکەن... ئەگەر هەردەم ئەم ڕۆحی جەژن و شادی یە بپارێزن، منی ناختان لەناو دەچێت و بونەوەر لە ڕێگەی ئێوەوە جەژن و شادی دەگێڕێت، لەم حاڵەتەدا نەك جەژن و شادی لە کاتی بێداریدا بەڵکو لە کاتی خەویشدا هەر درێژەی دەبێت و ئەمەیە ئامانجی کۆتایی هەنگاو نانە ناو ڕێبازی کردارو ئاکار.

ئەویش پێویستی بە دڵێکی ئازاو نەترس هەیە، گەورەترین بوێری لە ژیاندا ئەوەیە کە مرۆڤ بوونی خۆی لە خۆشەویستیدا بتاوێنێتەوە، هیچ ئازایەتیەك لە سەروی ئەمەوە نیە، پاکی مرۆڤەکان لە مردن و لەناو چوونی نەفسی خۆیان جارس و بێزارن، چونکە وا دەردەکەوێت کە لەناو چوونی نەفس یەکسانە بە لەناو چوونی مرۆڤ، بەڵام هەرگیز وانیە.

لە ڕاستیدا مردنی نەفس بە جۆرێك هەنگاو هەڵهێنانە بۆ ناو تاریکی و دونیای نەناسراوەکان و لەبەر ئەمە کە پێویستی بە ئازایەتی و بوێری هەیە.

خۆشەویستی گیراوەیەکە بەهۆیەوە دەکرێ نەفس بتاوێنرێتەوە و لەناو ببرێت. کاتێك کە نەفس چیتر بوونی نەبێت، پیرۆزی ڕۆحانییەت خۆی دەردەخات، ڕۆحانییەت کاتێك خۆی نیشاندەدات کە نەفس ووجودی نەبێت.

بڕوا بون و خۆ پێ سپاردن لە خەڵاتە بایەخدارەکانی پەروەردگارن، ئاگاتان لێبێت کە بڕوا بوون و ئیمان جیاوازن لە یەکتر، ئیمانبوون درۆینەو کوێرانەو دەستکردە، کاتێك کە لە بارەی شتێکەوە زیانیاریتان نیە بەڵام بە کوێرانە باوەڕی پێدەکەن بە جۆرێك تووشی خورافات بوون، هۆی سەرەکی ئەم جۆرە ئیمانە ترسە لە مرۆڤدا، لە ڕاستیدا مرۆڤ باوەش دەکات بەم جۆرە ئیمانەدا تا لە ناخەوە هەست بە ئاسایش بکات.



Scanned by CamScanner

بڕوابوون دیاردەیەکی تەواو جیاوازە، سەدو هەشتا پلە پێچەوانەی ئیمانی کوێرانەیە، بڕوابوون جۆرێك ئەزموونە. بڕوابوو کاتێك ڕوودەدات کە بەزەیی خواوەنـد مـرۆڤ بگرێتـەوە، ئەمـە شتێك نیە کە مرۆڤ خۆی بتوانێت بەدیبهێنێت، تەقریبەن سێ سەد جۆر مەزهەب لە گۆی زەویدا هەیە و مرۆڤ دەتوانێت بە کوێرانە باوەڕ بە هەر کامێکیان بکات، بەڵام بـاوەڕ هێنـان تـەنها دەبێتـە هۆی بەفیڕۆ چوونی ژیانی، چونکە هەتا مرۆڤ چاو بەسراوتر باوەڕ بهێنێت، کەمتر دەکەوێتە سوسـوکردن و گـەڕان. مـرۆڤ بـە بـێ گەڕان هەرگیز ناتوانێت بگات بە ڕاستی.

بڕوا بوون لـە پـەروەردگار وەدێـت، تاکـە فرمانێـك کـە پێویستە پێی هەسـتن ئەوەیـە کـە دڵێکـی فـراوان و کراوەتـان هەبێت، باوەڕو ئیمانی کوێرانە داخـراو موتەعەسـبتان دەکـات، ئەومرۆڤانەی بە کوێرانە پەیڕەویدەکەن وەکو ئەو کەسانەی کـە باوەڕیان نیە هیچ وەختێك ناتوانن بە ڕاستی، گوێڕایەڵی کوێرانەو بێ باوەڕی ئامۆزای یەکترن.

خـەڵاتی خواوەنـدی بڕوابـوون ئـەو کەسـانە دەگرێتـەوە کەسادەو دانەخراوو کراوەبن و لـە بەردەستدا بن، بـە تـەواوەتی دانەخراوو کراوە بن، ئامادەی لـەخۆگرتن، ڕۆژێك دەگـات کـە بڕوابـوونێکی دانـسقەو سـەر سـوڕهێن سەرانـسەری بونتـان دەگرێتەوە، بڕوابوون بە بونەوەرو هەموو ئەو شتانەی کە بونیان هەیە، بڕوابوون بنەماو بنچینەی گەشەو بە ئاگابونە.

خۆشەویستی هیچ نیە جگە لە پشکودانی دڵی ئادەمیزاد، وە چرۆکانی دڵی مرۆڤ هەموویان سپین، ڕەنگی سپی لە هەموو ڕەنگەکانی تریشی تێدایە و جوانیەکەشی لەوەدایە سپییە واتای هەر حەوت ڕەنگەکەی پەلکەزێڕینەیە، سپی ڕەنگێکە خاوەن چەندە ڕەهەند، هیچ کام لە ڕەنگە کانی تر تا ئەو ڕادەیە دەوڵەمەندنین، چونکە لەهەر یەك لە ڕەنگەکان، شەش ڕەنگەکەی تر ئامادەنین بەڵام لە ڕەنگی سپیدا هەر حەوت ڕەنگەکە ئامادەن، سپی بە سامترین ڕەنگە بەڵام بۆ هەستپێکردنی پێویستمان بە تێڕوانینێکی تایبەت هەیە، ئەگەر مرۆڤ خاوەن ڕوانینێکی قوڵ بێت تەنانەت دیاردە ئاساییەکانیش بەدیدی ئەو نائاساین، ئەگەر شاعیرێك بڕوانێتە مێرگێکی سادەو ئاسایی، جوانی و ڕازاوەیی ئەم مێرگە دەتوانێت ئەو بخاتە سەماو خۆشییەوە، لە حاڵەتێکدا کە مرۆڤ دۆخێکی شاعیرانەو عارفانەی هەبێت، هەموو دونیایی دەوروبەر بۆ ئەو دەگۆڕێت.

خۆشەویستی ئاسایترین ئەزمونێکە کە لە ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدات، چونکە پاکی ئینسانەکان بە ئەوینەوە لە دایکدەبن، ئەگەر مرۆڤ بتوانێت لەگەڵ خۆشەویستیدا بەرز بێتەوەەو سەرکەوێت ، دانسقەترین و نائاساییترین ڕوداو لە ژیانیدا ڕوودەدات، کاتێك کە خۆشەویستی ڕاستەقینە لە دڵی مرۆڤدا دەربکەوێت، سۆزی ئیلاهی خۆی لە خۆیەوە دەیگرێتەوە، ئەو



Scanned by CamScanner

مرۆڤەی کە بۆنی بە ئەوینەوە نەکردوە وشك و بێ گیان و ڕۆحە. مرۆڤی عاشق هەردەم تریفەو خەرمانەیەکی لە خۆشی و شادومانی و هێمنی لە دەوری خۆی خڕ کردۆتەوە.

مێشك کوێرو کەڕە، لە کاتێکدا دڵ بە پێچەوانەوەیە، دڵ بە تەواوەتی بیسەرو بینەر و تەنانەت توانای دەرکی ئەو دیاردانەی هەیە کە بە چاوی دەرەوە نابینرێن و ئەو دەنگانەش کە بە گوێی ڕواڵەت نابیستڕێن، بونەوەر پڕە لەو دیاردانەی کە بۆ هەستپێکردن و دەرك کردنیان پێویستمان بەدڵ هەیەو بەس، لەمێشکەوە گەشت بکەن بۆ دڵ، کەمتر بیر بکەنەوە، بەڵام زیاتر هەست بکەن.

(مێدی تەیشن) (چاودێریکردن) وەرگێڕدراوی وشەی (دیانا)[17]یە لە زمانی سانسکریتدا بەڵام لە بردانانێکی ڕاست و دروست نیە، چونکە (دیانا) بەواتای ئامادەبوون و بەئاگابونێکی ڕەهایە بێ بونی هیچ جۆرە بابەتێك،لە کاتێکدا (مێدی تەیشن) واتە بیرکۆیی و تەرکیز کردن لە سەر بابەتێکی تایبەت، لە حاڵەتێکدا کە ئاوڕە لە بابەتێکی تایبەت بدەنەوە یا بە دەستەواژەیەکی تر (مێدی تیت) بن، بەهەر حاڵ بە جۆرێك لە تێڕاندان، (دیانا) بارودۆخێکە، کە تێدا هیچ جۆرە هزرێك نیەو لە ڕاستیدا جۆرێك (بێ مێشکی) یە، ووشەی ژاپۆنی (زن)[18]

---

dhyana [17]
zen [18]



Scanned by CamScanner

یش هەمان ووشەی (دیانا) یەکە شێوە کۆرکێی کـردوە و هـەر ئەم وشەی (دیانایە) کە لە زمانی چینیدا گۆڕاوە بۆ (چوان)[١٩].

(مێشك) بەبێ (هزر) وەك ئاوێنەیەك وایە کە هـیچ شـتێك تێیـدا دەرناکەوێت، چاوگێڕی (چاودێری) ڕاستەقینە دۆخێکی ئاواهییە ئەم دۆخە سۆزو بەرەکەتێکی خوداییە، مـرۆڤ دەبـێ چـاوگێڕی بکات و لە بێدەنگیدا چاوەڕوانی هاتنی ئەم جۆرە دۆخە بێت تـا خواوەند خەڵاتی بکات.

شوێنکەوتوانی ڕێبازی (زن) ساڵەهای ساڵ لە بێـدەنگی و ئۆقرەگریدا چاودێریدەکەن و هێدی هێدی مێشکیان لە بزاوت و چالاکی دەوەستێت و ئەو هزرانەی کە تێیدایە لەناو دەچن.

لە ئاکامدا ڕۆژێك لە پاش دەساڵ، بیست ساڵ، سی سـاڵ کەسێك بە ڕاستی نازانێت، مێشك بە تەواوەتی لـەناو دەچـێت، لەم دۆخەدا چیتر هیچ جۆرە قەرەباڵغی و ژاوەژاوێکی هـزری و وجودی نابێت و تەنها بێدەنگی و هێمنی باڵا دەست دەبێت، ئەو دەمەی کە مێشك نەبێت ئیتر (من) یکیش نابێت، لەبەر ئەوە کە مێشکی ئێوە هەمان (منێتی) ئێوەیە، لەناو چوون و دیـار نـەمانی مێـشك یەکـسانە بـە لـەناو چـوونی نـەفس و منێتـی ئێـوە لـە ڕۆژهەڵاتدا ئاوڕێکی زۆر لەم خاڵە دراوە کە چۆن دەکرێ منێتی فرێبدرێت و ڕزگار ببین لێی، لە ڕاستیدا چاودێری ڕاسـتەقینەش

---

[١٩] chuan



Scanned by CamScanner

هەر ئەم خستنی نەفسەیە، چاودێری ڕاستەقینە (هیچ کەس) یەک بوون و هیچ بوونە.

هەموو ئێمە لە تیشك و ڕوناکی دروستکراوین و لە ڕوناکی لە دایکبوین، ماوەیەك کە ئێمە لێی دروستکراوین هیچ نیە جگە لە تیشك و پرشنگ مەخابن تەنها ژمارەیەکی زۆر کەم بەمە دەزانن، کاتێ هۆشیاری و بەئاگابوون لە ناخی مرۆڤدا گەشە بکات و بەرەو بالاّ بڕوات ئەو زۆر سەر سام دەبێت، چونکە ناوەکی ترین ناوکی ناخی ئەو لە هەزاران خۆرو ڕوناکتر و پرشنگدارترە، ئەم ڕوناکییە گەورەترین تیشکێکە کە لە بونەوەردا هەیە، خاڵی زۆر دانسقەتر لەوە دایە کە تەنانەت گەورەترین خۆرەکانیش ڕۆژێك هەروا سارد دەبنەوە و دەکوژێنەوە، لە کاتێکدا کە تیشکی ناخی مرۆڤ لە بن نەهاتوو نەکوژاوەیە لە ڕاستیدا ئەم تیشکە هەتا هەتاییە، واتە دەسپێك و کۆتایی نیە، بەئاگابوون لەم خاڵانە یەکسانە بە مانەوە بە بێ چارەیی و ژێر دەستی لە کاتێکدا ئاگادار بوون لە مانە واتە سۆزو ئاوڕدانەوەی خواوەند. بگەڕێن بە شوێن ئەم تیشکەدا، لەناخی ئێوەدایە، هەمومان لە تیشك بووین.خواوەند بەواتای ئەو شتەیە کە هەیە. واتایەکی زۆر جوان و ڕازاوەیە تاکە ڕێگەیەکیش بۆ دەرك و گەشتن پێی (ئەیندارى) یە. تا ئەو شوێنەی کە دەتوانن بونەوەرتان خۆش بوێت، مۆڵەت بەم ئەوینە



Scanned by CamScanner

بدەن تا بە هەموو ناخییەوە بە بێ بوونی هەر جۆرە مەرجێکەو هەموو ئەم شتانە لە خۆی بگرێت، کە بونیان هەیە بەم شێوەیە دەتوانن کە خواوەند هەستپێبکەن، خودا لە هەموو بونەوەردا بە شێوەی هاو ئاهەنگی و ڕێکو پێکی و شادومانی دەرکەوتووە.

هەموو پەرستگەرێك دەبێت وەکو پەرەستگایەکی لێ بێت و خواوەند ببێتە میوانی، تەنها هەنگاوێك بەسە کە ئێوە بەرەو خواوەند بێ هاوتا و خواوەند هەزاران هەنگاو بەرەو ئێوە دەنێت و دێت، مۆڵەت بدەن با (ئەوین) زیکری ئێوە بێت، نەك هەردەم دووبارەی بکەنەوە (ئەوین، ئەوین، ئەوین) بەڵکو لە ئەویندا بژیت بە هەلومەرجێکی باش یان خراپ، براوە یان دۆڕاو، بە جۆرێکی هاورێژەو یەکسان لە خۆشەویستیدا بژین، لە هیچ کات و ساتێکدا خۆشەویستی لە بیر نەکەن، ئەمەیە تاکە کارێك کە دەبێ پێی هەستن، ڕێبازی ڕاستەقینە جگە لەمە هیچی تر نیە.

تەنها نهێنییەك کە زانینی لە ژیاندا بایەخدارە، نهێنی هاو ئاهەنگی و هاودەنگییە لەگەڵ خۆتان و خەڵکانی دیکە و هەموو بونەوەر لە دۆخی ئاسایدا. مرۆڤ هەردەم لە دۆخی پیاکێشاندایە لەگەڵ خۆیی و خەڵکی و بونەوەردایە، لە ڕاستیدا ژیانی ئەوان لەم پێداکێشان بەم سێ بەرەیەدا پێکهاتووە، ئاکامی ئەم پێداکێشانەش تەنها خولقانی ژێر دەستەیی و بێ چارەیی و



Scanned by CamScanner

گیروگرفتی زیاترە، لە بنەڕەتدا پێداکێشان و ناهاوئاهەنگی یەکسانە بە گیروگرفت و بێ چارەیی. هاو ئاهەنگی بە واتای شادومانییە، ئەگەر مرۆڤ لە بری دژایەتی و تەیارکردنی بونەوەر بڕوای پێبکات و خۆشی بوێت هاو ئاهەنگی و هاودەنگی خۆی لە خۆیەوە دەخولقێت.

تەیارکردن لەگەڵ بونەوەردا دەبێتە هۆی گورگرتنەوەی نەفس و بڕوا بوون و سیقە کردن بە بونەوەر دەبێتەهۆی لەناو چوونی و توانەوەی نەفس، مرۆڤ سەرەتا دەبێ لە خۆیەوە دەستپێبکات، یەکەمین هەنگاو دەبێ خۆ ڕزگار کردنیێت لە دژایەتیەکان و تەیارییەکانی ناخی خودی مرۆڤ، خەڵکانێکی زۆر بە بەردەوامی لە شەڕو پێکداداندا بەسەر دەبەن لەناخی خۆیاندا وە ئەم پێکداهەڵگژانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە وزەیەکی زۆر لە کیس بچێت، لەم پێکدانانە دەرونیانەدا هیچ کات کەس سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، چونکە لایەنە بەرامبەرەکان مرۆڤ (خۆیەتی). کت و مت وەك ئەوە وایە کە دوو دەستی مرۆڤ خۆی بە یەکدا هەڵگژێن، لەم حاڵەدا تەنها وزە و ژیانی ئێوە بەفیڕۆ دەچێت و هیچ سودێك لەم پێکدانانەدا نیە، لەبری ئەم پێکهەڵگژانەدا هەردوو دەستی ئێوە دەتوانن هاو ئاهەنگ و یەکگرتن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارانێکی گەورە، لاشە، مێشك و ڕۆحی مرۆڤ ئەگەر بێتو یەیکبگرن و لەگەڵ یەکتردا هاو ئاهەنگبن دەتوانن موعجیزەی گەورە بخولقێنن.

کاتێ کە ئێوە لەدۆخی هاو ئاهەنگی لەگەڵ خۆتاندا دەژین، هاوهەنگی کردن لەگەڵ خەڵکیدا زۆر ئاسان دەبێت، چونکە خەڵکی هیچ نین جگە لە ڕەنگدانەوەی خودی ئێوە، کاتێك کە ئێوە لە دۆخی هاو ئاهەنگی لەگەڵ خەڵکیدا بژین، هاو ئاهەنگ بوون لەگەڵ بونەوەردا زۆر ئاسانە، ئەم هاو ئاهەنگییە ئەوەندە لەسەر خۆیەو بە ئاسانی ڕوودەدات کە بەوە نازانن کە چ کاتێك ڕوویداوە، لەم هاو ئاهەنگییەدایە کە مرۆڤ لەگەڵ سورشت و بونەوەردا یەکدەگرێت، ئەم هاوئاهەنگییە سێ قۆڵییەی کە دەبێتە هۆی هەستپێکردن و ئاگاداری مرۆڤ لە بوونی خواوەند... وە دیاردەیەکی پیرۆزە.

ئۆقرەگری بە تەنهایی بەس نیە ئەگەر سەر ڕێژ نەبێت لە شادومانی و کامەرانی، هێمنی باشە بەڵام بەس نیە، ئۆقرە گرتن یەکێکە لە هەلومەرجە پێویستەکان بۆ کامەران بوونی مرۆڤ مرۆڤ لە پێش ئەوەی کە شادومانی و کامەرانی ڕاستەقینە هەستپێبکات پێویستە لە هێمنی و ئۆقرەگریدا بژی.

ئۆقرە گرتنی ڕاستەقینەی ئەوەندە بە سامان و ڕازاوەیە کە لەوانەیە ئەم هەستە لای مرۆڤ، دروستبکات کە (ئەمە کۆتایی کارەو من گەشتمە ئامانج و مەبەست) هێمنی دەتوانێت ئەم هەستە بە مرۆڤ بدات کە واهەستبکات کە کار گەشتوەتە ئەنجام، وە ئەمە مەترسیدارە، چونکی تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ تامی



Scanned by CamScanner

شادومانی و کامەرانی نەچەشتووە، لە ڕاستیدا هیچی بەدەستنەخستووە، تەنها لە هێمنی ژیاندا دیاردەیەکی ناحەزە (سەلبی)یە، لە ڕاستیدا جۆرێکە لە بۆشایی کە خاڵییە لەهەر جۆرە ژیانێك، ئەگەر بێتو لەم بۆشاییەدا باڵندەکان دەستنەکەن بە جریوە جریو یان گوڵە جوانەکان نەپشکوێن و مۆسیقایەك نەبێت، ئەگەر ئۆقرەگری نەگۆڕێت بۆ جەژن و شادومانی، ئەم بۆشاییە بەشێکی لە هەموو مرۆڤ نابێت لەم قۆناغەدا بوەستێت، زۆرێك لە ڕاهیبەکانی دینە جۆراو جۆرەکان ساڵەهایە کە لەم قۆناغەدا واتە، هێمنی بەتەنها ماونەتەوە، ئەوا پێیان وایە کە ئەمە مەبەستی کۆتاییە، لە کاتێکدا ئەمە تەنها قۆناغێکە بۆ ئەوەی کە تا ماوەیەك پشووی تێدا بدرێت و لە پاشان دیسان هەناگو بنرێت تا دەگاتە قۆناغی شادومانی و کامەرانی دەرونی کاتێ کە بێدەنگی ئێوە دەستدەکات بەوتنی سترانێکی جوان، ئەوە گەشتونەتە ئامانج. بەم شێوەیە بۆشاییەکەتان چیتر بە خاڵی نامێنێتەوە بەڵکو پڕو دەوڵەمەند دەبێت، بەم شێوەیە ئەم بۆشایی خاڵی و لە هەمان کاتدا پڕ دەبێت، خاڵییە لەهەموو ئەو شتانەی کە بێ مەعنان و پڕو سەر ڕێژە لەهەموو ئەوشتانەی کە گرنگ و بە بایەخن.

گەورەترین کارێك کە مرۆڤ دەتوانێت لە ژیانی خۆیدا بۆی هەڵبسێت، خستن و فڕێدانی نەفسە هیچ فەرمانێك لە ژیاندا بە بایەختر و گرنگتر لە هەمان کاتدا ئەستەمتر لەمە نیە،

فڕێدانی نەفس (تەفریەن) ناکرێت و مومکین نیە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆ هەندێ کەس ڕوویداوە و بۆی هەیە کە بۆ ئەمەش ئەم ڕووداوە ڕووبدات.

خۆشەویستی یا بە تەواوی هەیە یان هەر نیە، خۆشەویستی بەش ناکرێت بەسەر پارچەی جۆراو جۆردا، مرۆڤ ناتوانێت تەنها هەست بە بڕگەو بەشێکی بکات، خۆشەویستی دابەشناکرێت، کەواتە کاتێك کە ڕوویدا بە تەواوەتی ڕوودەدات، جۆرەکانی تری ئەوین پاکیان هەمووی فێڵ و تەڵەکە بازین، ئەوانە تەنها کایەن کە ئێوە سەرقاڵدەکەن.

هەموو شتێك لەم دونیایەدا دیاردەی سەرابەو[٢٠] بەس، ژیانیش بە بێ سەراب زۆر ئاستەم و دژوارە، لەبەر ئەوەی ئەو شتەی کە مرۆڤ لەبەر ئەوە دەژی نەدەبوو، بەم هۆیەوە کە ئێمە لە هەمو ساتێکدا ئەوەتاین لە دروستکردنی ئەم سەرابانەداو وا دەزانین کە ڕاستەقینەن، کاتێ هەر یەکێك لەم سەرابانە لەناو دەچن خێرا لە جێگەی ئەودا یان دەسەرابی تازەتر دروستدەکەین.

خۆشەویستی سەراب نیە بەڵکو ئەزمونێکە لە ڕاستی ئەوین. لە بنەڕەتدا لە پانتایی مێشکدا نیە، مرۆڤ عاشق نابێت بەڵکو دەبێت بە خودی عەشق، بەم شێوەیە خۆشەویستی تەواو دەبێت و ئەم کەماڵ و تەواو کارییە خاوەن جوانی و دەسرۆیییەکی لەبن نەهاتووە.

---

20 ئەو لیلایی و تارماییە یەکە لەسەحرادا هەیە.



Scanned by CamScanner

## بەشی پێنجەم:

## هەڵبژاردەیەك لە: كیمیای بآ خموش

پارە لەگەڵ خۆی هەژموونی دەسەڕۆیی دەهێنێت، دەكرێ بە پارە هەموو شتێك بسێنرێت جگە ئەو شتانە كە هەر لە كرین نایەن، بەڵام مەخابن كە زۆربەی خەڵكی هەر ئاوڕ لـەم شتانە نادەنەوە، نـاكرێ چـاودێریكردن بـە پـارە بكرێدرێـت، هـەروەها ئەوین، خۆشویستنی و هاوڕێتی و سوپاس بژێری بەڵام هیچ كەس ئاوڕ لەم شتانە ناداتەوە.

بەهەموو وجودەوە بژین، بەجۆرێكی كە هەموو ساتێك لـە ساتەكانی ژیانیان ببێتە ساتانێكی زێڕین و هەموو ژیانتان زنجیرەیەك بێ لەم ساتە زێڕینانە، كەسێك كە بـەم جـۆرە دەژی، هـەرگیز نامرێت چونكە ناخی وجودی بوە بـە مادەیـەك كـە بـەری هـەر شتێك بكەوێت دەیكات بە زێڕ.

هیچ كەسێك ئاوڕێ لـە تاكە تاكەی خەڵكی نەداتەوەو ئەم مەسەلەیە هۆی بنەڕەتی پاكی گیروگرفتەكانە، وا دێتە پێش چـاو كە كۆمەڵگا زۆر گەورە بەو هەموو تاكێك بەشێكی بـچوكێتی، بۆیە خەڵكی وا بیر دەكەنەوە كـە دەتـوانن كۆمـەڵگا بگـۆڕن و پاشان تاكـەكانی ئـەو كۆمەڵگایـە لەخۆیانـەوە دەگـۆڕین. ئـەم بیرۆكەو ڕێگە چارەیە هەڵەیە چونكە كۆمەڵگا تـەنها وشـەیەكی



Scanned by CamScanner

وشك و بێگانەیە، تەنها مرۆڤەکان بونیـان هەیـەو ئەگـەر ئـەوان نەگۆڕێن، وەرچەرخانێك لـە کۆمەڵگادا ناخولڵقێت.

مـرۆڤ بەمـەرتاڵ و خـشڵێکی پـڕ نـرخ و گرانبـەهاو لـە دایکبووە بەڵام لـە هەمان کاتیشدا خۆڕەوشتانێکی ئاژەڵ ئاسا لە ناخیدا دانـراوە، ئـەرکی سـەر شـانی ئێمـە ئەوەیـە کـە بەهـەر شێوەیەك ئەم خوڕەوشتە ئاژەڵ ئاسایانە لـەناو ببـەین تـا بۆشـایی پێویست بڕەخسێنین بۆ ئەم خشڵە پڕ بایەخە هەتا بگاتە ئاسـت و سارای بە ئاگابوون و هۆشـیاریمان و بتـوانین لەگـەڵ خەڵکیـدا دابەشی بکەین.

یەکێك لـە تایبەتمەندییەکانی ئەم زێڕو خـشڵە ئەوەیـە کـە هەتا خەڵکی لێبەشداربکەین زیاتر دەبێت.

کێـشەکان دەبنـە مایـەی ناڕەحـەتکردنمان و تـەنگمان پێهەڵدەچنن، تەنها لەبـەر ئەوەیـە کـە تـا ئێـستا ئاوڕمـان لێـی نەداونەتـــەوە تـــا بـــزانین کـــە ئەوانـــە چـــین.

بەم ژیانە کورتەو سەرچاوەی وزە سنوردارە، زۆر گێلانەیە کـە بە توڕەیی و نەفرەت و چاوچنۆکی هەموو شتێك وێران بکـەین، ئەم سەرچاوەی وزەیانەو ئەم دەمـە کورتـە لـە خۆشەویـستی و دۆستی و چاودێریکردندا بەسەر بەرن، ئـەم وزەیـە بـە جۆرێـك بەکاربەن کە ببێتە هۆی تەواو کاری ئێوەو هەتا تەواوتر بن ئـەو سەرچاوەی وزەی زیاتر بەدەستدەخەن.



Scanned by CamScanner

بەراورد کردن بە شێوەیەکی گشتی هەڵەیە، هەموو کەسێك بە تەواوەتی تایبەت بە خۆیەوە هیچ کەسێکی دیکە لەناو ناچێت، ئەگەر تاکەکان لە یەکبونایە ئەوا بەراورد کردنیان کارێکی ڕاست بوو بەڵام هیچ وەختێك وا نیە، تەنانەت دوانەکانیش بە تەواوەتی لەیەکتر ناچن، واتە زۆر تەریکە (دورە) بتوانن کەسێك بدۆزنەوە کە بە تەواوەتی لە ئێوە بچێت.

یەکێك لە بنەڕەتی ترین مەسەلەکانی ژیان ئەوەیە کە نابێت ژیان دابەشبکەین بۆ دووبەشی چاك و خراپ یان جوان و ناشرین، چونکە ئەم دژایەتیانە هاوڕێیە لەگەڵ یەك هەمو ژیان پێکدەهێنن، بۆ گەشتن بەم ئامانجە تەنها هەندێك گاڵتەو گەپ پێویستە وە بە بۆچوونی من ئەم گاڵتەو گەپە بۆ کەسێك کە بیەوێت ڕوانینێکی گشتگیرو هەمەلایەنەی هەبێت بۆ ژیان پێویستە، مەسەلە بچووك و کەسەر هێنەکان عەیبیان چیە؟

دەکرێ پێیان پێ بکەنین و چێژیان لێ وەربگرین، بەڵام ئێمە هەردەم لەناو بژیوانیکردا بین و ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە جدی بین.

گوڵەکان ڕازاوەن، ئەی دڕکەکان؟ دڕکەکانیش بەشێکن لە بوونی گوڵ. بە بێ بوونی دڕك ناتوانێ بژی و لە ڕاستیدا دڕکەکان ڕۆڵی پارێزگاری گوڵەکان دەبینێت، دەی خاوەن مەبەست و ئەرکن، بەڵام ئێوە کەڵێن و جیاوازی دروستدەکەن لە نێوان دڕك و گوڵداو وا بیر دەکەنەوە گوڵ جوانەو دڕك

ناشرین، درەختێك کە گوڵێك و درِکێکی لەسەر سەوز دەبێت بە جۆرێکی هاورِێچژەو یەکسان شیلاوگ و خواردنیان بۆ دەرِوات، لەناخی درەختدا هیچ جۆرە پۆلێنکردنێك حوکمدانێك نیە درەخت هیچ وەختێك گوڵ بە زیاتر نازانێت لە درِك بەڵکو هەردوکیان بەیەکەوە لە خۆ دەگرێت، دەکرێ لە ژیانی ئێمەشدا سۆنگەو روانگەیەکی لەم چەشنە هەبێت شتانێکی بچوك هەیە. لە ژیانی ئێمەدا کە ئەگەر سەبارەت بەوانە حوکم بدەین ئەوان ناحەزو ناشرین دێنە پێش چاو، بەڵام ناشرینیەکەی ئەوان تەنها لەبەر حوکمدانەکەی ئێمەیە، ئەگینا ئەوانیش هەمان رِۆڵی تایبەت و دیاریکراوی خۆیان دەگێرِن لە ژیاندا.

ئەو فرمانەی کە (مێشك) پێ هەڵدەسێت ئەوەیە کە هەردەم ئەو تاڵی لە پۆلێن کردن و جیاکردنەوەدا بەڵام کارێك کە (دڵ) پێ هەڵدەستێت ئەوەیە کە ئاورِ لە یەکێتی و یەکبونەکان دەداتەوە، ئەو یەکێتیانەی کە مێشك ناتوانێ بیانسەپێنێت، مێشك پەی بەشتێك نابات کە بەدەر بێت لە ووشەکان، مێشك تەنها پەی بەو ووشەو کاروبارانە دەبات کە بە شێوەیەکی مەنتیقی و ژیرانە دێنە بەرچاو، مێشك هیچ پەیوەندی بە بونەوەرو ژیان و رِاستییەوە نیە و تەنها لە وەهم و بیرو هزرانێکی جۆراو جۆر پێکهاتووە.

ژیان بە بێ (مێشك) دەبێت بەڵام ژیانی بە بێ (دڵ) ناکرێت و نابێت وهەتا زیاتر مرۆڤ برِواتە بنج و بنەوان و قوڵایی ژیانەوە بەو ئەندازەیەکی زیاتر کەڵك لە دڵی وەردەگرێت.

کەس لە کەس زیاتر نیە و کەسیش لە کەس کەمتر نیە.

هەرگیز کەسێك لەگەڵ یەکێکی دیکەدا بەرامبەرو یەکسان نیە، هەر تاکێك تایبەت بەخۆیەتی هاورێیانی مرۆڤ لە سۆنگەی دەرونزانییەوە هەڵەیە، هەموو کەسێك ناتوانێت (ئالبرت ئەنیشتاین) یان (ڕابیندرانات تاگور) بێت. بەڵام ئەم خاڵەش ئەوە ناگەیەنێت کە رابیندرانان تاگور یان ئالبرت ئەنیشتاین بەرزترن لە ئێوە، هەر کەسێك دەرکەوتەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، کەواتە دەبێ بەرزتر بوون یان نزمتر بون، وە تەنانەت هاوشان بوون و یەکسان بونیش دەبێ بە شێوەیەکی گشتی لە بیر خۆمان بەرینەوە وە لە بری ئەوە دەبێ پەی بەوە ببەین کە هەموو تاکێك تەنهاو تەنها خۆیەتی وە کەسایەتی تایبەت بە خۆی هەیە.

تەنها ئەوەندە بەسەر کە ڕوانینتان بۆ هەموو کەس با ئەوین و خۆشویستن بێت ئەوسا پەی بەوە دەبەن کەهەموو تاکێك خاوەنی تایبەتمەندی یەکەیەو هیچ کەسی دی خاوەنی نیە.

تەنها بە ئەنجامدانی ئەو کارو فرمانانە هەستن کە پێتان خۆشە، ئەو کارانەی کە بۆ خۆتان و دەوروبەرکانیشتان شادومانی و خۆشحاڵی بهێنێت، ئەو فرمانانەی کە دەنگێکی پڕ لە خۆشی و شادی بدات بە ژیانی خۆتان و دەوروبەرەکانیشتان.

هەموومان بەشێکین لە یەکەیەکی گشتی، ئێش و ئازاری هەر کەسێك بدەن لە ڕاستیدا زیانتان بە خۆتان گەیاندوە، ئەم



Scanned by CamScanner

مەسەلەیە لە درێژخایەندا ئاشکرا دەبێت، پێ دەچێت کە ئێستا پەی بەم خاڵەیە نەبەن بەڵام ڕۆژێك هەر دێت کە دەرکی پێبکەن و بڵێن: (ئەی خودایە ئەم زامە خۆم خولقاندم وە ئێستاکەش هەرخۆم بەرگەی ئێش و ژانە کەی بگرم.) ئەمە لە کاتێکدا کە ئێوە کەسێکی ترتان ئازارداوەو وا بیرتان دەکردەوە کە مرۆڤەکان لە یەکتر جودان هیچ شتێك لە شتێکی دیکە دانەنراوە، پاکی بونەوەر یەکەیەکی تەواوە، تەنها بە پەی بردن بەم خاڵەیە کە بۆ هەمیشە واز لە توڕەیی و ئازاردان دەهێنن.

مرۆڤ کاتێك دەوڵەمەند و بە سامانەکە لەگەڵ بونەوەردا هاو ئاهەنگ و هاودەنگ بێت، کاتێ کە ئەو لەگەڵ بونەوەردا نەبێت خاڵی و بەتاڵە ئەو دەبێت ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە و چاوچنۆکیەو پەلە قاژە کردن و هەڵپەکردن ئەم بۆشاییە پڕ دەکەنەوە، بە پارە خانوو، کەرەستەی ناومالْ، تەنانەت بە هاوڕێیان و هاوەڵان یان هەر شتێکی دیکە، ژیان بەسەر بردن بەم بۆشاییەوە مەترسیدارە و کەسەر هێنەرو نەگونجاوە.

بۆ بەدیهێنانی ناخی ئێوە بە سامان و دەوڵەمەندە دوو ڕێگە هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لەگەڵ بونەوەردا هاودەنگ و هاو ئاهەنگبن... پاش هەستدەکەن کە پڕو بە سامانن، لێوان لێو لە جوانیەکان لە گوڵەکان لە ئەستێرەکان... ئەمەیە ڕەزامەندی تەواوەتی بەڵام ئەگەر بێتو بەم کارە هەڵنەستن، هەر بەو جۆرەی



Scanned by CamScanner

کە ملیۆنەها کەس لە خەلکی دونیا بەم جۆرەن، لەگەری ئەوە هەیەکە ناخی خۆتان بەهەر جۆرە زبڵ و شەخەڵێك پڕ بکەنەوە.

زۆر ساکارو سادەیە، چاوچنۆکی بەو واتای ناخی ئێوە بەدەست بۆشییەوە دەناڵێنێت و ئێوە دەتانەوێ بەهەر شتێك کە دەستاندەکەوێت پڕ بکەنەوە و گرنگ نییە، بۆتان کە بە چی پڕ بێتەوە، کاتێك کە پەی بەم خاڵە ببەن لە دەست چاوچنۆکی و تەماح ڕزگارتان دەبێت.

هەرکام لە ئێوە دەستەو پێڕێکن، بۆپەی بردن بەم بابەتە تەنها پێویستە هەندێ وردترو قوڵتر بڕوانین و هەست بەوە دەکەن کە کەسانێکی زۆر لەناخی ئێوەدا دەژین، کاتێ کە ئێوە توڕە دەبن کەسایەتییەکی تایبەت دەبێتە خاوەنتان وە بە شێوەیەك خۆی دەنوێنێت کە ئەم کەسایەتییە ئێوەن، کاتێك کە سۆزو خۆشویستن دەنوێنن هەر بەو شێوەیە کەسایەتییەکی دیکە دەبێتە خاوەنتان وە وا دەردەکەوێت کە ئەم کەسایەتییەش هەر ئێوەن، ئەم مەسەلەیە نەك تەنها خۆتان گێژ دەکات، بەڵکو هەموو ئەو کەسانەش گێژ دەکات کە لەگەڵ ئێوەدا هاتوچۆیان هەیە.

لەبەر ئەوەی کە نە ئێوەو نە خەڵکانی تریش ناتوانن پەی بەوە ببەن، هەموو تاکەکانی تریش بەم شێوەیە یەك دەستەو پێڕن.

کاتێ کە لەنێوان دووکەسدا پەیوەندییەك دەبەسترێ لە ڕاستیدا لە نێوان دوو کۆمەڵدا پەیوەندی دروستبووە، وە لەبەر



Scanned by CamScanner

ئەوەیە کە هەردەم لەگەڵ یەکتردا لە شەڕ و پێکدادانـدان، چونکە زۆر کەم ڕوودەدات کە کت و مت لەو کاتەدا کە کەسایەتی سۆزو نەخشی ئێوە دەبێتە خاوەنی ناختـان بۆ کەسی بەرامبەریشتان هەمان دۆخ بێتە کایەوە، بۆ نمونە کاتێ کە کەسایەتی سۆزو بەخشی ئێو دەبێتە خـاوەنی ناختـان لەوانەیە کەسی بەرامبەر خەمبار، تورە یان تەنانەت نیگەران و پەشێو حاڵ بێت و یان کاتێ کە ئەو بە بەزەیی و میهرەبانە لەوانەیە کە ئێوە وانەبن.

ئەم کەسایەتیانە هەردەم لە هەڵسوڕاندن لەناخی ئێوەداو ئەگەر هەندێك وردبینەوە پێیان دەزانن، بەڵام هەرگیز نایێت دەستوەردەنە ئەم هەڵسوڕاندنەوە چونکە دەستێوەردان دەبێتە هۆی پشێوی بێ سەرزو بەندی زیاتر، تەنها بەچاوکراوەییەوە بڕوانن بۆیان، کاتێ کە دەڕوانن بۆ ئەو کەسایەتیە جۆراو جۆرانەیە بە شێوەیەکی چاوکراوەو بێ لایەن پاش ماوەیەك لەوە دەگەن کە هیچ بینەرێکیش نیە، و خۆشی هیچکام لەم کەسایەتیانە نیە و ئەم کەسایەتیە جۆراو جۆرانە لە بەرامبەریدا دێن و دەچن.

ئەم بینەرە خۆی هیچکام لەم کەسایەتیانە نیە، لەبەر ئەوەی کە هیچ کەسایەتییەك ناتوانێت بڕوانێتە کەسایەتییەکی دیکە، ئەم مەسەلەیە زۆر شیاوی بایەخە کە کەسایەتییەك ناتوانێت بڕوانێت بۆ کەسایەتیەکی تر چونکە هیچکام لەم



Scanned by CamScanner

کەسایەتیانە ڕۆحیان نیەو بێ گیانن، ئەوان وەك جل و بەرگەكانی ئێوەن، ئێوە دەتوانن هەمیشە جل و بەرگەكانتان بگـۆڕن، بـەلاّم جل و بەرگـەكان بـەوە نـازانن كـە ئێـوە ئـەو جـل و بەرگانـە دەگۆڕن، ئێوە جلەكانتان نین كەواتە دەتوانن بییانگۆڕن.

هەر بەم شیوەیەش ئێوە هیچكام لـەم كەسـایەتیانە نـین وە هەر لەبەر ئەوەیە كـە بـەو هـەموو كەسـایەتیە جـۆراو جۆرانـە دەزانن كە ئەوەتان لـە ناختاندا، وە لێرەدا بابـەتێك زۆر ڕوون و ئاشـكرایە كەشـتێك هـەردەم دەڕوانێتـە ئـەم كایـەی گـۆڕانی كەسـتایەتیە هەمەڕەنگـەكانی نـاخی ئێـوە كـە ئـەویش خـودی خۆتانن.

دەی بەچاو كراوەیی و بە ئاگاوە بڕوانن بۆ ئـەم كەسـایەتیە جۆراو جۆرانە وە لـەبیرتان بێت كە بینەری ڕەسەنی ناخی ئێوەیە، ئەگەر بە بەردەوامی لـەتەماشاكردنی ئەم كەسایەتیانەدا بمێننـەوە، ئەوا ئەوان دەستدەكەن بەلـەناو چوون و دیار نەمان لـەبەر ئەوەی كە ئەوان چیتر ناتوانن بژین، ئەوان بۆ زیندوو مانـەوە پێویـستیان بە كەسـایەتی هەیـە، كاتێـك كـە ئێـوە تـوڕەن ئـەم كەسـایەتیە پێخۆشە. تەماشاكردنی لـە بیر خۆتان بەرنەوەو وا بزانن كـە بـە ڕاستی خۆتانن كە توڕە بوون، ئەگینا ئیتر ئەم كەسایەتیە بـونێكی زیندووی نابێت و لـەناو دەچێت. كەواتە هەروا بەچاو كراوەییو درێژە بەسەیركردنی ئەم كەسایەتییانە بدەن. هەموویان لـە بـەین

دەچن وە ئەو دەمەی کە هەموویان لەناوچوون، ناخی ڕاستەقینەی ئێوە کە شوێنکەوتووی مامۆستای ڕاستەقنەی ئێوەیە و دێتەوە بۆ ماڵی خۆی.

ئەو ساتە ئێوە ڕەوشتێکی تەواو ڕاستەقینەتان دەبێت وە هەر کارێك کە ئەنجامی بدەن لە کانگای دڵەوە دەبێت و هیچ وەختێك پاشگەز نابنەوە، لەو حاڵەتەدا هەردەم لە خۆشی و کامەرانیدا دەبن.

ئێوە جیهان بەو شێوەیە نابینن کە هەیە بەڵکو بەو جۆرە دەیبینن کە مێشکتان پێتان ڕادەگەیەنێت. خەڵکانێکی هەمەجۆر بە شێوەیەکی جۆراو جۆر ڕاهاتوون و مێشك بە هیچ فرمانێکی دیکە هەڵناسێت جگە لەم ڕاهاتنە، مرۆڤەکان لەگەڵ مەسەلە هەمەجۆرەکاندا دەقاو دەقی شێوە بەرمەرج بوون و ڕاهاتنەکەیان هەڵس و کەوت دەکەن، ئێوە وا بیر دەکەنەوە کە کەسێك لەسەر ترەوەیەو یەکێکی تر لە خوارتر.

ژنان دەستەڵاتی کەمتریان هەیەو پیاوان دەسرۆترن، کەسێك زیرەك ترەو کەسێکی تر لە هۆش و زیرەکی کەمترە، ئادەمیزاد ئەم دابەشکارییانە دەکات و ئەمانە هەموو چین چین لەسەر یەك مێشکی ئێمە پێکدەهێنن، ئەگەر ئێوە لە دەستتان نەیەت کە مێشکی خۆتان بەلاوە بنێن و ڕاستەوخۆ و بەچاوکراوەیی و بەئاگابونێکی بێ خەوشەوە بڕواننە بونەوەر،

ئەوا هەرگیز ناتوانن ڕاستی ببینن، لەم دونیایەدا گەورەترین ئازایەتی و بوێری ئەوەیە کەمێشک بەلاوە بنرێت، وە چاو نەترسترین کەس ئەو کەسەیە کە بتوانێت بە بێ بوونی کۆسپی مێشک بڕوانێتە ئەم جیهانە، هەر بەم شێوەیەی کە هەیە وە ئەمە زۆر ڕازاوەو هەڵاوێردە.

لە ڕاستیدا نەخۆشی ئێوەیە، بەلاوەنانی مێشك و ڕوانین بۆ ڕاستییەکان لە هێمنی و ئۆقرەگریدا بە بێ خێچ جۆرە هزرو بیرێك ڕێگەی ڕاستی ئاشنابوون و ناسینی ڕاستییە، بەم شێوە پەی بە ڕاستییەکی زۆر جیاواز دەبەن، پەی بردن بە ڕاستییەکان ئێو لە دەست زۆرێك لە شتە پڕو پوچ و خورافییەکان ڕزگاردەکات و دڵ خاوێن دەکاتەوە لە هەموو ئەو پیسی و چڵکانەی کە لیڵیان کردوە، ئاژاوەکان لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر دەگوازرێنەوە. ئێو دەبنە میراتگری ڕابردووی ئەم وەچانە بەو هەموو بیرو هەڵەو نادروستیەوە کە هەیانبوە.

من بە ئێوە دەڵێم کە هیچ شەڕێك یان هێزێکی شەڕ خواز لەم دونیایەدا نیە، تەنها مرۆڤانێکی تێدایە کە زۆر وریاو بە ئاگان لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا کە لە خەوێکی قوڵدان، ئەو کەسەی کە لە خەودایە هەژمون و دەستەڵاتی نیە، هەموو وزەی بونەوەر لە دەستی ئەو کەسانەدایەکە وریاو بەئاگان، مرۆڤێکی چاوکراوە دەتوانێت هەموو جیهان بە خەبەر بکاتەوە، هەر بەو شێوەیەی کە

مۆمێکی داگیرساو دەتوانێت هەزارەها مۆم دابگیرسێنێت بە بێ ئەوەی زەرەیەك لە ڕووناکی یەکەی کەم بێتەوە.

هاوەڵی دوو جۆرە، یەکێکیان ئەو هاوەڵێتییە یە کە تێدا ئێوە سواڵکەر و موحتاجن وە پێویستتان بەوە هەیە کە لەبەر تەنیایی یەکەتان یەکێك دەستگرۆیتان بکات، کەسی بەرامبەری لێوەش پێویستی بەوە هەیەو داوای هەمان شت لە ئێوە دەکات و بە جۆرێکی سروشتی دوو سواڵکەر ناتوانن یارمەتی یەکتر بدەن وە زۆری پێناچێت پەی بەوە دەبەن کە سواڵکردن لە سواڵکەرێك تەنها پێویست بە چەند کات دەکات، کەواتە هەردوکیان ماندو تورە دەبن و وا دەزانن فێڵیان لێکراوە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچکامیان فێڵیان لە یەکتر نەکردوە.

جۆرێکی تر لە هاوڕێیەتی چەندایەتی و چۆنایەتییەکی زۆر جیاوازە، ئەم جۆرە هاوڕێیەتییە لەبەر بوونی پێداویستی نیە بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئێوە هێندە بە سامان و دەوڵەمەندن دەتانەوێت لەگەڵ کەسێکی تردا ببنە شەریك وە بە هۆی ئەم بەشداریکردنەوە جۆرێکی نوێ لە شادومانی و خۆشحاڵی دێتە ناو ناخ و ژیانتانەوە کە پێشتر هیچ چینێك هەستتان پێنەکردبوو، لەبەر ئەوەی کە پێشتر هەردەم لە سواڵدا بوون، کاتێ کە ئێو بەشداری لە چۆنایەتییەکی وا دەکەن، ئیتر بە شوێن ئەوەوە نین کە ببنە پاشکۆی کەسێکی دیکە بەڵکو لەگەڵ بونەوەرو گۆڕانکارییەکانی ژیاندا دەکەونە گەڕو هەڵوسڕان، چونکە ئەوە



Scanned by CamScanner

ڕووبەڕووبوونەوە گرنگ نیە، کەوا لەم جۆنایەتیەدا کێ دەکەنە ڕووبەڕووی خۆتانە زۆر سادەو ساکارە، ئێو لێوان لێو بە سامانن بەتەواوەتی ئەگەر کەسێکی تردا بنە شەریك وە هەر کەسێك لە پێکەوە بژین پێکەوە ئەوا بەشداریدەکەم وە ئەم پشکداری خۆی دەبێتە هۆی خۆشحاڵی شادومانی ئێوە.

چاودێریکردن تاکە ڕێگە چارەسەرکردنی پاکی گرێوگرفتەکانی مرۆڤە. لەوانەیە خەمۆکی، خەم و پەژارە، ترس، یان هەر شتێکی کردبێت، لەوانەیە کێشەکان زۆر بن بەڵام تەنها یەك شتە ئەویش چاودێریکردنە.

لە ساتێکی دیاریکراودا ئێوە وریاترن و لە کاتانێکی تیکتدا کەمتر هۆشیارن.

کەواتە ئەگەری هەل و دەرفەتانێك هەیە کە بۆ خۆتانی بڕەخسێنن. ئاچارکراوەترو وریاتر بن.

بەئاگابوون بەتەواو بنەڕەتی چاودێرییە وە کاتێك بوون لە کاتی ئێستاو بەئاگابوونی مرۆڤ زیاتر بێت، بیرۆکە شێوێنەرەکانی پێشتر لە بەین دەچن. زەمانێك دێتە پێش کە دەتوانن لە دڵبڕی و بەئاگابوونی تەواودا بینە سەر وە لەم حاڵەتەدا هیچ دەبێت نییت و لە بڕ کات دەوەستێت.

گەڕاوی ڕاستەقینە. لەناخی ئێوەدایە، لەم کاتەدا دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناخی خۆتان و هەستی پێبکەن، هەموو ئەم شتەی کە ڕێت گەشتێکە بۆ ناخی خۆتان لە دۆخی گیرسانەوەو



Scanned by CamScanner

بێدەنگیدا، من ئەم گەشتە بە (چاودێری) پێناسە دەکەم، (گەشتێك بۆ ناختان لە بێدەنگیدا وە لەم ساتەدا کە ناوکی ڕەسەنی ناخی خۆتان بدۆزنەوە، لە ڕاستیدا ناوکی ڕەسەنی هەموو بونەوەرتان دۆزیوەتەوە).

ڕوانین واتە دۆزینەوەی ئەو ئاوێنەیەی کە لە دەرونی ئێوەدایە وە کاتێ کە ئەم ئاوێنەیەتان دۆزییەوە موعجیزەکان دەستدەکەن بە ڕوودان، ئەو دەمەی کە هزرەکانی خۆتان دەبینن ئەو هزرانە دسەتدەکەن بەلەناو چوون پاشان لە پڕێکدا لەگەڵ هێمنی و بێدەنگییەکی بێ وێنەدا ڕووبەڕوو دەبنەوە کە تا ئەو کاتە بە هەمو شێوەیەك لە بوونی غافڵ و بێ ئاگابوون، کاتێ کە دۆخە جۆراو جۆرەکانی خۆتان وەك: توڕەیی و ناخۆشی و پەژارەو تەنانەت شادومانی بە ئاگایانە دەبینن، ئەوانیش لەناو دەچن، و ئەزمونێکی پایە بەرزترتان لەو ئۆقرەو بێدەنگییە دەبێت، وە کاتێك کە چیتر شتێك نەبێت بۆ تێڕوانین ئەوا وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوودەدات، لەو کاتەدا وزەی ڕوانین بەرەو خۆی دەگەڕێتەوە چونکە هیچ بەربەستێك نییە کە بەری ئەو وزەیە بگرێت، وە کاتێك کە هیچ بەربەستێك لە بەرامبەر ڕوانینی ئێوەدا نەبێت ئێوە پرشنگدارو ڕووناك بوون و گەشتونەتە قۆناغی کامڵ بوون.



Scanned by CamScanner